نووسینی: پرۆفیسۆر دەنباو ئیدۆن

## ڕێبەرێکی خێراو ئاسان بۆ

# مێژووی جیهان

بەرگی یەکەم:-

## مێژووی کۆن

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: جێگر سەلام

چاپی یەکەم

ناوی پەرتووک: ڕێبەرێکی خێراو ئاسان بۆ مێژووی جیهان
نووسینی: پرۆفیسۆر (ئیدۆن دەنباو)
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: جێگر سەلام
تایپ و بەرگ: ئیکرام عەبدوڵڵا
پێداچوونەوەی زمانەوانی: م. شادان حەمە ئەمین
ژمارەی سپاردن:لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارەی سپاردنی (٢٦٦٩)
ساڵی ٢٠٠٩ ی پێدراوە
تیراژ:١٠٠٠ دانە
چاپخانە: چوارچرا

ئەم وەرگێڕانە پێشکەشە بە :-

★ ڕۆحی باوکم ، کە لە دوای خۆی جگە لە سەربەرزی هیچی تری بۆ جێنەهێشتم.

★ خوێنەران ، بەتایبەتی فێراخوازانی بەشی مێژوو.

## پێش دەسپێك...

سوپاس بۆ خوای گەورە و میهرەبان کە پاش دوو دڵییەکی زۆر و ترسان لە شاندانە ژێر بەرپرسیارییەکی ئاوا، یارمەتی دام کە سەرەڕای هەموو شتێك توانیم دەست لە دەست و هێز لە خوا، ئەم وەرگێڕانە تەواو بکەم.

زۆر لەوە دڵنیام کە هیچ وەرگێڕانێك لە کەموکورتی بەدەر نییە و ئەوەش تایبەتمەندی وەرگێڕانە کە هەرگیز ناتوانرێت لە سەدا سەد ئامانج بپێکرێت. وەك وتەیەك هەیە دەڵێت: ((وەرگێڕان وێنەکێشانێکی تێکستە بنچینەییەکەیە))، منیش هیوادارم وێنەیەکی باشم کێشابێ و هەر هیچ نەبێ ، ئەوەی منیش لە وێنە بچێت.

خوێنەری بەڕێز ئەم وەرگێڕانەی لە بەردەستتدایە هەوڵدانێکە بۆ ئاشناکردنی خوێنەری کوردی زمان شیرین بە مێژووی ئەو سەر زەوییەی کە لەسەری دەژین. ئەم بەشەی کتێبەکە واتا: **(بەرگی یەکەم)** گەشتێکی خێرایە بەناو مێژووی کۆنی شارستانیەتەکاندا. لە ڕێگەی ئەم بەرگەوە خوێنەری بەڕێز ئەتوانێت لەوە تێبگات، بۆچی لە خۆرهەڵات عارفەکان هەڵکەوتوون و لە خۆرئاواش فەیلەسوفەکان ؟. هەروەها بەهۆی جەنجاڵی و کەمی کاتەوە، لەم سەردەمی ئینتەرنێت و کۆمپیوتەر و ڕاگەیاندنی جۆراوجۆرەدا، ڕەنگە خوێنەر نەی پەرژێتە سەر کۆکردنەوەی کۆمەڵێکی زۆر کتێبی مێژوویی و ئەدەبی و بیانخوێنێتەوە، بۆ ئەوەی لەو مێژووە دوور و درێژەی مرۆڤایەتی تێبگات، بەڵام پێموابوو، بەبوونی کتێبێکی وا... خوێنەر دەتوانێت بە ماوەیەکی کەم ئاشنایەتییەکی سەرپێی، بەڵام چڕوپڕ، لەگەڵ ئەو ڕابردووەدا پەیدا بکات و کاتێکی زۆریشی بۆ بمێنێتەوە.

نووسەری ئەم وەرگێڕدراوە، پرۆفیسۆر (دەنباو ئیدۆن)، پرۆفیسۆرێکی ئەمریکیە و لە چەندین زانکۆی ئەمریکی و جیهاندا وانەی وتووە. ناوبراو ژمارەیەکی زۆر کتێبی مێژوویی زۆر گرنگی نووسیوە. ئەم وەرگێڕانەی بەندەش یەکێکە لە کتێبە زۆر گرنگەکانی. دەمەوێ ئەوە بە خوێنەری بەڕێز ڕابگەیەنم کە ئەم کتێبە لە ساڵی (١٩٦٣) دا چاپی یەکەمی بڵاوکراوەتەوە، ڕەنگە بەهۆی پەرەسەندنی تەکنەلۆژیای سەردەمەوە هەندێ گۆڕانکاری ڕووکەش بەسەر هەندێ لە ڕاکانیدا هاتبێ، بەڵام لەگەڵ ئەوشدا هیچ لە گرنگی کتێبەکە کەم ناکاتەوە. هەروەها تاوەکو ئەو شوێنەی بەندە دەستی پێڕاگەیشتووە

هەوڵمداوە لە ڕێی ڕوونکردنەوە و ئاماژەدانەوە بەسەرچاوەکانیتر، تۆزێك لە ئەرکی سەرشانی خوێنەری ئازیز کەم بکەمەوە.

ماوەتەوە بڵێم: هیوادارم خشتێکی قوڕینم لە ماڵۆچکەی وەرگێڕانی کوردیدا دانابێت. لە سەرووی هەموو کەموکوورتییەکەوە، خوێنەری بەڕێز ئەتوانن بمانبەخشن و بەسەرنج و تێبینییە بە پێزەکانیان ئەم نۆماڵە وەرگێڕە هانبدەن و بەرەو ڕێگای ڕاست ڕێنموونی بکەن. لە کۆتاییدا هەرچەندە کە زۆر کەس شایەنی ئەوەن سوپاس بکرێن و دەستخۆشییان لێبکرێت، بەڵام دەمەوێ لەم دەرفەتە کەمەدا زۆر سوپاسی دکتۆری خۆشەویست (د. کەیوان ئازاد) بکەم کە هەستا بە پیاچوونەوەی مێژوویی، وە هەروەها دەمەوێ سوپاسی (م. شادان حەمە ئەمین) بکەم کە لە ڕووی زمانەوانییەوە پێدا چوونەوەی بۆ کردم و سوپاسی هەردوو هاوڕێی خۆشەویستم (م. ئازاد نوری) و (م. ئەرکان عبداللە) دەکەم کە هاندەری هەمیشەییم بوون.

جێگر سەلام

٢٠٠٩/١٠/٢٢

کەلار

Jegr_english@yahoo.com

بەرگـــــــــی یەکــــــــەم

# جیـــــهانی کـــــــۆن

## بە نـــــــــدی یەکـــــەم:

### ٭ مرۆڤی پێش مێژوو Prehistoric Man

مێژوو چیرۆکی مرۆڤە، باوباپیرانمان تاوەکو نزیکەی (٥٠٠٠) ساڵێك پێش ئێستا، دەستیان بەنووسینی تۆمارەکانیان نەکردبوو، بۆیە تەنها بەشێکی بچووك لەو چیرۆکەی پێش تۆمارەکانیان دەزانین. لە کاتێکدا ڕەنگە مرۆڤ (٣٠٠) سێ سەد جار زیاتر لە ژمارەی ئەو ساڵانە ژیابن، کە نووسینی تێدا داهێنراوە. لەبەر ئەم هۆیەش ئەو ماوەیەی پێش مێژووی نووسراو، وەکو وێنەیەکی زۆر زەبلاح وایە، کە ئێمە تەنیا پارچەیەکی بچووکیمان دەست کەوتبێ.

زاناکان تەمەنی زەوی بە نزیکەی (٢.٠٠٠.٠٠٠.٠٠٠) دوو هەزار ملیۆن ساڵ زیاتر دەخەملێنن، بەڵام پێیان وایە ڕەنگە بەلایەنی کەمەوە بۆ ماوەی نیوەی ئەو ژمارەیە ژیانی لەسەر نەبووبێ. یەکەمین زیندەوەر ، نزیکەی (١٠٠٠.٠٠٠.٠٠٠) هەزار ملیۆن ساڵ پێش ئێستە لە سەر زەویدا دەستی بە جووڵە کرد، بەڵام چەندین ملیۆن ساڵ تێپەڕی بێئەوەی بوونەوەرێکی مرۆڤ ئاسای تێدا بژی. بەم دوواییانە بە بەردبوویەك لە ئەفریقیا دۆزرایەوە، پیشانی ئەدات کە ڕەنگە مرۆڤ نزیکەی زیاتر لە (١.٧٥٠.٠٠٠) یەك ملیۆن و حەوت سەدو پەنجا هەزار ساڵ پێش ئێستا لە سەر زەوی ژیابێت. کۆنترین مرۆڤی جۆری خۆمان کە دۆزرابێتەوە و بەتەواوی دەستنیشان کرابێت، مرۆڤی (جاڤە – جاوە) (Java)

و (پـێکین) (Peking)[1] ی خزمیـەتی. ئەمانــە مرۆڤێکـی گــەڕۆك بــوون و نزیکـەی (٥٠٠.٠٠٠) پێنـج سەد هەزار ساڵ پێش ئێستە ژیاون. (جاوە) دەعبایەکی ناحەز بووە پێـی لە شوێنی دەخشاو چەناگەشی بچووك بو. توانای عەقڵیان تـەنها دوو لەسـەر سـێی توانـای مرۆڤی هاوچەخ بـووە، ئەمـەش وا دەکات کـە بتـوانین بـە دڵنیاییـەوە بڵێین: کـە (جاوە) بـاوانی ڕاسـتەوخۆی مرۆڤـی هاوچــەرخ نــین. ئــەم مرۆڤانــە لــە ســەرتای (چــاخی سەهۆڵبەنداندا) ژیاون. ((بەلایـەنی کەمـەوە لـە نێـوان (٥٠٠.٠٠٠ پ.ز) و (٢٥.٠٠٠ پ.ز) دا چوارجار چەندین چینی بـەفر بەشـەکانی زەوی داپۆشـی و هـەموو (١٠٠.٠٠٠) سـەد هـەزار ساڵ جارێکیش کەم و زیـادی دەکـرد. دوای ئـەوەی کـە تـەنها (١٠,٠٠٠) دە هەزارسـاڵ پـێش دوایـن چـین توایـەوە، تـاوەکو ئێسـتا بـەر ترسـی بـارینێکی تـر نەکـەتووین)). لـە کـەش و هەوایەکی ئاسـاییدا، تـوانراوە مرۆڤـی (جـاوە) بـە ئاسـانی لەلایـەن گیانلەبـەری گـەورەترو بەهێزترەوە لەناو ببرێت. بەڵام لە چاخی سەهۆڵ بەنداندا ... بە هۆی ڕێکوپێکی لاشەی و توانای هەڵگرتنی ئامێرو بەکارهێنانی ئاگرو بوونی توانایەکی مێشکی باڵایەوە، مرۆڤ نەك هەر توانی رزگاری بێت، بەڵکو لە کۆتاییدا دەستیشی بە سەر زەویدا گرت.

لـە سـەر گەشـەی مـرۆڤ تـاوەکو مرۆڤـی (نیانـدەرتاڵ) (Neanderthal) ، کـە نزیکەی (٢٠٠.٠٠٠ بۆ ٧٠.٠٠٠ پ.ز) ژیاوە، هیچ شتێکی ئەوتۆ نازانین. ئەمیش ڕەنگە بـاوان نەبێت، بەڵام توانای زیرەکی لە مرۆڤی (جاوە) بـاڵاتر بـوو. باڵایـان ڕێکتریـش بـوو، بـەڵام هەر هێشتا پەلەکانی لە شوێنی دەخشا.

یەکەم باوانی ڕاسـتەوخۆمان نزیکـەی (٧٠.٠٠٠ پ.ز) لـە ئـەورپادا دەرکـەوت. بـەم باوانەش دەڵێن: (کرۆماگنۆن) (Cromagnon). چونکە بـۆ یەکـەم جار پاشماوەیـان لـە شارۆچکەی (Cromagnon) ی باشووری (فەرەنسا) دا دۆزرایـەوە. ئـەم مرۆڤـە کۆنانـە (Homo sapiens) نموونەیەکی باش بوون، چونکە باڵابەرزو ناوشـانپان و بەتـەواوەتی ڕێك بوون، وەکو ئـامۆزا پێشـینە کۆنـەکانیان نـەبوون .. ئەمانـە ناوچاوانێکی سـاف و بـێ بەرزو نزمیان هەبوو. هەروەها توانای مێشکیان بەهەمان ئەندازەی مێشـکی خۆمـان بـوو. مرۆڤی (کرۆماگنون) جلێکیان لەبەر دەکـرد لەلایـەن ئافرەتەکانیانـەوە بـە دەرزی ئێسـکی دەنەخشـێنران . ماڵـەکانیان لــە دەمــی ئەشـکەوتەکاندا دروسـتدەکرد و بەبــەردەوامی

---

[1] Peking، ( پەکین ) بەناوی ئەو شوێنەوە ناوی نراوە کە تێیدا دۆزراوەتەوە کە ئەویش شاری پەکینی پایتەختی چینە.

ئاگریشیان دەگڕاند، بۆ ئەوەی هەم گەرمیان بکاتەوە و هەم بیشیان پارێزێت. زمانێکی سادەیان هەبوو ... بە کۆمەڵ ڕاویان دەکرد، بەڵام هیچ جۆرە حکوومەتێکیان نەبوو.

هەموو پانۆرامای مێژووی مرۆڤایەتی تا نزیکەی (٧٠٠٠ پ.ز)، پێی دەووترێت: (چاخی بەردینی کۆن) (Old Stone Age)، یاخود (پالیولسیك) (Paleolithic Period)، چونکە مرۆڤ لەم چەرخەدا ئامێری بەردینی سادەی بەکاردەهێنا. لە نزیکەی (٦٠٠٠ پ.ز) دا کۆمەڵێکی تری مرۆڤی باوانی مرۆڤی هاوچەخ (Homo Sapiens) لە ناوچەکانی دەریای ناوەڕاستدا، ڕەنگە لە دەرەوەی ئاسیای بوو بێ، دەرکەوتن و (مرۆڤی کرۆماگنۆن) یان وەدەر نا. لە کاتی هاتنیشیانەوە تاوەکو نزیکەی (٤٠٠٠ پ.ز) بە (چاخی بەردینی نوێ) (New Stone Age)، یان (نیولسیك) دەناسرێن. مرۆڤی (چاخی بەرینی نوێ) گەورەترین گۆڕانکاری بەسەر مێژووی سەدان هەزار ساڵەی بوونی مرڤدا هێنا کە ئەویش کشتوکاڵ بوو. لەمە بەدواى، مرۆڤ لە جیاتی کۆکردنەوەی خۆراك، بەرهەمی دەهێنا. وای لە سامانی زەوی کرد کە لە خزمەتیدا بێت. فێری ناشتن و دروێنە وماڵیکردنی گیانلەبەران بوو. هەندێك لەو گیانلەبەرانەیان بەکار دەهێنا بۆ خۆراك و هەندێکی تریشیان بۆ کارکردن. کشتوکاڵ شۆڕشێکی گەورەی لە ژیانی مرۆڤایەتی دا کرد. مرۆڤ کاتێك بە هیلاکییەکی زۆر پارچە زەوییەکی دەکێڵا، وایلێدەکرد خاوەنداریێکی لا دروست بێت. ویستی سامانەکەی بپارێزێت، بۆیە ئەشکەوتی بەجێهێشت و لە گوندی بچووکی لە قوڕ دروستکراودا کۆبوونەوە. کاتێکیش دەستیان بە ژیانی ئیشکردنی بە کۆمەڵ کرد، زمانی گشتی و ئایین و دەسەڵاتیان گەشە پێدا.

مرۆڤەکانی (چاخی بەردینی نوێ) بە هەموو ئەو ناوچانەدا بڵاو بوونەوە کە پێشتر مرۆڤی تێدا نیشتەجێ نەبوون، بەڵام بە زۆری بە دەوری دەریای ناوەڕاست و ناوچەکانی خۆرهەڵاتی هیندداا بڵاو بوونەوە. لە (١٠.٠٠٠ پ.ز) وە کە هێشتا دوایەمین بەفر بارین باکووری ئەوروپای داپۆشی بوو، شەپۆلی بارانی بەهێزی (زەریای ئەتڵەسی) (Atlantic) لە چاو ئێستادا زیاتر بەرەو باشوور دەڕۆیشت. ئەمەش وایکرد کە زەوییەکانی ناوچە کەناراوییەکانی (دەریای ناوەڕاست) ببێتە زەوی کشتوکاڵی بەپیت، بەڵام کە بەفرەکە تووایەوە و دایلەکەمی ناوچە کشتوکاڵییەکان بچووك بوونەوەو وایلێهات، تەنها ئەو ناوچانەی کە بە دەوری کەناری ڕووبارەکاندا درێژ بووبوونەوە بۆ ژیان دەستیان دەدا. تەنانەت لەم ناوچانەشدا نەتوانراوە بە ئاسانی کشتوکاڵ بکرێت، چونکە پێویستییان بە چەند هەزار کەسێك هەبوو پێکەوە کار بکەن، بۆ ئەوەی لافاوی ساڵانە کۆنترۆڵ بکەن. بەم شێوەیە کەمەکەمە گوندە کشتوکاڵییە بچووکەکان تێکەڵکران و

پاشان کران بە دەوڵەتەشار . ژمارەیەکی زۆر مرۆڤ لە ژێر دەسەڵاتێکی فەرمیدا دەیانتوانی ئاستێکی کەلتووری بەرزتر بەدەست بێنن، لە چاو گوندەکانی (چاخی بەردینی نوێ) دا. بەم شێوەیە شارستانییەتی کۆن لە نزیکەی (٤٠٠٠ پ.ز) ەوە دەستی بە شێوە گرتن کرد.

# بـــەنـــدی دووەم

## شارستانییەتە کۆنەکان تاوەکو (١٥٠٠ پ.ز)
## Ancient Civilization To About (1500- B.C)

دێـــرینترین شارســـتانییەتی کـــۆنی ناســـراو، شارســـتانییەتی (میســـرییەکان و میزۆپۆتامییەکان و هیندیەکانی خۆرهەڵات) بووە . ئێمە نازانین لـە کوێـوە سەرچـاوەیان گرتووە ، بەڵام شوێنەوارناسان پێمان دەڵێن: کە لە نزیکەی (٤٠٠٠ پ.ز) دا بە دڵنیاییـەوە بوونیان هەبووە و ڕەنگە لە سەرەتاکانی (٦٠٠٠ پ.ز) ەوە دەستیان پێکردبێ. بەدەرکەوتنی نووسین لە نزیکەی (٣٥٠٠ پ.ز)ەوە ، دەتوانین وێنەیەکی ڕوونتری مێـژووی مرۆڤایـەتیمان هەبێت . هیچ نەبێ بەلایەنی کەمەوە دەتوانین نـاوی هەنـدێك لـە پێشینەکانمان بـزانین، ئەتوانین بزانین باوەڕیان چۆن بووە و چۆن دەربارەی جیهانەکەیان بیریان کردووەتـەوە و چییان خواستووە بە دەستی بێنن.

# Egypt میسر

گرنگترینی شارستانییەتە کۆنـەکان شانشینی (میسر) بـووە. هەرکە کەمەکەمـە بیابـان لـە نێـوان (١٠.٠٠٠ بـۆ ٥٠٠٠ پ.ز)دا بـاکووری ئـەفریقیای داپۆشـی، ئـەو گوندانـەی (چاخی بەردینی کۆن) کە مابوونەوە لە دەوری ڕووباری (نیل) کۆبوونەوە. بـەهۆی شـەڕو هاوسـەرگیری نێـوان خێزانـە دەسـەڵاتدارەکان و پێویسـتی کـارکردنی بەکۆمـەڵ بـۆ کـۆنترۆڵکردنی ڕووبـاری (نیـل)، وایلـەم گوندانـە کـرد تێکـەڵبن و دەسـەڵاتی گـەورەتر پێکبێنێن . لە نزیکەی (٤٠٠٠ پ.ز) دا تەنها دوو شانشینی ڕکابەر مانەوە. میسری خـواروو (دەلتا) ی داگیرکردبوو کە دەشتێکی بەپیتی نزیکەی هەزار میلی چوارگۆشە بوو لە دەمـی (نیـل) دا . هەرچـی میسـری سـەرووش ، شانشـینێکی شـێوە مـاری بـوو ، بـە دەوری نیلـدا تاوەکو کۆتایی ڕووبارەکە ، نزیکەی شەش سەد میل درێژ بوو بـووەوە . بـەڵام پانییـەکـەی لە پانزە تا بیست میل تێپەڕی نەکرد . هـەردوو شانشینەکە لـە نزیکـەی (٣٢٠٠ پ.ز) لـە کۆتاییدا لە سەردەستی (مێـنس) (Menes)(ڕەنگـە ئەفسانەش بێـت)ی پاشـای میسـری سـەروو یـەکیان گرتـەوە. میسـری یـەکگرتوو ، سـەرەڕای هەنـدێ سـەرەولێژی ، لـە سـاتی یەکبوونیانـەوە تـا (٥٢٥ پ.ز)مایـەوە. ئـەو ماوەیـەی دەسـەڵاتیان زیـاترە لـە مـاوەی دوای(٥٢٥پ.ز) تاوەکو ئێستا ! ، بەڵام سەیر لەوەدایە سەرەڕای ئەو ماوە درێژەی دەسەڵات ، شارسانییەتی (میسری کۆن) زۆر بەکەمی گۆڕانی بەسەردا هات .

بۆ ماوەی نزیکەی هەزار ساڵ (مێنس)یش میسر هەر بەهێمنی مایەوە . بـە هـۆی سـنووورە سروشـتییە بـەهێزەکانی چـواردەوریەوە، (میسـر) تـوانی دەسـەڵاتێکی تۆکمـەی گەشـەکردوو و سیسـتەمێکی کۆمەڵایـەتی جـێگیر ، بـەبێ دەسـتتێوەردانی دەرەکـی پێـک بهێنێت . فەرمانڕەوایی میسـر دەسـەڵاتێکی پاشـایی زۆر بـەهێز بـوو . پاشـا کەسـێکی زۆر شکۆمەند بوو بە نـاوی خـۆی بـانگ نـەدەکرا ، بۆیـە پێیـان دەووت: (پێـرا) (Pera) واتـا: (خانووی گەورە) ، " لە پێشدا میسرییەکان مەبەستییان ئەو ماڵە بوو کـە پاشـاکەی تێـدا ژیاوە ، بـەڵام بـە تێپـەڕبوونی کـات ، واتاکـەی گـۆڕا بـۆ پاشـاکە خـۆی – وەرگێـڕ" . ئێمـە (Pharaoh) (فیرعەون) بەکار دێنین کە شێوە عیبرییەکەیەتی و لە تەوراتیشدا هاتووە . هەڵەیە ئەگەر بڵێین: (فیرعەون) باڵا بووە ، ڕاستتر ئەوەیە بڵێین: خواوەندەکان باڵا بوون و فیرعەونـەکانیش یـەکێك بـوو لـە خواوەنـدەکان و لـە جیـاتی هـەموویان فـەرمانڕەوایی دەکرد . خەڵکەکە دەیانزانی پێویستە پێکەوە لـە ژێـر یاسایەکی گشـتیدا کـار بکـەن ، بـۆ

ئەوەی جڵەوی ئاوەکان بگرنە دەست . بۆیە بەبێ چەندوچۆن دەسەڵاتی (فیرعەون) یان قەبووڵکردو دڵخۆشبوون بە ڕێبەری کردنیان لەلایەن زانیارییە ئاسمانیی(لاهوتی)ەکەی (فیرعەون)ەوە . میسرییەکان باوەڕیان وابوو زەوی هی خواوەندەکانە و ، ئەمەش لە باری کرداریدا واتا: هەموو سیستەمی کشتوکاڵی لەلایەن دەوڵەتی (فیرعەون)ەوە کۆنترۆڵکرا بوو . دەوڵەتەکە بۆ دەسەڵاتی بچووک بچووک دابەشکرا بوو ، وە لە لایەن نیوێنەرانی (فیرعەون)ەوە بەڕێوە دەبران . جووتیارە میسرییەکان بە گشتی خەڵکانێکی دڵخۆش و گەشبین بوون ، چونکە ئەم چینەی کۆمەڵگە هەژار بوون ، بەڵام ژیانیان دابین کرا بوو ... زۆر بە قورسی کاریان دەکرد ، بەڵام هیچ بەرپرسیاییەتییەکیشیان لە سەرشان نەبوو . ئازاد بوون لە جەنگ ، ئازاد بوون لە دەوڵەمەندەکان ، هەبوونی دەسەڵاتێکی جێگیرو سیستەمێکی کۆمەڵایەتی نەگۆڕ ، وایلێکردبوون ژیانێکی تەندروستیان هەبێ و باوەڕیان بە هارمۆنییەتی (سازدانی) جیهانەکەیان هەبێت .

لای میسرییەکان ، ئایین تەنها ڕێوەڕەسمێکی دینی نەبوو ، بەڵکو بوو بووە بەشێك لە ژیانیان و هەموو کون و قوشبنێکی ژیانیانی تەنی بووەوە . وەکو زۆربەی خەڵکی کۆن ، ئەمانیش کۆمەڵێك خواوەندیان دەپەرست ، وەك دەردەکەوێت ڕەنگە هەر گوندەو خواوەندێکی تایبەتی خۆماڵی ، یان زیاتریان هەبووبێ . کاتێك گوندەکان لکێنران بە دەوڵەتەوە ، خواوەندەکانیشیان بۆ خواوەندەکانی دەوڵەت زیادکرا ، گرنگترین خواوەند .. خواوەندی خۆر (ئامون – ڕی) (Amon – Re) بوو کە بنەچەی (فیرعەون) دەگەڕێنرایەوە بۆ ئەم و دەسەڵاتەکەشی هەر لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو .

میسرییەکان باوەڕیان بە دووارۆژ هەبووەو ژیانیان بەخۆشی بەڕێدەکردو نەیانویستووە کۆتایی بێت . لای ئەوان هەموو شتەکانی دەوروبەریان هێمای نوێبوونەوەو بووژاندنەوەو نەمری دەبەخشی . دەغڵ و دان ووشك دەبوو.. ئاوی نیلیش هەموو ساڵێك کەمی دەکر ، بەڵام لە بەهاردا هەمووی دەگەڕایەوە ژیان . ئەی بۆ مرۆڤیش وەکو ئەوان دوای مردن نابووژێتەوە ؟ . لە ماوەی شانشینی کۆندا تەنها فیرعەونەکان جەستەیان دەپارێزرا ، چونکە پێیان وابوو ، ئەگەر ئەوان بە سەلامەتی بچنە ژیانی دووای مردنەوە ، ئەوا لەوێش بەهەمان شێوەی سەر زەوی چاودێری خەڵکەکەیان دەکەن . هەندێك لە فیرعەونەکان ئامادەکارییەکی زۆریان بۆ ژیانی دووای مردنیان دەکرد . ژمارەیەکی زۆر هەرەمیان دروستکرد ، کە لەڕاستیدا بۆ ئەوە دروست کرابوون لە ژیانی دووای مردنیاندا تێیدا بژین . هەرەمەکان لە نێو نزیکەی (٣٠٠٠) بۆ (٢٦٠٠ پ.ز) دا دروستکراوە، بەڵام هێشتا بە شاکارێکی ئەندازیاری نایاب دادەنرێت . هەرچەندە ئەمانەش یەکەم هەوڵدانی

سەرەکی مرۆڤ بوون بۆ دروستکردنی (کۆشکی بەردین) ، لەگەڵ ئەوەشدا تاوەکو سەدەی نۆزدەی زایینی بە گەورەترین دروستکراوی بەردی مانەوە . گەورەترین هەرەم (٤٨١) پێ بەرزە ، کە دەکاتە نیوەی بەرزی کۆشکی (ئیمپایە ستەیت) (Empire State) "کۆشکێکی (١٠٢) نهۆمییە و دەکەوێتە ناو شاری (نیۆرك) و لە ساڵی (١٩٣١ تا ١٩٧٢) دروستکراوە – وەرگێڕ" . بۆ دروستکردنی (دوو ملیۆن و نیو) پارچە بەرد بەکارهێنراوە . هەندێك لە بەردەکانی کێشیان زیاتر لە (دوو تەن) دەبێت و بەشێوەیەکی وا جوان بڕاوە، کە بەهیچ شێوەیەك چیمەنتۆی بۆ پێکەوە لکانیان پێویست نییە .

زۆربەی دەستکەوتە مەزنەکانیان بەسترا بوو بە ئایینەکانیانەوە و ئەم دەستکەوتانەش تا ڕادەیەك لە سەرەتای مێژوویاندا بەرهەم هێنرا بوون ، بەڵام دوواتر ئەم ووزەی بەرهەم هێنانەیان لە دەست دا . زۆر چاوەڕووان نەکراوانە لە سەر بیرۆکەی ڕابردوویان گۆڕان و تەنها گرنگییان بە ژیانی پاش مردن دا . هەرەمەکان بە تەنها ئەوە پیشان ئەدەن کە میسرییەکان تەکنیکێکی ئەندازەیی پێشکەوتوویان هەبووە ، بەڵام هەموو هەرەمە گەورەترەکان تا (٢٦٠٠ پ.ز) تەواو کراون . لەوە بەدوا هەوڵی دروستکردنی هیچ شتێکی بەو ئەندازە سەرنجڕاکێش نەدراوە ، هەرچەندە جوانترین تەلارسازی میسری زۆر دوای ئەم بەرواره تۆمار کراوە. لە نزیکەی (٣٠٠٠ پ.ز) دا ڕۆژ ژمێرێکیان دانا ، دوواتر بوو بە بنچینەی ڕۆژ ژمێری ئێستامان ، ژمارەی ڕۆژەکانی (٣٦٥) ڕۆژ بوو . هەر لە سەرەتای گەشەکردنیاندا ئەم شارستانییەتە دێرینە نووسینیان داهێنا ، بەڵام هەرگیز نەبوونە نووسینێکی کرداری تا لە ژیانی ڕۆژانەدا بەکار بهێنرێت . ئەو نووسینەش پێی دەووترا (هێرۆگلیفی) (Hieroglyphics) ، یان (وێنەی پیرۆز) . (میسرییە کۆنەکان) زانیارییەکی زۆریان لە سەر دەرمانسازی و نۆژداری (عمليات) هەبووە . (مۆمیا) کردنیش هەم بەشێك بوو لە ئایین و لە هەمانکاتیشدا شتێکی لە زانستی شیکاری (Anstomy) (علم التشرح) فێر کردن . سەرباری ئەمانەش نەیان دەخواست شتێکی زیاتر فێربن .

هێمنی و ئارامی میسر لە نزیکەی (٢٢٠٠ پ.ز) دا بۆ ماوەیەکی کاتی شێوێنرا ، کاتێك (فیرعەونەکان) جڵەوی دەوڵەتیان لە دەست بەر بوو ،وە بۆ پێشەوایەکی کارتۆنی بچووککرانەوە . بێ سەرکردەیی ئەو هاوسەنگییە بە وورییایی ڕاگیراوەی وولاتی داڕماند . بەڕێوەرایەتییە خۆماڵییەکان شانشینی نیمچە سەربەخۆیان دروستکرد و میسریان بە خوێنی (شەڕی ناوخۆ) سوور کرد و جووتیارانیان بۆ پلەی وەرزێر لاواز کرد . بەهۆی

نەبوونی دەسەڵاتێکەوە بۆ ئاسایی کردنەوەی ئاوی ڕووباری (نیل) برسێتی و قاتوقڕی و لافاویش بۆ نەهامەتییەکانی میسر زیاد بوو .

قەیرانی ئەو ماوەیە کاری کردە سەر ئایینی میسرییەکان . کاتێك فیرعەونییەکان نەیانتوانی لە سەر زەوی دا ببنە پارێزەری خەڵکەکە ، لەوە بەدوا چیدی خەڵکەکەش باوەڕیان بەوە نەدەکرد کە (فیرعەونەکان) بتوانن لەو دنیادا چاویان لێیان بێت . لە جیاتی دا ، گەشتن بەو قەناعەتەی کە هەر کەسێك ژیانی دوارۆژی تایبەتی خۆی هەیە . بەمشێوەیە، مۆمیا کردن بووبە پیشەسازییەکی باو ، هەروەکو مردوونێژەکانی ئێستا . نوێنەرانی مردوونێژەکان کۆمەڵێك پرۆسەی جاوازیان پێشکەش بە کڕیارەکانیان دەکرد ، ئەویش پشتی بەو بڕە پارەیە دەبەست کە کڕیارەکە دەیویست لە مردووەکەیدا خەرجی بکات .

بەهۆی سەرسامی زۆربەی خەڵکەوە بە نەمری ، هەردوو خواوەندی دوارۆژ (ئۆسیریز) (نێر) (Osiris) و (ئیسیز) (مێ) (Isis) بەتایبەتی گرنگیان پەیدا کرد . (ئۆسیریز) خواوەندی ڕۆژی دووایی و نیل و دادپەروەری بوو . (ئیسیز)یش خواوەندی ژیان و گەشەکردنی شتەکان و خۆشەویستی بوو . ئەم شتانە زۆر بە ڕێکوپێکی پێکەوە گرێ درابوون .

میسرییەکان هەرگیز لە هۆکاری گۆڕانی وەرزەکان تێنەگەیشتن و زۆر بە کەمیش لە باران تێدەگەیشتن . ئەوان تەنها ئەوەیان دەزانی کە ساڵی جارێك ڕووباری (نیل) کەمی دەکرد و دەغڵ و دان ووشك دەبوویەوە . ئینجا هەموو بەهارێك موعجیزەیەك (پەرچوویەك) ڕوویدەدا :- (نیل) زیادی دەکرد و ژیان دەگەڕایەوە ، هەروەها چیرۆکیشیان بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم پەرچووە هەبوو :- خواوەندی (نیل) ، (ئۆسیریز) لە لایەن (سێت) (Set) ی ئەهریمەنی برایەوە ، کە خواوەندی بیابانی ووشك و مردن بوو ، کوژرا . (ئیسیز)ی ژنیشی بەهۆی پەرچووی هێزی مێینەوە بۆ دروستکردنی ژیان ، (ئۆسیریز) ی زیندووکردەوە . لەو کاتەدا کە (ئۆسیریز)ی خواوەند بەسەر مردندا سەرکەت ، بوو بە خواوەندی ڕۆژی دووایی . لەبەر ئەوەی دەبوو دادوەری لە سەر هەر ڕۆحیەك بکات ، پێش ئەوەی بچێتە ژیانی نەمرییەوە ،بەم شێوە، بوو بە خواوەندی دادوەریش . پەرستنی (ئۆسیریز) و (ئیسیز) تاوەکو کۆتایی ئیمپراتۆریەتی ڕۆم بە باوی مایەوە .

دوای نزیکەی سەدەیەك لە قەیرانەکە ، (فیرعەونەکان) دووبارە دەسەڵاتیان خستەوە ژێر ڕکێفی خۆیان ، بەڵام زۆر تولی نەکێشا . بۆ یەکەمجار لە مێژووی میسری بەهێزدا ئەم شانشینە بە تەواوەتی لە لایەن هێزێکی دەرەکی گەڕۆکەوە داگیر کرا .

(عمالیقـەکان – هێقاخـاس وێـت) (Hyksos) ەکـان "واتـا: فـەرمانڕەوایانی بێگانـە – وەرگێڕ" ، کە خەڵکانێکی سامی و ئەسمەر بوون ، لە نزیکەی (١٧٥٠ پ.ز) دا وەك بروسـکە زۆر بەخێرایی بەسواری ئەسپ و گیانداری کێوی خێراو دڕندەی واوە، هەڵیان کوتایە سەر میسرەییەکان .. پێشتر نەیانبینی بوو . نازانین (هیکسۆس)ەکان لە کوێوە هـاتوون ، بـەڵام ڕەنگـە لـە (سـوریا) وە هـاتبن و ئـەمانیش لەلایـەن داگیرکـەری تـری باکووریانـەوە وەدەر نرابن. دووای (دوو سەدە) میسرییەکان توانیـان دەریـان بکـەن ، بـەڵام هـەرگیز جارێکیتر نەیانتوانی لە سـەربەخۆییەکی دابـڕاودا بـژین . کاتێـك خۆیـان گرتـەوە ، ئـیتر سـەردەمی هێـزی جیهـانی و بەشـداری شـەڕو دبلۆماسـییەت و بازرگـانی شارسـتانییەتەکانی تـری (جیهانی کۆن) بوو .

# میـزۆپـۆتـامــــــــیا Mesopotamia

کاتێـك شارســتانییەتی میسـرییەکان بـە کـەناری (نیـل) دا درێـژ بوویــەوە ، شارسـتانییەتییەکی تـر کـە نزیکـەی تـەنها (هەشـت سـەد میـل) دووربـوو لێیانـەوە ، لـە گەشەکردندا بوو. دووری ئەم شارستانییەتە لە میسرەوە هێندەی دووری نێوان (نیۆرك) و (شیکاگۆ) دەبوو . ئەم شارستانییەتەش لەناو دۆڵی نێوان دوو ڕووباری هاوتەریبدا لە دایك بوو. ئەو ڕووبارانەش هەردوو ڕووبـاری (دیجلە) و (فـورات) بـوون. بـەو شـوێنەش دەڵێن: (میزۆپۆتامیـا)، بـەزمانی گریکـی واتـا: (نێـوان دوو ڕووبـار) . لەمڕۆشـدا پێیـدەووترێت : (عێراق) . هەردوو شارستانییەتەکە ئاشنایەتییان هەبووە ، تەنانەت هەندێ بازرگانیش لە نێوانیاندا هەبووە، بـەڵام ئـەم دوو شارسـتانییەتە لـە مـاوەی ئـەو چـەندین هـەزار ساڵەدا بەشانی یەکـەوە ژیـاون ... تـەنیا بـۆ مـاوەی چـەند هەفتـەیـەك نـەبێ ، هـیچ جـەنگێك و ئەتوانرێت بووترێت: هیچ پەیوەندییەکی وایان لە نێواندا نەبووە کە شایانی باس بێ . لە کاتێکـدا کـە (میسـر) لـە ژێـر دەسـەڵاتێکی ناوەنـدی بـەهێزدا ڕێکخرابـوو ، لـەو لاشـەوە ، (میزۆپۆتامیـا) لەچـەند دەوڵەتەشـارێکی بەشـەڕ هـاتوو پێکهـاتبوو . سروشـت ئەوەنـدەی بەرانبـەر (میسـر) میهرەبـان بـوو ، لـە بەرانبـەر (میزۆتۆمیـا) دا میهرەبـان نـەبووە. لـە (میسـر) دا لافاوەکـان ئاسـایی و چـاوەڕووانکراو بـوو ، بـەڵام لـە (میزۆپۆتامیـا) دا لافـاو بەکەمی هەڵدەساو هەندێ جاریش بەئەندازەیـەك دەهات شـەپۆلەکانی هـەموو شـارەکانی ڕادەماڵی . (میزۆپۆتامیا) سنوورە سروشـتییەکانی وەك (میسـر) نـەبوو . پـەلامارەکان لـە هـەردوو لاوە بەبـەردەوامی خەڵکەکـەی بـە تێکـەڵاوی و دەسـەڵاتەکانی بـە دابەشـکراوی دەهێشتەوە .

زۆربەی دانیشتووانەکەی لە ڕەگەزی سامی بوون و بەچەند شـەپۆلێك لـە نیمچـە دوورگـەی عەرەبـەوە بـۆ ناوچـە بـە پیتـەکانی نێـوان هـەردوو ڕووبـار کۆچیان کردبـوو . لەگـەڵ ئەوەشـدا نزیکـەی (٦٠٠٠ پ.ز) دا لــە سـەر دەسـتی خـەڵکانێکی (نـا- سـامی) شارستانییەتەکە لە دەشتە بە پیتەکای (سۆمەر) دا لە بەردەم هەردوو ڕووبارەکەدا دەستی پێکرد . ناتوانین دڵنیا بین ئەمانە کێ بوون و لە کوێەوە هاتوون ، بەڵام ڕەنگە بنەچەیان بـۆ ناوچـە شـاخاوییەکانی دەوروبـەری دەریـای (قـەزوین) (Caspian) بگەڕێتـەوە . لافاوەکان زۆربەی شارستانییەتی سۆمەرییە بەراییەکانی تەفروتوونا کرد ، بۆیە لـە پـێش (٣٠٠٠ پ.ز)ەوە شـتێکی کـەم دەربارەیـان دەزانـین . لـەو کاتـەدا سـۆمەرییەکان خـاوەنی

شارستانییەتییەکی پێشکەوتووبوون و نووسین هەبوون و دەوڵەتە شارەیان دروستکردووە و بازرگانییەکی زۆر کارا و فراوانیان لە باکوورەوە لەگەڵ خێڵە بەربەرەیەکانی ناوچە شاخاوییەکان و، لە خۆرهەڵاتیشەوە بە دەریادا لەگەڵ (هیند) دا هەبووە .

لە (٣٠٠٠ پ.ز) دا کەلتووری سۆمەرییەکان بە ناوچە کەناراوییەکاندا بەرەو (ئەکەد) (Akad) ، کە خەڵکانێکی (سامی) بوون هەڵکشا. بەڵام (ئەکەدییەکان) دەوڵەتەشارەکانیان سەربەخۆ بوون و (زمان و یاساو ئایین و کەلتوور) یان لە سۆمەرییەکانەوە سەرچاوەی گرتبوو . بۆ چەندین سەدە دەوڵەتەشارەکانی (ئەکەد) و (سۆمەر) خۆیانیان لە شەڕی خۆکوژی و ململانێی بازرگانیدا دەفەوتاند. لە نزیکەی (٢٣٠٠ پ.ز) دا وڵاتگیری (سامی) ، (سەرجۆنی یەکەم) (Sargo 1)، هەموو دانیشتووانی دەوڵەتەکەی یەکخستەوە. لەبەر ئەوەی نەریتی دەوڵەتەشاری سەربەخۆ زۆر بەهێز بوو ، نەیتوانی بە تەواوەتی سەر بکەوێت . لە کۆتاییدا لە نزیکەی (١٩٥٠ پ.ز) دا ( ئاموریت ) (Amorites) کە خێڵێکی (سامی) دەرەوەی دۆڵەکە بوون ، هەموو (میزۆپۆتامیا) یان داگیرکرد و ئیمپراتۆرییەتێکیان تێیدا دروستکرد و دوای چەند سەدەیەك کۆتایی پێهات . (ئاموریت)ەکان پایتەختیان لە (بابال)(Ba-baal)(واتە: دەروازەی خواوەند)دا دروستکرد. ئێمە لە تەوراتدا بە(بابێڵ) (Babel)پێی ئاشناین ، بەڵام گریکەکان پێیان دەووت: (بابیلۆن) (Babylon) و دوواتریش بە ئیمپراتۆرییەتی بابلییەکان ناسرا .

لە ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆییەتی بابلییەکاندا (نزیکەی ١٩٥٠ — ١٧٥٠ پ.ز) ناوی شارستانییەتی (میزۆپۆتامیا) گەیشتە لوتکە ، بەڵام (میزۆپۆتامیا) هەرگیز بەو مەزنییە نەگەیشت کە (میسر) پێی گەیشتبوو . دەبوو هەموو سامانەکانی وڵاتێکی گەوەری یەکپارچە پێکەوە بەکاربهێنرایە .. بۆ ئەوەی تەنها مێژوویەکی هاوشێوەی هەرەمەکان جێبەجێ بکرێت . شارەکانی (میزۆپۆتامیا) قەرەباڵغ و تۆزاوی و دڵتەنگ بوون و خانووەکانی بچووك و لە پاڵ یەکدا بە قوڕی سوورەوەکراو دروستکرابوون . هەروەها شەقامەکانی لە شێوەی لولەکی بۆریدا دروستکرابوون . لە ناوەندی شاردا (زەقورە) (Ziggurat) هەبوو کە پەرستگایەکی چەند نهۆمی بوو . بە چوار دەوری شارەکاندا زەوی زۆلکاوی کشتوکاڵی تێدا بوو ، خۆارکی بۆ خەڵکەکە و ماددەی خاوی بۆ ناردنە دەرەوە دابین دەکرد .

یاسای (میزۆپۆتامیا) سێ چینی کۆمەڵایەتی دیاری کردبوو :-

⋆ چینی یەکەم : خانەدانەکان بوو کە لە هەردوو ئەو خاوەن ماڵ و بازرگانانە پێکهاتبوون کە خاوەنی زەویە کشتوکاڵییەکان بوون و بەرهەمەکانیان دەفرشت .

★ چینی دووەم : لە پیشەگەرانی شارو وەرزێرانی لادێ پێك هاتبوون .

★ چینی سێ یەم : کۆیلەکان بوون ، کە گیراوی شەڕ (کۆیلەکان بێگانە نەبوون ، چونکە شەڕەکان ناوخۆیی بوون) ، یاخود ئەو هاوڵاتییە ئازادانە بوون کە بۆ قەرز خۆیانیان فرۆشتبوو . باری کۆیلەکان بێهیوایانە نەبوو ، چونکە دەیانتوانی پارە بەدەست بێنن و ئازادی خۆیان بگێڕنەوە .

بۆ بازرگانەکان ، نووسین شتێکی گەلێك گرنگ بوو ، نووسینی سۆمەرییەکان لە سەردەمی ئەمانیشدا هەر باو بوو . سۆمەرییەکان (پەپیرۆس) (نبات البردی) (Papiyrus)[٢] یان نەبووە بەکاری بهێنن ، وەك ئەوەی میسرییەکان بەکاریان دەهێنا. بەڵکو نووسینی ئەمان بە پەستاوتنی قامیشێکی شێوە (V) لە سەر تاتە قوڕێکی تەڕ دەنووسرا ، کاتێك تاتە قوڕەکە ووشك دەبوویەوە ، نووسینەکە وەکو شوێن (چنگی مریشك) دەردەکەوت . ئەم نووسینەش پێی دەووترا : (Cuneiform) ، لە لاتیندا واتا : (شێوە مێخ – بزماری) . تاتە قوڕەکە بۆ فەرمان دەرکردن و بڵاوکردنەوەی ئاگاداری و تابلۆی ناوونیشان و چەندەها کاروباری بازرگانی ، کە پێویستیان بە تۆمارکردن بوو ، بەکار دەهێنرا . نووسینەکە ڕێکخستن و جێبەجێکردنی دژوار بوو . بە دڵنیاییەوە ، بازرگانە گەورەکان کاتی ئەم هەموو پەستاوتن و قوڕ سوورکردنەوەیان نەبوو ، بۆیە بۆ نووسینە فەرمییەکانیان نووسەری تایبەتی خۆیان هەبوو ، بەڵام هەروەکو چۆن بازرگانەکانی ئەمڕۆ (پێنووس) بەکار دێنن بۆ واژوو کردنی بەڵگەنامەکانیان ، بازرگانەکانی بابلیش (مۆر)ێکیان بەکار دەهێنا ، کە پارچە کانزایەکی گرانبەها بووە و مۆرکی تایبەتی خۆیانی لە سەر هەڵکۆڵرابوو . ئەم هەڵکۆڵراوەش نیشانەی سەرمایە تایبەتییەکەی بوو کە زۆر شانازی پێوە دەرکرد . نووسەرەکانیان کاتێك (تاتە قوڕ)ە نووسراوەکە هێشتا تەڕ بوو ، دەیانهێنا و ئەوانیش پێش ئەوەی ببرێت بۆ ووشك کردنەوە مۆرەکەیان بە خێرایی بەسەر پارچە قوڕە نووسراوەکەدا دەهێنا .

هەرچەندە میزۆپاتامییەکان (ئاڵتون و زیو)یان هاوەردە دەکرد ، بەڵام ئەم کانزانە زۆر گران بوون .. بۆ ئەوەی وەك (پارە - دراو) بەکار بهێنرێت . بۆیە لە جیاتییدا پێوانەی دانەوێڵەیان بەکار دەهێنا وەك : - (شێکڵ ) (شاقڵ) (Shekel) ، (تاڵن) (Talent) و (مینا) (Mina) . ئەم کێشانەیە هێشتا بۆ چەندین سەدەیە لەلایەن بازرگانەکانەوە بەکار دەهێنرێت و بنچینەی هەندێ دراوی سەردەمی هاوچەرخەیشە .

---

(٢) (Papyrus):- جۆرە گیایەکە وەك قامیش، میسرییەکان لەسەر توێکڵەکەیان نووسیووە.

میزۆپۆتامییـەکان سیستـەمی ژمـارەی دەییـان (decimal) نـەبوو ، بـەڵکو لـە جیـاتی دا ژمارەکانیـان لـە سـەر ڕیزبەنـدی دوانزەیـی بـوو . هەنـدێك پێوانـە لـە ئـەمڕۆدا بـەکار دەهێنرێت ، سیستـەمی دووازدەیی بابلییەکانە بۆمان ماوەتەوە وەك :- شەو و ڕۆژێك (٢٤) کاتژمێرە و ساڵ (دوانزە مانگە) ، بازنەش (٣٦٠) پلەیە .

وەك لـە کۆمەڵگـە بازرگانییـەکان چـاوەڕووان دەکرێـت ، دەسـەڵات گرێبەسـت و سامانە تایبەتییەکانی خۆی دەست پێوە دەگرت و دەیپاراستن. هەرکە یاسا بازرگانییـەکان بە درێژایی چەندین سـەدە پـەرەیان سـەند ، میزۆپۆتامییـەکان هەنـدێ بابـەتی یاساییان پـەرە پێـدا . هەرچـەندە لـە هەنـدێ ڕووەوە دڕندانـەش بـوون . لـە کـاتی شـکۆداری ئیمپراتۆرییەتی (بابل)دا لە نزیکەی (١٨٠٠ پ.ز) دا ، پاشای بەناوبانگ (حامورابی) هەموو پارێزەرەکان (مافناسەکانی) کۆکردەوە و داوای لێکردن هەموو یاساکانی (میزۆپۆتامیا) لە تاکە سیستـەمێکی یاساییدا کۆ بکەنـەوە ، بـە بـەکارهێنانی هـەموو یاسا پێشینییەکانی ناوچـەکە وەك بنەچـەیەك ، ئـەو دەسـتوورەیان بەرهەـەم هێنـا کـە پێـی دەڵـێن: (دەستوورەکانی حامورابی) . هەندێك لە یاساکانی ئەم دەستوورە توندوتیژ دەهاتنە پێش چاو . بۆ نموونە: ئەگەر کەسێك چاوی کەسێکی دەربهێنایـە ، ئـەوا لە بەرانبـەردا چـاوی دەردەهێنرا ، یان ئەگەر خانوویەك بڕووخایە و خاوەنەکەی بکوشتایە ، ئـەوا بیناسازەکە دەکوژرا . گرنگی دەستوورەکانی (حامورابی) دیاریکردنی ئەم یاسایانە بوو لە سەر خەڵکی و هەموو خەڵکیشی دەگرتەوە و لە دەوڵەتیش چاوەڕووان دەکرا جێبەجێی بکات .

ئایین ئەو دەورە گرنگ و گەورەی لە ژیانی میزۆپۆتامیاکانـدا نـەدەگێڕا ، وەك ئـەوەی لـە ژیانی میسرییەکاندا دەیگێڕا . جیهانی ئەمان بەوشێوە ڕێکوپێکەی ئەوان ڕێکنـەخرابوو ، ئـەمان وایـان هەسـت نـەدەکرد کەشـتێکی زۆریـان لـە خواوەندەکانـەوە دەسـت دەکـەوت . خواوانـدی میسرییەکان پەیمانی مامەڵەی باشیان لـە سـەر زەوی و خۆشـییەکی نـەبڕاوەی دووا ڕۆژیـان پێـدەدان ، بـەڵام بابلییـەکان پێیـان وابـوو خواوەنـدەکان هەلپەرسـت و لەخۆبایین و تەنها مرۆڤیان بۆ ئەوە دروستکردووە هەندێ کاری سەرپێیان بۆ بکەن . لای بابلییەکان (ڕۆژی دووایی) دێوێکی تەماوی بـوو لـە نـاو ئەشکەوتێکی تەماویـدا . (ئـایین) لای ئەمان واتا: ڕاگرتنی دڵی خواوەندەکان بۆئەوەی خۆیان بپارێزن لە ئازارو زیانەکانیان. بۆ ئەم مەبەستە خەڵکی دیاری گرانبەهایان پێشکەش بـە خواوەنـدەکان دەکـرد . زۆرجـار دیارییەکان پێکهاتبوون لە گیانلەبەری قوربانی و پارە . بەم شێوەیە کاهینەکان ، کە هـەم سیاسەتمەداریش بوون ، زۆر دەوڵەمەند بوون .

خواوەنـدەکانی میزۆپۆتامییـەکان درەختێکـی خێزانـی (شـجرە) زۆر ئـاڵۆزە و نائاسـاییان هـەبوو . زۆربـەی ئـەو زانیارایيانـەی دەربـارەی ئەفسانە تۆقێنەرەکانیانـەوە دەیـزانین لـە داسـتانی (گـەلگامێش)ەوە سەرچـاوەیان گرتـووە . یـەکێك لـە چـیرۆکەکانی داستانەکە ، باس لە داستانێك دەکات کە خواوەندەکان ویستوویانە لـە ڕێگـەی لافاوێکـەوە ڕەگـەزی (مـرۆڤ) لـە ڕیشـە دەربێـنن ، بـەڵام لـە لافاوەکـەدا خێزانێـك ڕزگـاری دەبێـت ... ئەویش بەهۆی ئاگادارکردنیانەوە بۆ دروستکردنی کەشتییەك[٣] . شوێنەوارناسان ئـەوەیان زینـدووکردووەتـەوە کـە لەنزیکـەی (٣٥٠٠ پ.ز)دا لافاوێـك هەسـتاوە و نزیکـەی هـەموو شـارەکانی سـۆمەرییەکانی سـڕیوەتەوە . بۆیـە ڕێـی تێدەچێت (گـەلگامێش) زادەی ئـەم قەیرانە بـووبێ . هاوشـانی چیرۆکی (نـوح)ی عیبرییـەکان بـە ئاشـکرا دیـارە و هاوشـێوەی زۆری هەیە ، بەڵام هەمیشە جیاوازی بەرچاو لە نێوانیاندا دەبینرێت .

لـە گێڕانـەوەی بابلییەکانـدا دەڵـێ :- خواوەنـدەکان بـۆ ئـارەزووی خۆیـان ئـەم لافاوەیـان هەسـتاندوەو مـرۆڤیش ئاکامەکـەی وەرگرتـووە . لـە کاتێکـدا لـە گێڕانـەوە عیبرییەکانـدا ، کـە زۆر دوواتـر نووسـراوە ، تـەنها خوایـەك هەیـە کـە ویسـتوویەتی بـەم ڕووداوە بەندەکانی فێری شتێك بکات .

ئیمپراتۆرییـەتی بابلییـەکان ، دووای حـامورابی ، زۆر نـەژیا . لـە نزیکـەی (١٧٥٠ پ.ز) دا ، خەڵکانێکی شەڕانگێزی سـەیر کـە لـە ڕەگـەزی (سـامی) نـەبوون ، لـە بـاکوورەوە هاتوون و خاکەکەیان خاپوور کردووە . ئەمانـەیش (هیتـی) ەکـان بـوون . هـەر ئـەمانیش بوون سوریایان داگیرکرد و (هیکسۆس)ەکانیان بۆ میسر وەدەرنـا . (**هیتیـەکان – حیثیـون**) نەوەسـتان تـاوەکو فـەرمانڕەوایی (بابـل) بکـەن ، بـەڵام بـۆ چـەند سـەدەیەك (کـەلتووری میزۆپۆتامی) نەیتوای بگەڕێتەوە سەر باری پێشووی . شەڕو لافاوەکان و پارچە پارچـەیی باجی خۆیانیان سەند . کەلتوورو بازرگانییان بەردەوامبوو ، بەڵام دەسـەڵاتیان لـە دەسـت چوو .

---

(٣) ڕەنگە هەمان چیرۆکی حەزرەتی (نوح) بێت کە لە قورئانی پیرۆزدا باسی دەکات. بڕوانە (ژیانی پێغەمبەران) ی مەلا محەمەدی شەڵماشی.

# هیـنـدوسـتـان India

لــه هــهمان ســهردهمی گهشــهکردنی شارســتانییهته بهرایــهکانی (میســرو میزۆپۆتامیا) دا ، شارستانییهتی سێ یهم به ههمان گرنگی ، له دۆڵی (سهند) (وادی النصر) (Indus Valley) دا له گهشهکردندا بوو. ئهم شارستانییهته ناتوانرێت جێگهی ڕاستهقینهی خۆی له باسهکهماندا بگرێت ، چونکه هێشتا شتێکی زۆر کهم له بارهیهوه دهزانرێت . ههروهکو شارسانییهتی میسرییهکان و سۆمهرییهکان ، شوێنهوارناسان ناتوانن پێمان بڵێن: شارستانییهتهکه کهی بهردی بناغهی دانراوه ، ههرچهنده دهشزانن که له (٤٠٠٠ پ.ز) دا بوونی ههبووه . شوێنهوارناسان پاشماوهی دوو شاری گهورهیان دۆزیهوه ، که ئهوانیش (موهن جو دارۆ) (mohenjodaro) و (هاراپا) (Harappa) بوون . یهکهمیان نزیکهی (٢٠٠) میلێك له سهرهتای رووباری (سهند) هوه دووره و دووهمیشیان مهودای (٤٠٠) میلێکی تر له سهرتای رووبارهکهوه دووره . پێدهچێ (موهن جو دارۆ) شارێکی زۆر گهوره بووبێ و بهشێوهیهکی وا زیرهکانه و جوان شهقامهکانی ڕازێنرابێتهوه که زۆر لهوانهی (میسر) و (میزۆپۆتامیا) سهرنجراکێش تر بووبێت . دانیشتووانی (سهند)یش ههر وهکو (میزۆپۆتامیا) ههم بازرگانی و ههم جووتیاریش بوون . ڕێگاکانی بازرگانیان دهگهیشته کۆتایی ڕێگه بازرگانییهکانی سۆمهرییهکان .

شارستانییهتی دۆڵی (سهند) له نزیکهی (٣٠٠٠) بۆ (٢٥٠٠) پ.ز دا گهیشته بهرزترین پلهی شکۆداری و ئهمهیش هاوسهردهم بووه لهگهڵ شانشینی (میسری کۆن) و سهردهمی سۆمهرییهکانی (میزۆپۆتامیا) دا . شارستانییهتی ناوبراو له نزیکهی (٢٥٠٠ پ.ز) دا له ناکاو و بهشێوهیهکی ناڕوون و نادیاردا لهناو چوو . ئایا لهلایهن داگیرکاره بیانییهکانهوه خاپوور کرا ؟ ئهگهر وا بووایه .. ههر پاشماوهیهك جێدهما ، بهڵام شوێنهوارناسان باوهڕیان وایهن که ڕهنگه ئهم لهناو چوونه کوتووپڕه بههۆی لافاوێکی زۆر گهورهوه بووبێت .

# Crete کـــــــــريت

تاوەكو سەدەی بیستەمی زایینی ، تەنانەت نەشماندەزانی کە شارستانییەتییەك لە سەر دوورگەی (کریت) هەبووە . بەگوێرەی چیرۆکی (سیسەس) (Theseus) لە ئەفسانە (میسۆلۆژی)ی گریکیدا ، سەردەمێك هەبووە کە پاشای (ئەسینا) هەموو ساڵێك حەوت کوڕو کچی شۆخ و شەنگی بۆ (مینۆس) (Minos) ی پاشای (کریت) دەنارد . لەوێیش لە ژێر زەمینێکی پێچ پێچدا کە پێیان دەووت : (وێلگە) (ڕێ وونە) (Labyrinth) زیندانی دەکران و پاشان لەلایەن (مینۆتەور) (Minotaur) ی (نیوە مرۆڤ و نیوە گا) وە هەڵدەلوشران . ساڵێکیان پاشای ئەسینا (سیەس) ی کوڕی وەك یەکێك لە دیلەکان نانێرێت . (سیەس) بەیارمەتی شازادە (ئاریادن) (Aridne) کە خۆشی دەویست ، (مینۆتەور) ی سەربڕی ، بەڵام لە گەڕانەوەیدا (سیەس) زۆر بێبایەخانە لە سەر دوورگەیەك بەجێی دێڵێت[٤] . لە کۆندا تاوەکو (ئەسینا) لە (کریت) باڵا دەستتر بوو ، هەرگیز کەس ئەم چیرۆکەی بەڕاستی وەرنەگرت ، بەڵام لە ساڵی (١٩٠٠ز)دا شوینەوارناسی بەناوبانگی بەریتانی (ئارسر ئیڤانس) (Arthur Evans) ، چەند کەسێك و چەند شۆفلێکی هێنایە (کریت) لە تەپۆڵکەیەکدا بەمەستی پشکنین، دەستی بەهەڵکەندن کرد . خۆشی و سەرسوڕمانیان بێنە بەر چاوت ! ، کاتێك لە ژێر زەویدا کۆشکێکی گەورەیان دۆزییەوە ، کە ئەویش پایتەختی ئەفسانەیی (مینۆس) ی پاشا بوو . زۆر بە پەرۆشەوە (ئیڤانز) و هاوەڵانی تێکۆشان بۆ کۆکردنەوەی بەڵگە و دووبارە شرۆڤەکردنەوەی مێژووی ئەم شارستانییەتە گەورەیە .

شارستانییەتی (کریت)ەکان نزیکەی (٣٠٠٠ پ.ز) دا دەستی پێکرد ، بەڵام تا نزیکەی (١٧٥٠ پ.ز) نەگەیشتە لوتکەی شکۆداری . لەو کاتەدا ئەم گەشتە لوتکە شارستانییەتی (میسر) و (میزۆپۆتامیا) لە لاوازبووندا بوون . بە پێچەوانەی شارستانییەکانی ترەوە ، (کریت) ئابووری لە سەر کشتوکاڵ نەبوو ، بەشێکی زۆر کەمی نەبێ ، دەنا زۆربەی خەڵکەکەی لە سەر بازرگانی دەژیان . لە سەرتادا کریتییەکان وەکو ناوبژیوانێك لە نێوان بازرگانە مێزۆپۆتامییەکان و بەربەرییەکانی کەناراوەکانی ئەورپادا

---

(٤) لە گێڕانەوەیەکدا دەڵێت: (ئاریادن) لە ڕێگەی نەخۆش کەوتووەو مردووە، لە گێڕانەوەیەکی تردا دەڵێ: (دیۆنسیوس)، خواوەندی (شەراب) و شێتی، بە (سیەس)ی ووتووە: کە ئەو پێشتر وەکو خۆشەویستی خۆشەویستی خۆت هەڵیتبژاردووەو دەبێت جێی بهێڵێت.

کاریـــان دەکـــرد . کاتێـــك (میســـر) و (بابـــل) لـــە نزیکـــەی (١٧٥٠ پ.ز) دا ملکەچـــی داگیرکـەرەکانیان بـوون ، کریتییـەکان بـە ئاسایشی لـە دوورگەکەیانـدا (لـە ناڤرەکەیانـدا) مانـەوە . لـە ڕاسـتیدا بـەهۆی پێشبڕکێکانیانەوە (کریـت) پێشبینی نەهامـەتی لێدەکرا . لەگـەڵ تـازە هاتووەکانـدا کـە لـە بـاکوورەوە هـاتبوون و زۆر بـەخێرایی لـە کـەناراوەکانی ئـەورووپادا نیشـتەجێ بـوو ، دەسـتیان بـە بازرگـانی کـرد . کاتێك بەربەرییـەکانی دەوری دەریای (ئیجە) (- گریکی بوون) ، شاری سـەربەخۆیان دروسـتکرد ، بـوون بـە بەشـێك لـە ئیمپراتۆرییەتی مەزنی سەرمایەداری (کریت) .

لـە نزیکـەی (١٧٥٠) بـۆ (١٤٥٠ پ.ز) دا (کریـت) بـوو بـە هێـزی ڕابـەرو پێشـەوای جیهانی کۆن . هەروەها پاشا و دەوڵەمەنـدە ئەرتۆکراتییەکانیشی لە ڕادەبەدەر دەوڵەمەند بوون . کۆشکی (نۆسۆس) (Knossos) کـە لـەو سـەردەمەدا دروسـتکراوە ، یەکێکـە لـەو کۆشکە جوان و گەورانەی کە تاوەکو ئەو کاتە دروسـتکرابوون . کۆشـکەکە لـە رووبـەرێکی (٦٠٠) پێ دووجادا دروستکراوەو لە چـەند نهۆمێك پێـك هـاتبوو . ئەگـەر ئەمریکاییـەکی ئەمرۆ سەردانی کـەلاوەکانی بکـات ، سەرسـام دەبـێ بـە ئـەوەی کـە دەبینـێ هـەر نهۆمێك حـەمامێکی سـەربەخۆی هەیـە . سیسـتەمێکی زۆر چـڕو پـڕی ئـاوو ئـاوەڕۆی تێدایـە دەگوێزرێتەوە بۆ راڕەوێکی زۆر ئاڵۆز . تۆ بڵێی ئەم ڕاڕەوە ئاڵۆزە ئەو وێلگایە بوو بێت کە لە ڕێیەوە گەنجەکانی گریکیان بەرەو چارەنووسینا دەنارد ؟ .

ئەو (فریسکۆ) (Frescoes)یانەی کە بۆ نەخشاندنی کۆشکەکان بـەکارهێنران ، دەتوانن جێـی خۆیـان لـە نێـوان باشترین هونـەرەکانی سـەردەمدا بگـرن . میسـریەکانیش وێنـەیان دەکێشا ، بـەڵام وێنـەکانیان تـەنها مەبەسـتی دینـی و سیاسـییان پیشاندەدا . لـە (کریت) دا هونەرمەندەکان بۆ ئـەوە وێنـەیان دەکێشا کـە شـتێکی جوان بخولقێنن .. لـە ڕاستیشـدا وابـوو ! . وێنـەکانیان وێنـەی ڕێـوڕەسمی بـەرز ڕاگرتنـی خواوەنـدێك ، یـان پاڵەوانێك نەبوو ، بەڵکو وێنەی دیمەنی جوانی سروشت و وێنەی تابلۆ وەرگیراوە ڕاسـت و دروستەکانی ژیانی ڕۆژانەیان دەکێشا . لە وێنەکانیاندا گیانلەبەرانیك دەردەکەون کـە زۆر لـە ڕاسـتی دەچـن و لـە دارسـتاندا خۆیـان حەشـار داوە ، هـەر لـە وێنەکـەدا ژن و پیـاوی ڕووخۆش دەبینرێن یاری دەکەن . هێڵە درێژو کێشراوەکانی نـەرم و نیـانن جووڵەیـەکیان بـە وێنـەکان داوە ، یـان ڕەنگـە دەرەوشـاوە سـەرنج ڕاکێشـەکانی وێنـەی باڵنـدەی تێـدا پیشاندراوە ، وا دەردەکەوێت کە دەجولێت .

لـە گرنگیـدان بـە لـەش و لاری مرۆڤـدا ، (کریتییـەکان) لـە نێـو شارسـتانییەتە کۆنەکانی تـردا جیـاواز بـوون . وەرزش( ڕاکـردن و بـازدان و ئەسـپ سـواری ....) بەشـێکی

گرنگی ژیان بوو له (نۆسۆس) دا و له پاش خۆیان لەلایەن گریکییەکانەوە درێژەی پێدرا . خـانمی کریـت بـه لەبـەرکردنی کەلوپـەلی ڕەنگـاوڕەنگ و زۆر نایـاب دروسـتکراو، جـوانی خۆیانیان دەنوواند . پۆشاکی خانمانیان زۆر له پۆشاکی خانمانی ساڵانی (١٩٠٠ ز) دەچوو ، شوێنەوار ناسان پێیـان دەڵێن : (کچـه گیبسـنەکان) (Gibson girls) . جلێکیـان لەبـەر دەکرد ملیوانی درێژو لەناو قەدەوە بەکەمەر بەند بەسرابوو ... وە تـەنوورە درێـژەکانیان حاشییەکەی له زەوی دەخشا .

لـه نزیکـەی (١٤٥٠ پ.ز) دا نیمچـه بەربەرییـەکانی شـارە کەناراوییـەکانی گریـك ، بەڕووی دەسەڵاتدارانی (کریت) دا هەڵپژان . دوورگەکەیان تەنیەوە و کۆشکە گەورەکانیان سوتاندو دانیشتووانەکەیان کوشت . وڵاتگیرەکان خۆیان له کۆشکە وێرانەکاندا بۆ نزیکـەی نیـو سـەدە دەسـەڵاتیان بردەڕێـوە و پاشـان لـە نزیکـەی (١٤٠٠ پ.ز) دا دووبـارە کۆشـکەکان سوتێنرانەوە و دەرکران . لەو ڕۆژە بەدوواوە ، ئـەو کریتـەی کـە سـەردەمانێك یـەکێك لـە شارستانییەتە بەهێزەکان بوو ، تەنها بوو بە دوورگەی کۆمەڵێك لادێی شوانکارەیی .

# The Indo _ Europeans    هیــندۆ ئەوروپییــەکـان

وەکو تێبینیمـان کـرد، لـە نزیکـەی (١٧٥٠ پ.ز) دا کۆچـکردنی بەربەرییـەکان لـە باکوورەوە کاریانکردە سەر زۆربەی ئـەو شارسـتانییەتانەی کـە لـەو سـەردەمەدا هـەبوون . ئەم بەربەرییانەش هیندۆ ئەوروپییەکانی باپیرانی زۆربەی ئەو دانیشتووانانە بوون ، کـە ئێستا لە (ئەمریکاو ئەوروپاو هیندستان) دا نیشتەجێن . ناوی (هیندۆ – ئەوروپی) ئاماژە نییە بۆ نەتەوەیەك ، یان ڕەگەزێك ، بەڵکو ئاماژەیـە بـۆ کۆمـەڵێك زمـان . لـە بەرئـەوەی زۆربەی زۆری زمانەکانیان لە چەند ئەدگارێك ، یان تایبەتمەندییەکدا هاوبەشن ، دەبێـت ڕۆژگارێك بووبێ ئەم مرۆڤانە پێکەوە بەشداری کەلتوورێکی هاوبەشیان کردبـێ . نـازانین ئەمانە لە کوێوە هـاتوون و تـا نزیکـەی (٢٠٠٠ پ.ز) شـتێك دەربـارەی مێـژوویان نـازانین ، بەڵام ڕەنگە نیشمانی بنچینەییان شوێنێك بووبێ لە باکووری دەریای (قەزوین) کە دەکاتە ناوەندی ڕوسیای ئێستە . لە دەوروبەری (٢٠٠٠ پ.ز) دا لەبـەر چـەند هۆکارێـك بـۆ چـەند کۆمـەڵێکی جـاواز جیابوونـەوە و بـەرەو باشـوورو ناوچـەکانی دەریـای ناوەڕاسـت (دەریـای سپی) دەستیان بە کۆچکردن کرد .

کۆمەڵێك لە هیندۆ ئەوروپییەکان بۆ ناوەندی نیمچە دوورگەی (ئیتالیا) کۆچیان کرد ، کە تا ئەو کاتە ئاوەدان نەکرابووەوە . هەرچـەند ئـەم کۆمەڵەیـە لـە چـەند هۆزێـك پێـك هـاتبوون ، بـەڵام ناسـراوترینیان لاتینـەکان (Latin) بـوون . لـە خۆرهەڵاتیشـەوە کۆمەڵێکی تـری هینـدۆ ئەوروپییـەکان هـەبوون ، ئـەوانیش گریکـەکان بـوون . لـە نیمچـە دوورگـەی گریـك و دوورگـەکانی دەریـای (ئیجـە) (Aegean) و کـەناراوەکانی ئاسـیای بچووکدا گیرسانەوە و نیشتەجێ بوون . هەرچەندە بە دوورگـە و چیاکان لێکدابڕابوون ، بەڵام بەیەك زمـان قسـەیان دەکـرد و پێکـەوە لـە یـەك کـەلتووردا بەشـدار بـوون ، لەگـەڵ ئەوەشـدا هـەرگیز لـە ڕووی سیاسـییەوە نـەیانتوانی یـەك بگرنـەوە . ئـەم ڕاسـتییەش کاریگەری خستەسەر هەموو مێژوویان .

زەوی گریکەکان بۆ کشـتوکاڵ لـەبار نـەبوو ، هـەروەکو بـاب و باپیرانمـان " لەبـەر ئەوەی نووسەر ئەمریکییە ، مەبەستی ئەو کۆچەرانەیە کە یەکەم جار (نیوئینگلاند) یان ئاوەدانکردووتەوە – وەرگێڕ" ، کە کۆچیان کرد بۆ (نیوئینگلانـد) و زانیـان بـۆ کشـتوکاڵ گونجاو نییە ، بۆ دابینکردنی ژیانینان بەڕووی بازرگانیدا سووڕاونەتەوە ، (گریکەکانیش) ئـەمانیش ڕوویـانکردە بازرگـانی و بەرهەمـە کشـتوکاڵییەکانی زەویـە کەناراوییـەکانیان

هێناوە بۆ ئەو بەندەرانەی کە توانراوە بگوێزرێتەوە و لەوێوە لە ڕێی دەریاوە فرۆشتوویانە بە ناوچە شارستانییەکان و لە گەڕانەوەشیاندا لە (میسر) ، یان (بابل)ەوە بەرهەمە ویستراوەکانی خۆیانیان هێناوە .

لە سەرتادا دەوڵەتە شارەکانی (گریك) ، بەشێك بوون لە ئیمپراتۆرییەتی سەرمایەداری (کریت) . بەهۆی پەیوەندییە توندوتۆڵەکەیانەوە لەگەڵ (کریت)دا و بازرگانیان لەگەڵ خەڵکە شارستانییەکاندا ، ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە بۆچی شارستانییەت زووتر گەیشتووەتە گریکەکان، لە چاو (هیندۆ – ئەوروپایی)یەکانی تردا . لە کۆتاییدا گەشەکردنی گریکەکان گەیشتە ئاستێك بوون بە پێشبڕکێ کارێکی (کریت) ، نەك بەردەستێکی . ئەمەش زۆر لە ئەمریکای داگیرکراو و ئیمپراتۆرییەتی بەریتانیا، لە سەدەی (هەژدەیەمی زاییندا) دەچوو . هەر وەکو بینیشمان، لە نزیکەی (١٤٥٠ پ.ز)دا، لە کۆتاییدا شۆڕشیان دژی (کریت) بەرپاکردو هەموو دوورگەکەیان وێرانکرد.

(هیتیەکان – **حیثیون**) (Hittites)، سێیەم کۆمەڵەی هیندۆ ئەوروپاییەکان، لە ناوەڕاستی ئاسیای بچووکدا (تورکیای ئێستە)، نیشتەجێ بوون. هەندێ ئاماژەی خراپەکاریەکانیان نەبێ لە (ئینجیل) دا، تا ئەم دووایانەش شتێکی زۆر کەممان دەربارەیان دەزانی. لەم چل ساڵەی دووایدا، شوێنەوارناسان ئەوەیان ئاشکرا کرد کە (هیتیەکان) لە نزیکەی (٢٠٠٠ بۆ ١٢٠٠ پ.ز) دا ئیمپراتۆرییەتییەکی گەورەیان لە ئاسیای بچووکدا پێکەوە ناوە. هەرکە ئیمپراتۆریەتەکەیان لە ئاسیای بچووکدا جێگیر بوو، هەوڵیانداوە بەو ناوچانەدا بەرەو سوریاو میزۆپۆتامیا ئیمپراتۆریەتەکەیان فراوان بکەن. هەروەها فراوانبوونیان لە (١٧٥٠ پ.ز) دا بووە هۆی لاوازی هەردوو ئیمپراتۆرییەتی میسرو بابل.

لە خۆرهەڵاتی دووەرەوە لقێکی تری هیندۆئەوروپاییەکان، لە نزیکەی (٢٠٠٠ پ.ز)دا رۆیشتنە باکووری هیندوستان. لێرەشدا پاشماوەی شارستانییەتە لاوازبووەکەی (دۆڵی سەند) یان دۆزییەوە کە لە پێشدا شارستانییەتێکی زۆر گەورەیان هەبووە. دانیشتووانی دۆڵەکە پێیان ووتراوە: (دراڤیدیەکان) (Drauidians) و، تەنانەت بەو لاوازی و پووکانەوەشەوە کەلتووریان لە کەلتووری هیندۆ ئەوروپییە داگیرکەرەکانیان پێشکەوتوو تر بووە. لە کاتی داگیرکردنیاندا لەلایەن هیندۆ ئەوروپاییەکانەوە شاریان هەبووە، هەرچەندە بچووکیش بوو، بازرگانیشیان لەگەڵ میزۆپۆتامیاو خۆرئاوادا دەکرد. (دراڤیدییەکان) باڵا کورت و ئەسمەر بوون، بەڵام هیندۆ ئەوروپاییەکان هەروەکو هیندۆ ئەوروپاییەکانی تری ئامۆزایان، باڵا بەرزو پێستیان جوان بوو. لەگەڵ ئەو هیندۆئەوروپاییەکان دەستیان بەسەر کەلتوورو ئایین و بازرگانی (دراڤیدیەکان)دا

گرتبوو، وەکو ڕەگەزێکی شووم (ژێر دەستە) هەڵسوکەوتیان لەگەڵیاندا دەکرد. لەبەر ئەوەی داگیریان کردبوون، ناچاریان کردن پلەی چینی ژێردەستە قبوڵ بکەن. هیندۆ ئارییەکان قبووڵیان نەدەکرد لەگەڵ (دراڤیدیەکان)دا هاوسەرگیری ئەنجام بدەن و پاکی ڕەگەزە جوانەکەیان بشێوێنن. ئەمەش یەکەم هەنگاوی دروستبوونی سیستەمی چینی کۆمەڵایەتی (Saste System) بوو لە هیندوستانداو لەوە بەدووا بەشێوەیەکی زۆر بەرچاو ئالۆزتر بوو.

# بەنـــدی سێـــیەم

## سەردەمی شانشینە بچووکەکان و ئیمپراتۆرییەتە گەورەکان.. (نزیکەی ١٥٠٠ – ٥٠٠ پ.ز)

## The age of Small Kingdoms and Great Empires (about 1500 – 500 B.C)

### میسر:- شانشینی نوێ نزیکەی (١٥٨٠ – ١٠٨٥ پ.ز)...

### Eghpt: - The New Kingdiom…

پێش داگیرکاری (هیکۆس)ەکان، میسرییەکان کە شانازییان بەخۆیانەوە دەکرد، هەزار ساڵ بوو بە سەربەخۆییەکەیانەوە ناسرابوون، لەو ماوەیەدا نزیکەی، بەبێ ئاگاداری جیهـانی دەرەوە زەوییـەکانیان دەکـێڵاو خواوەنـدەکانیان دەپەرسـت و پـەرەیان بـە کەلتوورێکی مەزن دەدا، بەڵام لە ماوەی لاوازییاندا (هیکۆسەکان) بەسەریاندا سەرکەوتن و خاکەکەیان داگیرکردن. (هیکۆسەکان) بێگانە بوون و داب و نەریتی سەیریان هەبوو، وە خواوەنـدی سەیروسـەمەرەیان دەپەرست. لـە نزیکـەی (١٥٨٠ پ.ز) دا، میسـرییەکان دژی زۆربـەی شۆڕشـەکانی تـر، هـەم شۆڕشـێکی نەتـەوەیی و هـەم شۆڕشـێکی جـەماوەری بـوو. شۆڕشەکە دژی بێگانەکان بوو، بەڵام لە هەمان کاتدا شۆڕشی خەڵکی سادە بـوو، دژی ئـەو خانەدانەی کە لە ژێر باڵا دەستی (هیکسۆسەکان) دا سوود مەند بوو بوون.

(عاموس) (Ahmose) پیشەوای شۆڕشەکە، بوو بە (فیرعەون)ی میسر. ئەمەش دەسـتپێکی هەژدەیـەمین زنجیرەی فـەرمانڕەوایی بـوو، وە ئـەم بەشـەی فـەرمانڕەوایی لـە مێژووی میسرییەکاندا بە شکۆدارترین مـاوەی دەسـەڵات دادەنرێت. بـە پاڵپشتی خەڵکە ئاسـاییەکەی میسـر، نـاوبراو تـوانی چـینی خانەدانـەکان کپبکاتـەوەو میسـر بـۆ وڵاتێکـی جێگیری چەقبەستوو بگۆڕێت. لە ژێر دەسەڵاتی هەژدەیەمین فەرمانڕەوایی بنەماڵەییـدا، میسر نەك هەر وازی لە دووره پەرێزی لە جیهانی دەرەوە هێنـا، بـەڵکو هاتـە نـاو ڕەوشـی

جیهانەوەو بوو بە هێزی پێشڕەوی جیهانی کۆن و بەم شێوەیەش بۆ ماوەی پێنج سەدە مایەوە. (توتمس) ی سێیەم (Thutmose III)، (١٤٩٠ – ١٤٣٦ پ.ز) کە یەکێك لە ژەنراڵە بەهێزەکانی سەردەمی کۆن بوو، ئیمپراتۆرییەتێکی میسری دروستکرد. ناوبراو لە باکوورەوە سوریاو فەلەستین و، لە باشووریشەوە (نوبیا)ی "شوێنێکە لە سەرووی نیل و دەکەوێتە نێوان و میسرو سودان – وەرگێڕ" داگیر کردو هەمووشیانی کردە بەشێك لە میسر.

لە شانشینە نوێیەکەیدا چیدی ژیان سادەو بێ دەستێوەردان نەمایەوە، وەك لە میسری پێشوودا هەبوو. بازرگانی و سەرانە خەزێنەکانی پڕ کردبووەوەو چینی سەرەوەش نوقمی جوانپۆشی و خۆشگوزەرانی بوون. ئەم چینە کۆشکی زۆر خۆش و نایابیان بۆ زیندووەکانیان و مەزارگەی زۆر زەبلاحیان بۆ مردووەکانیان دروست دەکرد. فیرعەونەکانی شانشینە نوێیەکە چیدی دڵنیا نەبوون لاشەکانیان دووای مردن لە ناو هەرەمەکاندا دانەن، چونکە کراوە بوون بۆ ئاووهەوا و دزین. لە جیاتیدا کۆشکەکانی ڕۆژی دوواییان لە ژێر قوڵایی کەندەڵانی تاوێرەکاندا لەسەر کەناراوەکانی (نیل) دروستدەکرد.

گەورەترین دەستەکەوتی تەلار سازی ئەم شانشینە، دروستکردنەوەی پەرستگای (کەڕناك) (Karnak) بوو. ئەم پەرستگایە زەوییەکەی ڕووبەری گۆڕەپانێکی یاری، زیاتر لە (٣٠٠پێ) درێژو (١٠٠پێ) پان، داگیر کردبوو. ناوەڕاستی سێ ڕاڕەوەکەی (٧٠پێ) لەسەر بەرزتر بوو ئەم تاوەرانەش بە کۆڵەکەی زۆر گەورە، تیرەکەی (١٠ پێ) بوو، ڕاگیرکرابوو. هەروەها بەڕەنگێکی بریسکاوەی ڕووناك بۆیە کرابوو، بۆ ئەوەی لەگەڵ جوانی سروشتدا هاوتەریب بێت. لە شوێنێکی وادا مرۆڤ نەیتوانیوە وا هەست نەکات کە لە جێی خواوەندێکدایە.

(ئامن حوتپ) (Amenhotep .IV)ی چوارەم (١٣٧٥ – ١٣٥٨ پ.ز) لە شانشینە نوێیەکەدا فیرعەونێکی زۆر کاریگەر نەبوو، بەلام بە دڵنیاییەوە یەکێك لە سەرنجڕاکێشترینیان بوو. ئەگەر خودی خۆی شتێکی زۆر گرنگی بە ئەنجام نەگەیاندبێ، بەلام بەهۆی (نەفرتیتی، یان نەفراتیتا) (Nofretete)ی خێزانیەوە مێژوو لە بیری ناکات.

لە پاش زیاتر لە (٣٠٠٠ ساڵ)، ئەو پەیکەرەی (نەفراتیتا) کە تەنها لە سنگییەوە بۆ سەرەوەیەتی، هێشتا چ وەك کارێکی هونەری و چ وەك پەیکەری خانمێکی جوانی سەرنج راکێش نایابە. (ئامن حوتپ) هەر لە سەرەتای دەسەڵاتییەوە چەند شتێکی

راگەیاند:- فرە خواوەندی نابێت، تەنها خوایەك هەیە ئەویش (ئاتێن) (Aten)ە، خۆر (ئاتێن) دەسەڵاتی رەهای هەبووەو تەنها خواوەندی میسرییەکان نەبوو، بەڵکو تاکە خواوەندی هەموو جیهان بوو. بۆ بەرز راگرتنی خواوەندەکە (ئامن حوتپ) تەنانەت ناوی خۆیشی گۆڕی بۆ (ئخناتێن) (واتا: لێیخۆشبێ). نەریتی پەرستنی سەردەمی ناوبراو یەکێك لە هەرە دیارترین ڕووداوەکانی مێژووە، چونکە یەکەمین نموونەی یەکتاپەرستییە، باوەڕ بوون بەیەك خواوەند. بۆ هەزاران هەزار ساڵ دەبوو مرۆڤ چەند خواوەندێکی دەپەرست. ئینجا لە ناکاو لە نزیکەی (١٣٧٠ پ.ز) دا، تا ئەو رادەی ئاگادارین، بەبێ هیچ پێشینەو ئاگادار کردنەوەیەکی بانگخوازەکانی یەکتاپەرستی، خودی (فیرعەون) بوونی تەنها خواوەندێکی بۆ هەموو جیهان راگەیاند. (ئایین) باڵا دەسترین بەدیهێنەری هەموو شتەکان بوو. خواوەندێکی داد پەروەریش بوو، بۆیە فەرمانی بەخەڵك دەکرد کە هەڵسووکەوتیان لەگەڵ یەکتردا دادا پەروەرانە بێت. ئەو خواوەندێکی دڵسۆزو خۆشەویست بوو، هەر بۆیە داوایشی لە خەڵك دەکرد لەگەڵ یەکتردا بە خۆشەویستی هەڵسوکەوت بکەن.

بۆچی (ئەخناتێن) ئەم شۆڕشەی هەڵیگرساند؟ ڕەنگە گرنگترین هۆکار ئەوە بووبێت خۆی باوەڕی پێی بووە. هەروەها ناوبراو بەهانەی سیاسیشی بۆ ئەم مەبەستە هەبووە، چونکە ڕێبەرە دینییەکانی میسر دەوڵەمەندو بە دەسەڵات بوون و بەرهەڵستی دەسەڵاتی فیرعەونییەکانیان دەکردو باوەڕ (عقیدە)ی خەڵکە سادەکەیان بۆ خۆیان قۆرخ کرد بوو، بەڵام بە دامەزراندنی ئایینێکی بەتەواوەتی نوێ، (ئەخناتێن) بنچینەی دەسەڵاتی لە کاهینەکان (ڕێبەرە دینییەکان) وەرگرتەوە.

بەمردنی (ئەخناتێن)، ئایینەکەی کۆتایی نەهات، بەڵام ئەو خەڵکەی ناوبراو دەیەویست یارمەتییان بدا، زۆر پارێزگار بوون و بە ئاسانی نەدەگۆڕان. بۆ چەندین سەدە میسرییەکان پێیان وابوو (ئامون – ڕی) (Amon – Re) خۆرهەڵاتیان بۆ دێنێ و (ئۆسیریز) (Osiris) یشیان دەپەرست بۆ نەمری. ئەم بابەتانە لە شێوازی ژیانی خەڵکیدا زۆر بە قوڵی ڕەگیان داکوتا بوو، نەدەتوانرا هەروا بە ئاسانی لە چاوترکانێکدا بگۆڕدرێت.

دەسەڵاتەکی (ئەخناتێن) دوای خۆی لەلایەن (توتنخئامێن) ی زاوایەوە درێژەی پێدراوە. پاشای نوێ هێشتا منداڵ بوو کە هاتە سەر تەخت و کە مردیش هەر گەنج بوو. لە ژێر دەسەڵاتی لاوازی ئەمدا کاهینە (ڕێبەرە) دینییەکان دووبارە خۆیانیان بۆ سەر دەسەڵات گەڕاندەوە. (توتنخئامێن) (فیرعەون) ێکی زۆر گرنگ نەبووە، بۆیە گڵکۆیان لە

شـوێنێکی نادیـارو لـه ژێـر تـاوێردا هەڵکەنـدووه، لـه مـاوەی سێ هـەزار سـاڵی ڕابـردوودا ژمـاریـەکی زۆری یـەك لـه دوای یـەکی قـەبر دزەکـان قـەبری گـەورەترین فیرعەونـەکانیان پشکنی، بەڵام ئەوەی ئەمیان نەدۆزییـەوە. شـوێنەوار ناسـی بـەناوبانگی بـەریتانی (هـاوَرد کارتە) (Howard Carter) له ساڵی (١٩٢٢ز)دا گڵکۆکەی به دەست لێنەدراوی دۆزییەوە، ئەم گڵکۆیەش گەورەترین سامانی زانیاری لەسەر ژیان له شانشینی نوێدا خسته دەستمان.

له سـەردەمی فـەرمانڕەوایی (ئـەخناتێن) و (توتنخئـامێن)دا کۆمەڵگـەو هونـەری میسری گەیشته بەرزترین ئاست، بەڵام دەسەڵاتیان ڕووی له لاوازی کرد. ناوچـەکانی ژێـر دەسەڵاتی میسر له سوریاو فەلەسـتین سـەربەخۆیی خۆیانیـان بەدەسـت دەهێنایـەوە، یـان خۆیان دەدایه پـاڵ ئیمپراتۆرییـەتی هیتیـەکان. دووایـن فیرعەونـه بەناوبانگـەکانی میسـر (ڕامیسـی دووەم) (Ramses II) (١٢٩٢ – ١٢٢٥ پ.ز) و (ڕامیسـی سـێیەم) (Ramses III) (١١٩٨ – ١١٦٧ پ.ز) بوون. ئەمانه زیـاتر ژەنـراڵ بـوون تـاوەکو پاشـا. لـه زۆربـەی ئـەم ماوەیەدا، میسرییەکان بەشـێوەیەکی زۆر سـەخت لەگـەڵ ئیمپراتۆریـەتی هیتییەکانـدا بـۆ بەدەست هێنانەوەی سوریا له جەنگەدا بوون، ئەم شەڕە یەك له دوای یەکانه هێزی لەبەر هەردوو ئیمپراتۆریەتەکه بڕیبوو. له نزیکەی (١١٠٠ پ.ز)دا هیتییـەکان بـۆ دەسـەڵاتی سـێ یـەم لاوازبـوون و میسـرییەکانیش بـۆ چـەند سـەدەیەك بـه سـەربەخۆیی مانـەوە، بـەڵام سەردەمی باڵا دەستییان بەسەر چوو بوو.

# فیـنقیـیەکـان The Phoenicians

لـە نزیکـەی (١١٥٠ بـۆ ٨٥٠ پ.ز) دا هـیچ ئیمپراتۆرییـەتێك لـە جیهـانی کۆنـدا باڵادەست نەبوو. (کریت) نەمابوو وە میسرو ئیمپراتۆرییـەتی هیتـی و میزۆپۆتامییـەکان لەبـەر شـەڕ هـیلاك و لاواز بـوو بـوون. لـە مـاوەی ئـەم (٣٠٠) سـاڵەدا، چـەند شانشـینێکی بچووکتر هەوڵی ئەوەیان بۆ ڕەخسا کە لەسەر شانۆی مێژوو چەند دێڕێك بڵێن.

لە ماوەی ئەم چەرخەدا، (فینقییەکان) دەستیان بەسەر جیهانی بازرگانیدا گرت. ئەمانـە لەشـێوەی چـەند دەوڵەتـە شـارێکی زنجیرەیـی و سـەربەخۆو بچووکدا لـە ناوچـە بەردەڵانـەکانی سـوریاو فەلەسـتین دا دەژیـان. زەوییەکـەیان بـۆ کـێڵان نـەدەبوو، بۆیـە ڕوویانکردە بازرگانی. لە گرنگترین شارەکانیان (سور- صور) (tyre) و (سیدۆن، یان سیدا) (Sidon)، (جەبیل) (Byblos) بوون. جەبیلییەکان پیشەیان دروسـتکردنی کتێـب بـوو لە (پەیرۆس) (Papyri)ی میسرییەکان. بەم هۆیەشەوە گریکەکان بـە کتێبیـان ووتـووە: (Biblos) و هـــەر لـــەم ووشـــەوە (Bible) تـــەورات و (بیبلـــۆگرافی) (Bibliography)(کتێب نووسیین) مان وەرگرتووە، ئەم شارانە مەڵبەندی کۆبوونەوەی هەموو دانیشتووانی جیهان بوون و لەگـەڵ ئـەوەی زۆر پـیس و قـەرەباڵغ بـوون، بـەڵام لـە هەمانکاتدا هەمیشە خۆش و سەرنج ڕاکێش بوون، هەروەکو لە هەموو بەنـدەرەکانی ئـەم سەردەمەدا، مرۆڤ دەیتوانی خـەڵکی هـەموو شـوێنە ناسـراوەکانی ئـەو سـەردەمەی جیهـان ببینێت. مرۆڤ دەیتوانی نزیکەی هەموو شتێك بکڕێ و هەموو جۆرە سەودایەك بکات، وە هەموو خەڵکی خۆش مەشرەب بوون، بەڵام ڕاستگۆیان کەم بوو.

کاتێك لە (١٤٠٠ پ.ز) دا (کریت) ڕووخا، بازرگانە فینقییەکان بوون بە میراتگـری زۆربـەی بازرگانییـە پـان و بەرینـەکانی دەریـای ناوەڕاسـت. (فینقییـەکان) لـە دەریاوانیـدا چاونەترس بوون، تەنانەت بەکەشتییە بچووکەکانیانەوە سەرکەشییان دەکردو بە زەریـای ئەتڵەسیدا دەچوون بۆ دوورگەی بەریتانیا بۆ هێنانی تەنەکە (لـە دروسـتکردنی برۆنـزدا بەکار دەهێنرا) بەم شێوەیەش ئەمان یەکەمین مرۆڤی شارستانی بوونە کە لە خۆرهەڵاتی ئەوروپادا نشتەجێ بن.

گەورەترین دیاری (فینقییەکان) بە مێژوو (ئـەلف و بـێ) کـەیان بـوو. خـەڵکێکی بازرگـانی وا سـەرقاڵ پێویسـتییان بـە جـۆرە نووسـینێکی گونجـاو هـەبوو. بۆیـە هەسـتان

نووسینه وێنەییەکەی میسریان هێنا و سادەیان کردەوە. سیستەمی نووسینەکەیان هێندە کرداری (عملی) بوو، چەند سەدەیەکی دوواتر گریکەکان دەستیان بە بەکارهێنانی پیتەکانی ئەمانکرد بۆ زمانەکەی خۆیان، بەڵام دوواتر (لاتینەکان) لە هەوڵێکدا دەستیان بەسەر (ئەلف وبێ) ی گریکەکاندا گرت و بەو شێوەی کە لەگەڵ پێداویستییەکانیاندا دەگونجێت گۆڕییان. ئەم دوو (ئەلف وبێ) یە هێشتا تا ئەمڕۆش لە جیهاندا بەکار دەهێنرێت:- گریك لە ڕووسیا و خۆرهەڵاتی ئەوروپا، لاتینیش لە خۆرئاوای ئەوروپا و ئەمریکا.

## ئارامییەکان(٥) The Aramaeans

خاڵی پەیوەندی نێوان بازرگانی دەریای فینقییەکان و ڕووباری میزۆپۆتامییەکان، ئارامییەکان بوو کە وشتر و گالیسکە (کەرڤانە) یان بەکار دەهێنا بۆ بازرگانی کردن لە نێوان ناوچەکانی دەریای ناوەڕاست و دۆڵی نێوان هەردوو ڕووباری دیجلەو فوراتدا. ئەمانە دوا کۆچڕەوی سامییەکان بوون کە لە دوورگەی عەرەبییەوە هاتبوون و لە نزیکەی (١٦٠٠ پ.ز) لە سوریادا نیشتەجێ بوون. پایتەختیان شاری (دیمەشق)بوو کە لە مێژوودا کۆنترین شارە لە جیهاندا کە بە بەردەوامی مرۆڤی تێدا ژیابێت.

---

(٥) Aram وشەیەکە لە تەوراتدا بۆ دانیشتووانی کۆنی سوریا بەکارهێنراوە.

## The Hebrews عیبرییەکان

شانشینە بچووکەکەی (عیبرییەکان) کەوتبووە باشووری ئارامییەکانەوە. یەکێك لە کەم بایەخترین چەند شانشینێکی سامین کە لەم چەرخەدا بوونیان هەبوو، بەڵام تاوەکو ئێستا بۆ ئێمە مێژوویان لە مێژووی هەموو ئەو خەڵکانە گرنگترە کە لە پێش گریك دا هەبوون. لە ماوەی مێژوویاندا، (عیبرییەکان) پەرەیان بە چەمکێکی تێگەیشتنی خودا دا.ئەو چەمکەش لە کۆتاییدا بوو بە بنچینەی هەر سێ ئایینە گەورەکەی جیهانی خۆر ئاوا: (جو، مەسیحی، ئیسلام). لە کتێبە پیرۆزەکانیداندا بابەتی سەرنج ڕاکێش و بەگشتی ووردمان لەسەر مێژوویان و هەروەها لە سەر میسر و میزۆپۆتامیا دەست دەکەوێت.

(عیبرییەکان) ناوچەیەکیان داگیرکرد پێیان دەوت: (فەلەستین) (Palestine). ناوچەکەیان دۆڵێکی تاڕادەیەك قاقڕو ووشك بوو، لەلایەکەوە بە زنجیرە چیایەك دەورە درابوو کە لە دەریا دابڕیبوون و لەلاکەی تریشەوە بە دەریای (ئوردن) دەورە درابوو. لە نزیکەی (١٣٠٠ پ.ز)، فەلەستین لە لایەن (کەنعانییەکان) ەوە داگیرکرا. ئەمانە خەڵکانێکی سامی ڕەگەز تێکەڵی هیتی هیندۆئەوروپی بوون. کەلتووریان زیاتر سەربە کەلتووری سامییە پێشکەوتووەکانی وەکو (فینقییەکان) و (ئارامییەکان) و (بابلییەکان) بوو، کە دەکەوتە سەر سنوورەکانیان. خواوەندی سامییەکانی میزۆپۆتامیایان دەپەرست و هەروەها خۆشیان خواوەندێکی خۆماڵیان بە ناوی (بەعل)(Baalim)ەوە هەبوو.

شوێنەوارناسی پیشانیدەدات کە لە نزیکەی (١٣٠٠ و ١٢٠٠) ی پێش زاییندا کۆمەڵێکی سامییەکان، عیبرییە، لە دوورگەی عەرەبییەوە هاتوون و فەلەستینیان داگیرکردووە. عیبرییەکان بە چەند شەپۆلێك لە دەریای ئوردنەوە پەڕینەوە و شارەکانیان بە کەنعانییەکان چۆڵکرد و دەریانکردن. زۆربەی عیبرییەکان ڕەنگە بنچینەیان بیابانی نیمچە دوورگەی عەرەب، یان سەرووی دۆڵی میزۆپۆتامیا بووبێ، بەڵام بەڵگەش هەیە کە لەلایەن کۆمەڵێکی هەڵبژێردراوی سامییەوە، کە لەو دوویانەدا میسریان بەجێهێشتبوو، پێشڕەوی کراون. ئەمانە ئایینێکیان هێنایە فەلەستین زۆر لە ئایینی کەنعانییە ڕەسەنەکە جیاوازبوو. خوایەکیان دەپەرست بەناوی (جیهۆڤا) (Jehovah) و ئەم خوایەش بەشێوەیەکی زۆر تایبەت ڕێگەی لێدەگرتن کە خوای خەڵکانی تر بپەرستن

(جیهۆڤا) دابینکەر و پارێزەر بوو، لە تەنگانەدا بە پارێزراوی ڕێبەری دەکردن و دڵنیایی کردبوونەوە کە لە کۆتاییدا فەلەستین داگیردەکەن.

دووای چەند سەرکەوتنێك و چەند کشانەوەیەك، ئەوە ڕوونبووەوە کە (عیبرییەکان) بەسەر (کەنعانییەکان)دا زاڵدەبن. پێش ئەوەی سەرکەوتنەکەیان بگاتە ترۆپك، دووژمنێکی نوێیان لە فەلەستین (Palestine) دا بۆ پەیدا بوو. ئەوانیش (فەلەستینەکان) (philistine) بوون. "Philistine دانیشتووانێکی کۆنی فەلەستین بوون – وەرگێڕ"، فەلەستینەکان هیندۆپەوروپی بوون و پەیوەندییان لەگەڵ گریکدا هەبوو. ئەمانە لە ئاسیای بچووکەوە لە ڕێگەی (کریت)ەوە هاتبوون و لە ژێر سەرکردایەتی بازرگانە گەڕۆکەکاندا، لە وڵاتێکی تازە دەگەڕان. لەو کاتەشدا (فینقییەکان) لای باکووری فەلەستینەوە دامەزرا بوون. بۆیە (فەلەستینەکان) پێداویستییەکانیان لە باشوورەوە، لە ڕێگەی بەندەرە سەرەکییەکەیانەوە لە (غەزە)وە، بە دەست دەهێنا.

دووای داگیرکاری فەلەستینییەکان، ناوچەیەکی زۆر بچووکی فەلەستین بوو بە مەڵبەندی شەڕی سێ لایەنەی نێوان (کەنعانییەکان) و فەلەستینییەکان (Philistines) و (عیبرییەکان). فەلەستینییەکان چەکی نوێی وەکو نێزە (ڕم)ی ئاسنی یان هێنا بوو.. ئەمەش ترسی لە دڵی خەڵکە سادە بیابانییەکاندا دروستکرد بوو. لە ژێر ترسێکی وادا، عیبرییەکان بڕیاریاندا واز لە سیستەمی خێڵی بێنن و لە ژێر دەسەڵاتی یەك پاشادا کۆببنەوە. بۆیە داوایان لە پێشەوایەکی ئایینی کرد کە ناوی (ساموئیل) (Samuel) بوو، کەسێکیانی بۆ هەڵبژێرێت. (ساموئیل) لەگەڵ بیرۆکەکەدا نەبوو، بەڵام بەناچاری ( تالوت) (Saul) ی هەڵبژارد کە جەنگاوەرێکی شوانی بەهێز بوو.

(تالوت)[٦] بە سەرکردەیی باشتر بوو لەوەی کە پاشا بێ. پێشەوایی چەندین سەرکەوتنی خێڵە (عیبرییەکان) ی کرد و لە تاکە میللەتێکدا یەکی خستن، بەڵام لە کۆتایی ژیانیدا، ناوبراو ئەو گرنگییەی نەما. خۆشەویستی جەماوەر (داوود) (David) بوو. ناوبراو سەرکردەیەکی گەنج بوو لە سوپای (تالوت) دا. خوشکێکی (تالوت) کە ئەندامی خێزانی پاشایی بوو، لە (داوود) مارەکرا. کاتێك لە نزیکەی (٩٨٠ پ.ز) دا لە شەڕێکدا (تالوت) کوژرا، (داوود) بوو بە پاشا.

---

(٦) لە قورئانی پیرۆزدا (ساموئیل) بە پێغەمەر ناوی هاتووە و (تالوت) ی بۆ سەرکردایەتی میللەتی (عیبری) هەڵبژاردووە – وەرگێڕ.

(دادوود) یەکێك لە درەوشاوەترین پاشاکانی مێژووە. لەو ماوە کۆنەی مێژوودا هیچ کەسێك نییە بە ئەندازەی ئەو زانیاریمان لەسەری هەبێت. لە (کرۆنیکل) یان تۆمارە مێژووییەکانی (عیبرییەکان) دا ، (داوود) وەکو پاڵەوانێك باسناکەن، هەروەکو چۆن میسرییەکان و بابلییەکان لە تۆمارە مێژووییەکانیاندا باسی شاکانیان کردووە. لە کتێبەکانی (ساموئێل) و پاشاکاندا، (داوود) وەکو مرۆڤێکی خوێن گەرم دەبینین و وەك هەر گەسێکی ئاسایی خاوەن چاکەو خراپەیە. "بەپێی سەرچاوە عیبرییەکان – وەرگێڕ". لە گەنجیدا دەبینین وەکو کەسێکی بە تەماح و ئارەزوو، پیلان دژی خەزووری دادەڕێژێت. لەو کتێبانەدا ناوبراو، وەکو پاشایەکی گەنج، لە دووای سەرکەوتنەکان بە مەستی دەبینین کە لەلایەن ژنەکەیەوە ڕێنمونی دەکرێت. لە تەمەنێکی بەتەمەنتردا دەبینین تامەزرۆیەکی فیزێکی بۆ (سابغی کچی شائع) (Bath – sheba) داگیری کردووە. (ئەم ئافرەتە، ژنێکی شووکردەی دراوسێیان بووە) دوواتر، لە پارچە نووسراوێکی ئەدەبیدا، (داوود) یکی پێگەیشتوو، دەبینن کە کوڕەکەی زۆر زۆر خۆش دەوێت، بە ئەندازەیەك ئەگەر خیانەتیشی بکردایە، لێی خۆش دەبوو.

ئەوە (داوود) کە شانشینی (ئیسرائیل) (Israel) ی دامەزراند. لە سەرەتای دەسەڵاتیدا شاری (ئۆرشەلیم) ی کەنعانییەکانی داگیر کرد، قەڵایەکی بەرز بوو لەسەر گردێك، و کردیە پایتەختی شانشینەکەی. هەر لێرەشدا دەوڵەتێکی ناوەندی لەگەڵ سیستەمێکی بیرۆکراسی و سوپایەکی بەهێزدا پێکەوەنا. بە زوویی توانی فەلەستینەکان بشکێنێ و ترسی لەسەر سنوورەکانی بڕەوێنێتەوە. هەروەها داگیرکردنی (کەنعانییەکان)ی تەواو کردو خستییەك سەر دەوڵەتی (عبیرییەکان).

لەلایەن (سولەیمان) (Solomon) (٩٧٠ – ٩٣٠ پ.ز) ی کوڕییەوە درێژە بە دەسەڵاتەکەی (داوود) درا. ئەم چیدی وەکو (داوود) و (تالوت) پاشایەکی شوانکارەی جەنگاوەر نەبوو، ویستی بەهەمان شێوەی شکۆداری و پیرۆزی (فیرعەونەکان) ی میسر حوکمڕانی ئیسرائیلی بچووك بکات. ئەو کۆشك و پەرستگایانەی (داوود) نەخشەی بۆ کێشابوو، لە لایەن (سولەیمان) ەوە بەشێوەیەکی وا دروستی کردن لە دەرەوەی توانا و ڕێژەی سامان و داهاتی شانشینەکە دابوو. لە ئەنجامی ئەم دەستبلاوییەیدا، خەڵکی باجێکی زۆریان لێسەنرا و ئیشێکی زۆریان پێکرا. لە کاتی مردنی (سولەیمان) دا ، (١٠) خێڵی باکوور ڕاپەڕین و شانشینێکی جیایان بۆ خۆیان دروستکرد. ئەم شانشینە نوێیەی باکوور، هەر وەکو شانشینە گەورەکە، ناونرا (ئیسرائیل) و پایتەختەکەشی شاری (سامریە) (Samaria) بوو. بەشە باشوورییەکەی شانشینەکە، لەم کاتەدا، لە دوورەگەی

(ڕوود) (Rhade) گەورەتر نـەبوو، وە بێکـەڵکترین ناوچـەی کشتوکاڵیشی هـەبوو کـە بـە یەهودا (جوداه) ناسرابوو. پایتەختی ئەم شانشینەیان هەر لەساڵێکی تریشی شانبەشانی یەکتری مانەوە، بەڵام هەندێ جار بە ئاشتی و بە زۆری لە شەڕدا بوون.

لـە مـاوەی ئـەم دوو سـەدەیەدا، پەرسـتنی خـوای عیبرییـەکان، (جێهۆڤـا) (Jehovah)، بـاوێتی کـەمی کـرد. (جێهۆڤـا)ی خـوای بیابـان کۆچـەرە گەڕۆکـەکانی لـە برسـێتی و تـرس دەپاراسـت، بـەڵام دووای سـەردەمی (داوود)، (عیبرییـەکان) چـیدی بـە کۆچەری و گەڕۆکی نەمانەوە، بەڵکو بەدیار جووتیـاری و بازرگانییـەوە نیشتەجێ بـوون. (جیهۆڤا) بوو بە خواوەندی ڕەسمی دەوڵەت و لە شوێنی شتە پیرۆزەکانـدا لـە پەرسـتگەی سولەیماندا لە (ئۆرشەلیم)، دانرا و بۆ خەڵکی لەبەر دەستدا نەبوو. "واتـا: کـرا بـە بـت – وەرگێـڕ". لـەم بارودۆخـەدا میسـرییەکان سـەرنجیان بـۆ لای خواوەنـدەکانی کشـتوکاڵی (کەنعانییەکان) ڕاکێشرا. ئەم (بەعلیم) (Baalim)انە هەموو هێزێکی جادوویان هـەبوو کە جووتیارەکان دڵنیا بکەنەوە لە خۆر و بارانی گونجاو و هەروەها لە چارەسـەری ئافـاتی ڕووەك. لـە (ئیسرائیل)دا تەنانـەت جێگـەی (جیهۆڤـا)ی گرتـەوە، بەتایبـەتی لەسـەردەمی دەسـەڵاتی (لاجـب) (Ahab) و (جێزابێـل)ی خێزانیـدا. ئـەم (جێزابێـل)ە فینقییـەکی چەقاوەسوو بوو.

لە نزیکەی (٧٥٠ پ.ز)دا زنجیرەیـەك بـانگخوازی لێهـاتوو کـە بـە پێغەمبـەر ناسـرا بوون، کاریان کردە سەر دووبارە پەرستنەوەی (جێهۆڤا). سەرکەوتووترینیشیان (ئیلیـاس) (Elijah) و (ئیلیسەع)ی بەپەرۆش بوون، زۆر بەتوندی کاریگەرییان کـردە سـەر گـۆڕانی خواوەندە بیانییەکان کە بەهەڵە لەلایەن خەڵکەوە دەپەرستران و ڕاپـەڕینێکی خوێناویـان هەڵسـاند، کـە لـە کۆتاییـدا بـوو بـەهۆی رووخـانی هـەردوو تـەختی پاشـایەتییەکە، کـە شـوێنکەوتووی (بـەعل) بـوون. دووبـارە پەرسـتنەوەی (جیهۆڤـا) لەلایـەن (عـاموس) (Amos)ەوە، کە شوانێکی ئاسایی بوو هاتبوو بۆ شـاری (بەعلەبـەك) (Beth – el) بـۆ خواپەرستی لە پەرستگەدا، دانرایـەوە. (عـاموس) لـە شێوەی یاسا بازرگانییـەکانی نێـوان خەڵکی، زۆر ترسا و بەهۆی ئەو شێوە بازرگانییەوە لە هاتنی کارەساتێکی شووم و ترسناك ئاگاداری کردنەوە. لە ماوەی ئاگر و گۆگرد بارینەکـەدا کـە (عـاموس) ئاگاداری کردنـەوە، چەند گۆڕانکارییـەك لـە چـەمکی مانـای (جێهۆڤـا)دا دەبینـین:- یەکـەم/ (جێهۆڤا) خـوای تـەنیا عیبرییـەکان نییـە، بـەڵکو خـوای هـەموو خەڵکییـە. دووەم/ (جێهۆڤـا) خـوای دادپەروەرییە. چـەند سـاڵێکی کـەم دوواتـر (هۆسـیا) (Hosea) ڕایگەیانـد کـە (جێهۆڤـا) خوای خۆشەویستی و بەزەیی نەبڕاوەشە. ئەم تایبەتمەندییانە پێکەوە، یان بەشـێوەیەکی

ساده واتـا:- (ئـایینی یـەکتا پەرسـتی). ئـەم جـۆرە تێگەیشـتنەی عیبرییـەکان لـە خـوا، کاریگەرییەکی گەورەی هەبوو لەسەر چەمکی خوا لای جیهانی خۆرئاوا.

## ئـاشـوورییـەکـان The Assyrians

لەو کاتانەیدا کە (عیبرییەکان) سەرقاڵی فەلسەفەی خۆشەویستی و دادپـەروەری بوون، لەو لاشـەوە میللـەتێکی تـری سامی کـە ئاشـوورییەکان بـوون، سـەرقاڵی فەلسـەفەی دەسـەڵات و دەڕنـدیی بـوون. (ئاشـوورییەکان) لـە سـەرەوەی (دیجلـە) بـە (٣٥٠ میـل) لـە سەرووی بابلەوە بوون، خاکەکەیان کراوە بوو بۆ پەلاماردان لە هەر چوار لاوە، بەتایبـەتی لەلایـەن (هیتییـەکان)ەوە. نـەبوونی سـنووری سروشـتی و دەورەدان بـە دوژمـن، وایلـە (ئاشوورییەکان) کرد، بۆ ئـەوەی بمێننـەوە و بـبن بـە میلـەتێکی سـەربازی و جـەنگاوەری. شەڕ بوبوو بە شێوازی ژیانیان و دڕنـدەیش یاساکانیان. گرنگیـدان بـە بـەرگری کـردن لـە خۆیان، وایلێکردن کە بـە ئامادەباشـی بـۆ چـەند سـەدەیەك بمێننـەوە. کاتێك لاوازبـوونی (هیتییەکان) لـە ئێشـکگری ئـازادی کـردن، ئـامێرە جەنگییـەکانیان بـە ڕووی میللەتەکـەی خۆیاندا سووڕاند. لە ماوەی نێوان (٩٠٠ بۆ ٧٠٠ پ.ز)دا، سەراپای خەڵکە سامییەکانی تـری جیهانی کۆنیان داگیرکرد، یان ڕاستەوخۆ خستیانە سـەر (ئیمپراتۆرییـەتی ئاشـووری)، وە یـاخوود لاوازیـانکردن بـۆ دەسـەڵاتی بچـووکی سـەربە ئیمپراتۆرییـەت، تەنانـەت بـۆ ماوەیەکیش میسریان داگیر کرد.

لە کاتی داگیر کارییەکانیانـدا زۆر بێبـەزەیی و دەڵـڕەق بـوون. هـەر شارێك خـۆی بەدەسـتەوە نـەدابا، بـە تـەواوەتی خـاپوور دەکـرا، ئینجـا هەرچـی ژن و پیاویـان هـەبوو سووکایەتییان پێـدەکراو دەکوژران؛ منداڵەکانیشیان کۆدەکرانـەوە و بـە کۆمـەڵ هـەر بـە زیندوویی دەسوتێنران. بۆ ڕێگرتن لە شۆڕشی ناوخۆیی، ئـەو ناوچـانەی داگیریـان دەکـرد، هەموو دانیشـتووانەکانیان ڕاگوێزدەکرد. ئەمـەش بـۆ ئـەو خەڵکانـەی کـە تووش دەبـوون شتێکی دڕندانە بوو، بەڵام لە ڕاستیدا ئەم ماوەیە بوو بەهۆی تێکەڵاوکردن و بەپیتکردنی کەلتوورە جیاوازەکانی جیهانی کۆن.

لە ماوەی داگیرکارییەکانی (ئاشوور)دا، هەردوو شانشینی بچووکی (ئیسـرائیل) و (یـەهودا – جـوداه) سـەربەخۆییەکی سەرشـۆڕانەی سـەر بـە (ئاشـوور)یان هـەبوو. لـە هەولێکدا لە (٧٢٢ پ.ز)دا پاشای (ئیسرائیل) چووە پاڵ پاشای (سـوور – صـور) (Tyre)ی

هاوپــەیمانی. بۆیــە پاشــای ئاشــووری (ســەرجۆنی دووەم) (Sargon II) و لەشــکرە بەربەرییەکەی دایان بەسەر (ئیسرائیل)دا. (سامریە) وێرانکرا و خەڵکەکەشی، یان درا لە ملیـان، یـان بـۆ بەشـەکانی دیکـەی ئیمپراتۆرییەتەکـە گوێزارنـەوە و لـەوێش ناسـنامەی خۆیانیان لە دەستدا. لەوە بە دووا، هیـچ پاشماوەیـەکی (١٠) خێڵە ئیسرائیلییەکە بـوونی نــەما. ناوچــەکەش، کــە دوواتــر پێیــدەووترا: (ســامریە)، لەلایــەن خــەڵکانێکی تــرەوە ئاوەنداکرایەوە، بەڵام لە پـاش (٧٢٢ پ.ز)ەوە، گونجاوتر وایـە بـە (عیبرییـەکان) بگوترێـت (جوولەکەکان)، چونکە ئـەو خەڵکەی مانـەوە تـەنها لـە دانیشتوانی (یـەهودا) (Judah) بـوون. چارەنووسـی ئیسـرائیل بـوو بـە ئاگادارکردنەوەیـەك بـۆ (یـەهودا)، تـاوەکو بـە گوێلەمشتی لە فـەرمانی ئاشـوورییەکان دەرنـەچێت و هـەر وەکو ژێردەسـتەیەکی ئاشـوور بمێنێتەوە.

ئاشـوورییەکان شـتێکی بنچینەییان نەبەخشـییە نـەوەکانی دوای خۆیـان، بـەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆر زۆر قەرزارباریانین. وەکو ئەو میللەتانەی کە خەڵکەکانی خۆیانیان بەهۆی داگیرکارییەوە یەکدەخست، (ئاشـوورییەکان)یش شـانازییەکی بێپایانیـان بـەمیراتی کەلتووریکەوە دەکرد، خۆیان هـیچ شـتێکی ئـەوتۆیان لـە پێکەوەنانیـدا نـەکردبوو، لەگـەڵ ئـەوەی مـاڵی حازریـان داگـیر کردبـوو، داوای ڕابردووشـیان دەکـرد. پاشـای ئاشـوورییەکان (ئاشوور بانیپاڵ) کتێبخانەیەکی گەورەی تاتەقوڕی نووسراوی دروسـتکرد، تێیـدا هەرچـی نووسـینێکی شـکبردبوو لـە مێـژووی میزۆپۆتامیـادا کـۆیکردەوە. ئێمـە زیـاتر لـە ئاکـامی پاشماوەی کتێبخانەکەی (ئاشوور بانیپاڵ) ەوە شتێك لە بارەی سـەردەمی (حـامورابی) ەوە دەزانین، تاوەکو سەرچاوە فەرمییەکان.

بۆ ماوەی زیاتر لە دوو سەدە، ئاشوورییەکان میزۆپۆتامیایان کۆنترڵکرد. سەرەڕای کارامەیی توانـای سـەربازییان، دەسـەڵاتی بـەڕێوەبردنیان لاواز بـوو، چـونکە لەسـەر تـرس ڕاوەسـتا بـوون، نـەوەکو وەفـاداری. لـە (٦١٢ پ.ز)دا خـەڵکانێکی هیندۆئـەورووپی نـوێ، (ماددەکان) پەلاماری (نەینەوا) (Nineveh) ی پایتەختی ئاشـوورەییەکانیان دا. لەگـەڵ هێرشـی (ماددەکـان)دا، خەڵکـە ژێـر دەسـتەکە بـەگوڕو تینێکـی ئاگرینـەوە بـۆ ڕووخـانی چەوسێنەرەکەیان هەستان. (ئاشـوور) لەلایـەن ماددەکانـەوە داگـیر کـرا و خشـت بەخشـتی شاری (نەینەوا)یان هەڵوەشاندەوە.

# The Chaldeans کلــدانییــەکــان[٧]

کاتێك ئاشوورەییەکان رووخان، دەسـەڵاتە ژێـر دەسـتەکانیان زۆر لاواز بـوون.. تـا بتوانن سەربەخۆیی خۆیان دووبـارە دروسـت بکەنـەوە. (کلدانییـەکان) خـەڵکانێکی سـامی ڕەگەزبوون و تازە لە نیمچە دوورگەی عەرەبەوە هاتبوون و زۆر بەخێرایی میزۆپۆتامیا و سوریایان داگیرکرد. ئـەم ئیمپراتۆرییەتـەی (کلدانییـەکان)، دوای تـەنها دوو پشت کۆتـایی پێهـــات و تـــەنها پاشـــای گرنگیـــان پاشـــای ئەفســـانەیی (نـــەبو خەزنەســـەر) (Nebuchadnezzar) (٦٠٤- ٥٦٥ پ.ز) بـوو. بـۆ پایتـەختیان، شـاری دێرینـی بابلیـان هەڵبژارد، کە پێش هەزار ساڵێك پایتەختی ئیمپراتۆرییەتەکەی (حـامورابی) بـوو. (نـەبو خەزنەسەر)[٨] دووبارە شاری بابلی لەسەر شێوەیەکی مۆنۆمیتی دروسـتکردەوە و بەمـەش یەکـەم شـاری گـەورەی گرنگـی مێـژوویی دروسـتکرد. سـەدەیەك دوای ڕووخـانی ئـەم ئیمپراتۆریەتە، مێژوونووسی گریکی (هیرۆدۆتس) (Herodotus)، سەردانی شاری بابلی کرد و لە گەورەیی شارەکە و کۆشکە زەبلاحەکانی زۆر سەرسام بوو. ناوبراو بەتایبەت زۆر بـە باخچـە گـەورەکانی سـەرەوەی کۆشـکەکانی (نەبوخەزنەسـەر) کاریگـەر بـوو. ئـەم باخچانەش پێی دەوترێت (باخچە هەڵواسراوەکانی بابل).

میسر تاکە دەسەڵاتی بەهێز بوو کە بتوانێت بەرگرییـەکی کاریگـەر دروسـتبکات کـــە هەڕەشـــە بێـــت بـــۆ گەشـــەکردنی (کلدانییـــەکان). دژی ئامۆژگـــاری کاهینـــەکان و ئاگادارکردنـەوەی پێغەمبەرەکـەی (جێرمیـا) (Jeremiah)[٩]، (Zedekiah)ی پاشـای (یەهودا) لە (٥٨٧ پ.ز)دا پەیوەندی بە هاوپەیمانی میسرەوە کرد. (نـەبو خەزنەسـەر)یش لەم هاوپەیمانییە زۆر تووڕە بوو، بـە خـۆی و لەشکرەکەیەوە بـەبێ بـەرگری دایـان بەسـەر

---

(٧) کلدانییەکان، ئاشوورییەکان پێیان ووتـوون: (کلدۆ)و بابلییـەکان (کسـروا) و عیبرییـەکان (کاسـادیم) – وەرگێڕ.

(٨) (نەبوخەزنەسـەری دووەم) کـوڕو جێنشـینی (نەبوبلاسـەر)، (هومـایتی میـدیا)ی کـچ یـان کچـەزای (هوخشترە – کەیخەسەرەو) (CyaXares)ی پاشای (ماد)ی مارەکردووەو بەپێی (برعوشا – بیرسوس) بە هۆیەشەوە لەگەڵ خانەوادەی دەوڵەتی مـاددا یـەکیانگرتووە و (باخچە هەلواسـراوەکان)ی بـابلیش بـۆ (هومایتی) دروستکردووە و بۆ ئەوەی یادی ناوچە شاخاوییەکانی وڵاتی خۆی نەکات.

(٩) -(Jeremiah) یەکێکە لـەو (١٠) کەسـەی کـە لەبەشـی یەکـەمی ئینجیلـی مەسـیحییەکاندا نـاوی هاتووە و بە لاوانەوە و پێشبینییەکەی ناسراوە.

(ئۆرشـەلیم)داو تالآنیـان کـرد. هـەروەها کۆشـك و پەرسـتگای (سـولەیمان) رووخێنـراو (Zedekiah)ش کوێر کرا و وەکو دیل بـرا و پێشـەوایانی هاوڵاتیـانی (یەهودا)شـیان بـە یەخسیرکراوی ڕاپێچی بابل کرد.

لە ماوەی ژێر دەستەییاندا لە بابل، جولەکەکان دەستیان کرد بە چاوەڕووانکردنی (مەسیح) (Messiah) . بەڵام لەم کاتەدا خاکەکەیان لەلایـەن کۆمەڵـە خـەڵکێکی تـرەوە داگیرکرابوو. ڕۆژێکیش دەبوو نۆرەی جولەکەکان بهاتایە. تەنها خوایەك هەبوو، ئـەوانیش دەیانپەرسـت. بـەڵام بۆچـی خـوا تووشـی نەهامـەتی کـردن؟ بۆچـی جولەکـەکان بوونـە ژێردەستەی کۆمەڵێکی بەربەری کە باوەڕیـان بـە (جێهۆڤـا)ش نـەبوو؟. پێیـان وابـوو سـزا دراوون، چونکە ڕێگەیان بە پەرستنی خواوەندێکی هەڵە دابوو، بەم شێوەیە ئامادەکران بۆ ڕۆژێـك کـە (جێهۆڤـا) فـەرمانڕەوایی هـەموو سـەر زەوی دەخاتـە دەسـتیان. هەنـدێك لـە جولەکە باوەڕیان وابوو ئەو دەسەڵاتە بەزەبری هێز دەگرنە دەست، بەڵام زۆرێك لە پێغەمبـەرەکانیان پێشـبینی فـەرمانڕەوایی دەسـەڵاتی (جێهۆڤا)یـان بـە بەدەسـتهێنانی خۆشەویستی و دادپەروەری کـرد و هـەر ئـەویش (Messiah) (چاوەڕووانکراو)ێك، یان سەرکردەیەکیان بۆ دەنێرێت، بۆ ئەوەی ڕێگە پیشاندەریان بێت.

# The Persians فــارســــەكــان

ســەركردايەتى (كلدانييــەكان) لاواز و گەنــدەڵ بــوو، بۆيــە هــەر زوو مردنــى (نەبوخەزنەســەر) هــەموو ئيمپراتۆرييەتەكــە لەلايــەن فارســەكانەوە، كــە خــەڵكانێكى هيندۆئەوروپى هاوڕەگەزى لاتين و گريك (هيتييەكان) بوون، داگيركرا. ئەم كۆمەڵە دواتر لە هيندۆئەوروپييەكانى تر لە ئاسياى ناوەڕاستەوە شۆڕ بوونەوە و لە نێوان ميزۆپۆتاميا و هيندوستاندا، كە ئێستە پێى دەگوترێت: (ئێران)، نيشتەجێ بوون. (ووشەى ئێران پەيوەندى بە ووشەى (ئارى) (Aryan)ەوە هەيەو ووشەى هاوواتايە بۆ هيندۆئەوروپى).

لـە (٥٤٩ پ.ز)، (كورەش) (Cyrus) كە سەرۆكخێڵێكى فارسى زۆر چالاك بوو، خۆى كردە پاشاى ماددەكان و فارسەكان. لە ماوەى بيست و چوار ساڵى دواى ئەم بەروارەدا، خۆى و (قەمبيز – كامبوجيە) (Cambyses)ى كوڕى نزيكەى هەموو جيهانى كۆنيان داگيركرد. (كورەش) لە (ليديە – لۆدو)ى داگير كرد، كەشانشينێك بوو لە ئاسياى بچووكدا، نەك هەر لە پاشماوەى ئيمپراتۆرييەتى (هيتى) كۆن، بەڵكو لە شارە گريكييە ئاڵۆز و دەوڵەمەندەكانى سەر دەرياى (ئيجە) ش پێك هاتبوو. لە (٥٣٩ پ.ز)دا هەموو ئيمپراتۆرييەتى (كلدى) بەبێ بەرگرى كەوتە ژێر ڕكێفى (كورەش). هەروەها لە كۆتايشدا، (كەمبوجيە) لە (٥٢٥ پ.ز)دا ميسريشى بۆ ئيمپراتۆرييەتەكەى باوكى زياد كرد.

فارسەكان يەكەم كەس بوون كە ئاوا ئيمپراتۆرييەتێكى زيرەكانەيان دروستكرد. ئيمپراتۆرييەتەكەيان لە كۆمەڵێك دەسەڵاتى نيمچە – ئۆتۆنۆمى پێك هاتبوون لە ژێر يەك سەركردايەتيدا. (ئاشوورەيەكان) و (كلدانييەكان)يش هەوڵياندەدا دەسەڵاتەكانى تر داگير بكەن و بيانكەنە ژێر دەستەى خۆيان، بەڵام سيستەمى فارسەكان جيا بوو. بەپێچەوانەى ئەوانەوە، ئەمان كاتێك شوێنێكيان داگير دەكرد، ئەيانهێشت ناسنامە و زمان و داب و نەريت و ئايين و، تەنانەت دەسەڵاتەكەشيان بمێنێت، بەڵام لێرە بەدووا، دەسەڵاتە بچووكە سەربەخۆكان بەبێ بەرگرى بوون بە پارێزگايەك لە ئيمپراتۆرييەتى بەهێزى فارس. هەر لە سايەى ئەم سيستەمە ئازانەدا بوو، (كورەش) ڕێگەى بە جولەكەكانى (بابل)دا بگەڕێنەوە بۆ خاكەكەيان و دووبارە داب و نەريت و كەلتوورى خۆيان دروستبكەنەوە.

لە ژێر دەسەڵاتى ئيمپراتۆرييەتى فارسيدا (٥ ٤٩ _٣٠٣ پ.ز) جيهانى كۆن گەيشتە پلەيەكى پێشكەوتن كە هەرگيز مێژوو پێشتر بەخۆيەوە نەى بينى بوو. دەسەڵاتەكانى

وەکو میسر و (یەهودا)و فینقییەکان، یان بابلییەکان چیدی ووزەی خۆیانیان بۆ شەڕی یەکتر کوژی بەهەدەر نەدەدا، بەڵکو هەموویان پێکەوە بۆ سوودی یەکتری کاریاندەکرد.

یەکێك لە هۆکارەکانی بوونی سیاسەتێکی میهرەبان لە ئیمپراتۆرییەتەکەدا، ئاینە ئازادی خوازەکەیان (لیبراڵەکەیان) بوو کە لەو دوواییانەدا بوو بە ئایینێکی فەرمی لە نێو ئیمپراتۆرییەتەکەدا، لە بنچینەدا فارسەکان وەك هەر هیندۆئەوروپییەکی تر کۆمەڵێك خواوەندی سروشتییان دەپەرست. لە نزیکەی (٨٠٠ پ.ز)دا پێغەمبەرێکی فارسەکان کە ناوی (زەردەشت) (Zarathustra)بوو، ئایینەکەیانی گۆڕی و بۆ باوەڕێکی تر. لەم ئایینەدا دروشمی ئاسمانی چارەنووسی جیهانیان دیاری دەکرد، هێزی ڕووناکی و چاکەو، هێزی تاریکی و ئەهریمەن. لە ماوەی ژیانی مرۆڤەکەدا ئەم دوو هێزە بۆ ڕۆحە نەمرەکەی دەجەنگن. لە کۆتاییدا ڕۆژێك بۆ داوەری دێن و هەموو ڕۆحەکانیان دەنێرن بۆ سەرەوە بۆ مەملەکەتی ڕووناکی، یان بۆ خوارەوە بۆ مەملەکەتی تاریکی. جیهانی فیزیکیش زاڵبوونی هێزی تاریکییە. بۆ گەیشتن بە مەملەکەتی ڕووناکی، مرۆڤ دەبێ خۆشییەکانی چێژە شەیتانییەکانی جەستە بەلاوە بنێ و شوێنی جوانییەکانی ڕۆح بکەوێ.

زۆربەی دەسەڵاتەکانی جیهانی کۆن، بە خۆشحاڵییەوە ملکەچی ئەوە بوون کە ببن بە بەشێك لە ئیمپراتۆرییەتی فارس، بەڵام تەنها ناوچەیەکی دوورە دەست زۆر بە توندی دژی زاڵبوونی فارسەکان وەستایەوە. ئەو ناچانەش (دەوڵەتە شار)ەکانی گریك بوون کە دەکەوتنە باشووری خۆرئاوای کەناراوەکانی ئاسیای بچووکەوە. لە دووای سەرەونگون بوونی (کریت)ەوە لە (١٤٥٠ پ.ز)دا، ئەم دەوڵەتە شارانە دەرفەتی گەشەپێدانی سەربەخۆییەکی شکۆمەندانەیان بۆ ڕەخسا بوو. گریکەکان بەو هەڵسوکەوتانەی کە بازرگانە فینقییەکان بەپێی فەرمانی فارسەکان دەیانکرد، ڕازی نەبوون. لە (٤٩٤ پ.ز) شاری (میلیتۆس) (Miletos) کە یەکێك لەو دەوڵەتە شارانە بوون کە زۆرترین شانازییان بە خۆیانەوە دەکرد و لە هەمانکاتیشدا دەوڵەمەندترینیشیان بوون، پێشڕەوی شۆڕشێکی هاوپەیمانی گریکییان دژی فارسەکان کرد، بەڵام شۆڕشەکە سەرکەوتوو نەبوو. پاشان (میلیتۆس) ڕووخێنرا و هاوپەیمانە دەستەپارچەکانیشی بە زۆری فارسەکان لە ناوچەکانیان دوورتر خرانەوە. لە ماوەی شۆڕشەکەی (میلیتۆس)دا شارێکی ئازاد لە نیمچە دوورگەی گریکەوە زۆر بە پەرۆشەوە لە ڕێگەی دەریای (ئیجە)وە یارمەتی دەدا، ئەویش شاری (ئەسینا) بوو کە تا (٤٩٤ پ.ز) شتێکی کەم لە بارەیەوە دەزانرێت. بەم کردەوەیەی

(ئەسینییەکان)، (داریوش)ی پاشای زۆر تووڕە بوو و فەرمانی دا بە پەڕینەوەی هێزی فارسی بە دەریادا، بۆ لەناوبردنی هەڕەشەکانی ناوبرا و لەسەریان.

لە (٤٩٠ پ.ز)دا هێزەکانی فارس لە (ماراسۆن) (Marathon) لە نزیك (ئەسینا) دابەزین. جەنگاوەرە خۆبەخشەکانی (ئەسینا)، لە ماوەی تەنیا ڕۆژێکدا لە جەنگین، بەسەر فارسەکاندا سەرکەوتن. شەڕی (مارسۆن) یەکێك لە بەناوبانگترین ڕووداوەکانی مێژووە. لە ماوەی دوو سەدەی دوواتردا، فارسەکان، جگە لە گریك، هەموو شارستانییەتەکانی جیهانیان کۆنترۆڵکرد. لەم ماوەیەدا، سەرەڕای ترسی فارسەکان، گریکەکان توانیان سەربەخۆیی بە دەست بێنن و کەلتوورێك پێکەوە بنێن، لە زۆر ڕووەوە بالاتر بێت لەو کەلتوورانەی کە پێشتر هەبووە.

# بەنـــدی چوارەم

## پەرەسەندنی گریکەکان:- The Evolution of the Greeks

کەم میللەت هێندەی گریکەکان گرنگیان بە مێژوو نووسەکان داوە، بە بەراود لەگەڵ شارستانییەتەکانی پێشووتردا، گریکەکان ژمارەیان کەمتر و تا ڕادەیەك بەشێکی بچووکیان لە جیهانی شارستانی داگیر کردبوو، وە لە ماوەیەکی کورتیشدا دەوری خۆیانیان گێڕا، بەڵام لە هەمانکاتدا سامانێکی وایان لە ئەدەب و هونەرو فەلسەفە بۆ جێهێشتووین، دەتوانین بە ئەندازەی نەوە نزیکەکانی پێش خۆمان هەست بە نزیکی بەرهەمەکانیان بکەین لێمانەوە.

ئەم گریکانە کێ بوون، کە توانیان دەسەڵاتە بەهێزەکەی فارس ڕابگرن ؟ لەماوەی ئەو نۆسەد ساڵەی دوای ڕووخانی (کریت) دا چییان دەکرد؟ سەدەیەك پێش نەماندەتوانی وەڵامی ئەم پرسیارانەمان هەبێت. تەنها زانیارییەك کە لەسەر مێژووی کۆنی گریکەکان هەمانبوو لە دوو هۆنراوەی درێژەوە سەرچاوەی گرتبوو، ئەوانیش (ئەلیادە) (Ilida) و (ئۆدیسە) (Odyssey) بوون.گریکەکان خۆیان پێیان وابوو کە ئەم هۆنراوانە لەلایەن شاعیرێکی کوێرەوە بەناوی (هۆمەر) یان (هۆمیرۆس) (Homer) ەوە نووسراوە، وە پێشیان وابوو کە ئەم هۆنراوانە ئاماژەگەلێکی وردی ڕابردوویانن. هۆنراوەکان باس لە شەڕێکی مەزن دەکەن لە نێوان گریکەکانی ناوەوەی گریك، کە پێیان دەوترا: (ئاخایوس) یان (ئاخایوت)ەکان و (ترۆی) (Troy) دا ڕووی داوە. (ترۆی) شارێك بوو کەوتبووە دەروازەی (دەردانێل) (Dardanelles)، لە ئاسیای بچووك دا. (ئاخایۆس) ەکان لەلایەن (ئاگا مەمنون) (Agamemnon) و (مینالوس) (Menelaus) ەوە سەرکردایەتی کراوەو بە ناوبانگترین جەنگاوەریشیان (ئەخیلس) بووە. شا (پیریام) (Priam) و (هیکتۆر) ی کوڕیشی سەرکردایەتی ترۆییەکانیان کردووە. بە گوێرەی (هۆمەر) جەنگەکە کاتێك دەست پێدەکات کە (پاریس) (Paris)، کوڕێکی تری (پیریام)، (هێلن) (Helen) ی ژنی (مینالوس) دەڕفێنێ، بۆ ماوەی دە ساڵ شەڕێکی خوێناوی لە دەرەوەی دەرگاکانی (ترۆی)دا تولدەکێشێ، لە کۆتاییدا (ئاخایوس) ەکان گۆڕەپانی شەڕ چۆڵ دەکەن و بەفێڵ

ئەسـپێکی زەبـەلاح بـۆ دوژمنــەکانیان بــە دیـاری بــە جێیـدەهێڵن. کـە تراودییــەکان زۆر ساویلکانە ئەسپەکە دێننە ناو ترۆییەوە، لە شەودا کۆمەڵێك لە جەنگاوەرانی (ئاخـایوس) ەکان کە لەناو ئەسـپەکەدا خۆیـان حەشـار دابـوو، دێنـە دەرەوە و دەرگاکـان بـۆ لەشـکرەکە دەکەنەوە. ئەوانیش ئەدەن لە ملی خەڵکەکەی و شارەکەش گڕ تێبەر ئەدەن.

تاوەکو ئەم چاخانەی دووایش کەس ئەم بەسەرهاتەی بە جدی وەرنـەدەگرت، تـا ئــەو کاتــەی کــە بازرگــانێکی ئــەڵمانی بــە نــاوی (هینریــك شــلیمان) (Heinrich schliemann) لـە سـاڵی (١٨٧٨) ز دا لـەو شـوێنەی کـە پێشـبینی دەکـرا (تـرۆی) لێبـێ، دەستی بەهەڵکەندنی خاکەکەی کرد، سەرەڕای گومانی شوێنەوارناسان ،(شلیمان) (تـرۆی) دۆزییــەوەو هــانی شوێنەوارناسـانی تریـدا کــە بـۆ مەبەسـتی شوێنەوارناسـی گەشـت بـۆ ناوچەکانی (ئیجە) (Agean) بکەن. پاش نەوەیەك لە هەڵکەندنی وریایانە،(سێرئارسەر ئیڤانس) (Sir Airthur Evans) کە (کنۆسوس)[١٠] (Knossos) ی سـەر (کریـت)ی دۆزییەوە ، هەموو پانۆرامای مێژووی شارسـتانییەتی کۆنی گریکی ئاشـکراکرد. هـەروەکو چۆن شوێنەوار ناسان لە (میسر) و (فەلەستین) زیـاتر دەیانویسـت بیرۆکـەکانی (تـەورات) بســەلمێنن، نــەوەك بــە درۆی بخەنــەوە، بەهــەمان شــێوە لــە گــریکیش شوێنەوارناســان دەیانویست چیرۆکەکانی (ئەلیادە) بسەلمێنن.

---

(١٠) Knossos/ شارێکی شاهانە بوو دەکەوتە باکووری (کریت_اقریتش)) هەوەو لە چەرخی برۆنزیدا لە (٢٠٠٠بۆ ١٤٠٠ پ.ز) دا شارستانییەتێکی تێدابووە ناوەندی شارستانییەتەکەی (مینۆس) بووە.

## The Growth of Greece گەشەکردنی گریك

وەك بینیمان لە دەوروبەری (٢٠٠٠ پ.ز) ئاپۆڕای هیندۆ ـ ئەورووپییەکان بە ناوچەکانی دەرەوەی ئاسیای ناوەڕاستدا بڵاو بوونەوە و لە ناوچە جیاجیاکانی نێوان هیند و ئیتالیادا نیشتەجێ بوون. ئەوەشمان زانی کە گریکەکان لە نێو ئەم ئاپۆڕایەدا بوون و لە ناوچەکانی دەوروبەری دەریای (ئیجە) (Aegean) دا نیشتەجێ بوون. وەکو بینیمان دەرکەوتنی گریکەکان لەم ناوچانەدا بازاڕێکی تازەی پڕ لە سەروەت و سامانی بۆ (کریت) یەکان دروستکرد و بووە هۆی زیادکردنی لە ناکاوی سامان و خۆشگوزەرانی (کریت) یەکان لەو ساڵانەدا. هەروەها بینیشمان چۆن لە ماوەی پێنج سەدەدا دەوڵەتە شارەکانی گریك لە ژێر پرشنگی شارستانییەتی (کریت) دا پێگەیین. بەڵام هەروەکو زانیمان لە نزیکەی (١٤٥٠ پ.ز) دا، گریکەکان لێیان هەڵگەڕانەوە و دارو پەردویان ڕووخاندن. بەهۆی پارچە پارچەیی و نەبوونی سەرکردایەتی یەوە، گریکەکان لە سێ سەدەی دواتردا نەیاتنوانی دەست بە سەر ئیمپراتۆریەتی بازرگانی (کریت) دا بگرن و لەو ماوەیەدا خۆیان سەرقاڵی شەڕی بێماناى نێوان خۆیانەوە کرد و ئەوەی لە قازانجیاندا بوو لە دەستیاندا. ئەوەش چیرۆکی یەکێك لەو شەڕانەیە کە لە (ئەلیادە) ی هۆمیرۆس دا بۆمان پارێزراون.

پاڵەوانە هۆمەرییەکان بەشێك بوون لەو قەیرانە جۆراوجۆرە ناوخۆیانەی کە کاتێك جیهانی گریك بە هۆی داگیرکارییەکی ترەوە وەختبوو بسڕێتەوە. لە نزیکەی (١١٠٠ بۆ ٩٠٠ پ.ز) دا، شەپۆلێکی نوێی بەربەری، پێیان دەوترا (گریکە دۆرییەکان) (Dorian Greeks)، بە نیمچە دوورگەی گریکدا تەنینەوە.

(سپارتە) (Sparta)، شارەکەی (مینالوس) (Menelaus)، یان گرت و دەستیان بەسەرداگرت و زۆربەی شارەکانی تریشیان وێرانکرد. زۆر لە دانیشتووانە ڕەسەنەکەی بە تۆقاوی بەرە و شارە گرکییەکانی سەر دەریای (ئیجە) ، یان کەناراوەکانی ئاسیای بچووك هەڵهاتن، بەڵام زۆربەیان لەلایەن (دۆرییەکان) ەوە بە دیل گیران. تەنها شاری (ئایۆنییەکان)[11] (Ionian)، لە نێو ئەو شارانەدا کە (دۆرییەکان) نەیانتوانی داگیری بکەن، شاری (ئەسینا) (Athen) ی سەر نیمچە دوورگەی (ئاتیك) (Attic) بوو کە کەوتبووە دەرەوەی هێڵی مانۆڕە سەربازییەکانیانەوە.

---

(١١) (Aeolic , Ionic , Doric) سێ دیالێکتی سەرەکی زەمانی یونانی بوون کە پێك هاتەی سێ خێڵی سەرەکی گریکی بوون.

گریکەکان بەهۆی شەڕە ناوخۆییەکان و داگیرکارییەوە زۆر لاواز بوون، بۆیە لە نێوان نزیکەی (١١٠٠) بۆ (٨٠٠) پ.ز دا، تەنها دەورێکی لاوەکیان لە کاروباری جیهاندا گێڕا. (ئەمەش هاوکاتی چەرخی دەوڵەتە بچووکەکانی خۆرهەڵات بوو). بازرگانییە نایابەکەی (کریت) لەلایەن (فینقییەکان) (Phoenician) ەوە دەستی بەسەردا گیرا. لەم سەرو بەندەدا برینی جیهانی گریکەکان سارێژ بوویەوە و گەشایەوەو بوونە شارستانییەتێك دواتر بەسەر ناوچەکانی دەریای ناوەڕاستدا زاڵبوون.

## دەوڵەتە شارەکان The city – States

سەرەکی ترین هۆکاری مێژوویی گریکەکان، نەتوانینی یەکگرتنەوەیان بوو لە ژێر تاکە دەسەلاّتێکدا.وا دەردەکەوێ کە هەموو هیندۆ ئەوروپییەکان بیری وەفاداری بۆ خێڵ نەیهێشتبێ تێکەڵبن. ئیمپراتۆرییەتی (هیتی)و فارسەکان، هەر وەکو ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمی دواتر، لە ڕاستیدا تەنها چەند یەکێتییەك بوون. تەنانەت (جێرمانییەکان) (Germans) و (سلاڤەکان) (Slavs)نیش، لە تازەترین هیندۆ ئەوروپییەکان بووە، کەتێکەڵی شارستانییەتی خۆر ئاوا بوون، زۆر کارەساتبارانە بە نەبوونی توانای بە دەست هێنانی یەکێتییەکی سیاسی کاریانتێکرا بوو، هەروەها جوگرافیاش بە هۆی ژمارەیەکی زۆری چیا و بەندەرەوە، دانیشتووانەکەی گریکی لێك جودا کردبوو.

لای گریکەکان یەکێتی سیاسی و کۆمەلاّیەتی بریتی بوو لە (Polis)[١٢] ، واتا: دەوڵەتە شار کە پێکهاتبوو لە مەڵبەندی شارو زەویە کشتوکاڵییەکانی دەوروبەری. لای گریکەکان (پۆلس) (Polis) لەوە گرنگتر بوو کە تەنها شوێنێك بێت سەر نەخشە، یا کۆمەڵگەیەکی مرۆڤ و ژمارەیەکی زۆر بالاّخانە بێت، بەڵکو قەوارەیەك یان ئۆرگانێکی خاوەن رۆح و حەقیقەتی تایبەتی خۆی بوو. تاك بوونی خۆی بە بەشێك لە (پۆڵس) دەزانی، دڵسۆزییان تەنها بۆ یەکێتییەکی سیاسی ڕووت نەبوو، بەڵکو ئەوان پێیان وابوو کە هەموویان بنچینەیان بۆ یەك نەژاد دەگەڕێتەوە و تا رادەیەکیش هەر وابوو.ئەمانە وەکو خێزانێك بوون بەهۆی هەستی بەرپرسیاییەتی هەمەلایەنەوە بە یەکەوە گرێ داربوون.

لە دەوڵەتە بالاّترەکاندا، وەکو ئیمپراتۆرییەتی میسرو فارسەکان، تاك بە گومناوی لە ناو دەچوو، تاك لێرەدا لە بەرانبەر بەرژەوەندی چینی دەسەلاّتداردا، وازی لە بەرپرسیارییەتی خۆی بەرانبەر چوار دەورەکەی دەهێنا. لەو لاشەوە چینی دەسەلاّتدار بە ئەندازەی خواوەند لێیانەوە دوور بوون، تاك بەشێوەیەك پشتگوێ خرا بوو هەر وەکو جیهان داوای هیچ شتێکی لێنەکردبێ وابوو. بەلاّم لە دەوڵەتە شارەکانی گریکدا کە ژمارەیان لە نێوان (٥ بۆ ٥٠) هەزار هاولاّتی بوو، هەر هاولاّتییەك بۆی هەبوو لە دەسەلاّتدا بەشداری بکات، بەم شێوەش ناسنامەی خۆی لەگەڵ (پۆلس) دا دەبینی و

---

(١٢) (Polis) بەکار هێنراوە بۆ دەوڵەتە شارو بە هاولاّتی بوون لە ئەسینای کۆندا.

ئازادی خۆشی له خزمەتکردنی دا دەدۆزیەوە. هەر تاکەو هەستی بە بەڕێزی خۆی دەکرد وەکو پارچەیەکی پێویست لەو کۆمەڵگایەو هێزی بیر و لێکدانەوەی وەك هەر تاکێکی تر دانپیانراو بوو. هەر گریکییەك ناچار کرا بوو کە پەروەردە بکرێت بۆ خزمەت کردنی دەوڵەت. خەڵکە رۆشنبیرەکەی لەگەڵ گرنگیدان بە بیرەکانی خۆیان، دەبوونە رەخنەگرێك، نەك تەنها لەسەر سیاسەت، بەڵکو لە سەر هۆنراوەو وێنە کێشانیش. ئەم رەخنە گرانەو تاکەکانی تریش بە ڕێز گرتن لە بلیمەتی خۆیان دەیانتوانی بەشێوەیەك بنووسن و وێنە بکێشن کە زادەی خۆیان و بەهرەی کەسی خۆیان بێت، نەك بەوشێوەی کە لەلایەن کاتەوە (زەمەنەوە) پیرۆز کرابوو. ڕێز گرتنیان لە خۆیان بووە هۆی ڕێز گرتنی گریکەکان لە مرۆڤایەتی. باوەڕیان بە خواوەندەکانیان هەبوو، بەڵام پێیان وابوو کە مرۆڤ بە تەواوەتی لە کاروبارەکانی سەر زەوی بەرپرسیارە. ئەم پشتبەستنەیان بە ڕەگەزی مرۆڤ وای لێ کردبوون لە دەربارەی بابەتگەلێکەوە بپرسن کە ئەوانیتر بۆ خواوەندەکانیان جێهێشت بوو. ئەمەش ئارەزووی ئەوەی پێبەخشی بوون کە گەردوونەکەیان بە بەڵگە ماددییەکان شی بکەنەوە؛ وە ئەمەش وای لێکردبوون کە بێ پشوو لەسەر سروشتی ڕاستی ڕۆحی مرۆڤ پرسیاریان هەبێ.

# ئایینی گریك     Greek Religion

هەرچەندە گریکەکان "مەبەست دەسەڵاتەکانی گریکە- وەرگێڕ" لە ڕووی بازاڕی جیهان و کوشتنی یەکترییەوە لە شەڕە بێژمارەکاندا لە پێشبڕکێدا بوون، بەڵام هەموویان هەستی یەکپارچەیی خەڵکی گریکیان تێدا بوو. جیهانی گریك وەکو یەك پارچە پێی دەوترا: (هیلاکان) (Hellas) و گریکەکان بەهۆی کەلتوورێك و زمانێك و ئایینێکی گشتی یەوە پێکەوە بەسترا بوو. هەموویان باوەڕیان بەیەك کۆمەڵە خواوەندێکی گشتی و ژمارەیەکی زۆری خواوەندی خۆماڵی هەبوو وە چیرۆکی جیاوازیشیان بۆ هەریەکەیان هەبوو. باوەڕیان وابوو کە دوازدە خواوەندە سەرەکییەکە لەسەر چیای (ئۆلیمپەس) (Olympus) لە باکووری گریك دەژین. پێیان وابوو (زیۆس) (Zeus) خواوەندی سەرەکی و پاشای زەوی یە. براکانیشی (پۆزیدۆن) (Poseidon) و (هەیدیز)[١٣] (Hades) پاشای دەریاو ژێر زەوییە، (هێستیا) (Hestia) ی خوشکیشی خواوەندە ژنی(Hearth) [١٤] ئاگردانە ، (هێرا) (Hera) ی ژنیشی خواوەندە ژنی ئافرەتانە. خواوەندەکانی تری (ئولیمپەس) (Olympus) (پارێزەرانی هیفاستەس) (Hephaestos) هەموویان نەوەی زیوس بوون، هەرچەندە هەمووشیان لە (هێرا) نەبوون کە خەروارێك دەنگۆی بە چیرۆك خوانە گریکیەکان بەخشی بوو. (ئاپۆلۆ) (Apollo) شیان هەبوو خواوەندی ڕێکخستنی سروشت بوو وەك: کشتوکاڵ، تەندروستی و خۆر. (ئارتمس) (Artemis)یش خواوەندە ژنی سروشتی کێوی (ڕاو، درەختەکان، مانگ) بوو،هەروەها (ئاریس) (Ares) خواوەندی شەڕ، (هیفاستەس) (Hephaestos) خواوەندی ئاگر و کرێکاران، (هێرمس) (Hermes) ڕاکەر و خواوەندی وەرزشوانان و دزان، (ئەسینا) (Athena) یش خواوەندە ژنی دانایی و سەرکەوتن،(ئەفرۆدیەت)یان(ئەفرۆدیتە)(Aphrodite)ش خواوەندەژنی جوانی مێینە و خۆشەویستی بوو. لەگەڵ ئەوەی ئەم خواوەندانە لای گریکەکان ئاشنا بوون، هەرشارە و

---

(١٣) (Hades) هەرچەندە لە خوا گەورەکان بوو، بەڵام پێیان وابوو لە ژێر زەوی دایە.

(١٤) ئاگردان (Hearth) :- لەبەر ئەوە ئاگردانی ئەوروپییەکان خشت بوو بۆ چێشت لێنان، یان گەرمکردنەوە بەکار دەهێنرا، بە درێژایی مێژووش بەشتێکی بنچینەیی ماڵ دەنراوە، بۆیە لەلاتیندا چەمکەکە فراوانتر کراوەو بۆ جێگەی ماڵ یان خێزان بەکار هێنراوە، لە کوردەواریشدا ماڵ (مسکن) بە ئاگردان ئاماژەی بۆ دەکرێت- وەرگێڕ.

خواوەنـدێکی پارێزەریشی هـەبوو بەتایبـەت بـەرزڕادەگیرا. بەتایبـەت هـەردوو خواوەنـد (زیۆس) و (ئاپۆلۆ) لای هەموو گریکەکان بە گشتی پیرۆز بوون. مەزارگەی (ئاپۆلۆ) لە (دێلفی) (Delphi) شوێنی پێشبینی کردنی داهاتوو بوو، وە لە هەموو گریکش دا پیرۆز ڕادەگیرا.

لە نزیکەی (٧٥٠ پ.ز) دا گریکەکان خواوەندێکی نوێیان بـە نـاوی (دیۆنیسوس) (Dionysus) بۆ خێزانی ئۆلۆمپی زیادکرد. ئەمەش سروشتی بوو کە شتێکی هاوشێوە لـە ئـایینی گریکـدا ڕووبـدات ،چـونکە گریکـەکان بـە بەڵێنـەکانی ژیـانی هـەتا هـەتایی (ئۆسیریز) (Osiris) ئاشنا بووبوون و تێکەڵی ئـایینی (سۆفیگەری) خۆر هـەڵات بـوون. (دیۆنیسوس) کوڕی (زیۆس) و لە (سێمیلە) (Semele) ، کە ژنێکی ئاسایی بـوو، بـوو . ئەمەش وای لە (دیۆنیسوس) کرد کە نیمچە خواوەند و نەمر بێت و، بەڵام نیمچە مـرۆڤ و توانـای تێگەیشـتنی کێشـەکانی مرۆڤـی هـەبێت. (هێـرا) جارێکیـان لـە ئیرەییـەکی شێتگیرانەدا، (دیۆنیسوس) دەکوژێت، بەڵام (زیۆس) دڵی (دیۆنیسوس) لـە نـاو منداڵـدانی ژنێکدا دادەنێت بۆ ئەوەی جارێکی تر دووبارە لە دایك بێتەوە. بەم شێوەیە (دیۆنیسوس) وەکو (ئوسیریز)، لە ڕێگەی توانای شاراوەی دروستکردنی ژیانی ئافرەتەوە بـە سـەر مـردن دا سەر دەکەوێت. ناو براو خواوەندی شەراب بوو، کە خوێنەکەی دەنوێنێ . بـە خـواردنی ئەم خوێنەی شوێنکەوتووانی دەیانتوانی پریشکی هێـزی ئاسمـانی خواوەندەکـەیان دەسـت بکـەوێت، ئـەو هێـزەش هێـزی نـەمری بـوو. ڤیسـتیڤاڵی (دیۆنیسـوس) سـاڵی دوو جـار دەگێڕدراو لە (ئەسینا) دا ئەم ڕۆژانە پڕ بوو لە خۆشی سەرشێتانە. بەشێك لە ئاهەنگەکە گـۆرانی پیاهەڵـدانی خواوەنـدەکان (Hymn) بـوو، لـە کۆتاییـدا کەسـانێکی دیـاریکراو بەتەنها لە پێش خەڵکەکەدا بۆ ووتنی بەشێکی دیاریکراو لە گۆرانییەکە دەوەستان، ئینجا ئـەم گۆرانییـە وردە وردە بـوو بـە شـانۆ و ئەمـەش پێشـینەی (شـانۆ) (Theater) ی هاوچەرخە. یەکەم کەسیش کە گۆرانییەکەی گواستەوە بۆ (دراما) پێشبینی دەکرێ (سیپس)[١٥] (Thespis) (٦٠٠ پ.ز) بوو بێت.

حـەز کردنێکی گشتی گریکـەکان لـە وەرزش یارمـەتی پێکـەوە گرێدانیانیـدا و ئەمـەش بەتونـدی بـە ڕێوڕەسمـە ئایینەکانـەوە بەسـترا بـوو. بـۆ هـەموو تـاکێکی گریکـی

(١٥) (Thespis)بەپێی هەندێ سەرچاوە پێشبینی دەکرێ یەکەم ئەکتەر بووبێ کە لە سەر تەختەی شانۆ دەرکەوتبێ، وە بە پێی (ئەرستۆتڵ) کە دوو سەدە دوواتر هاتووە، ناوبراو گۆرانی بێژی (دیترامب) (dithyrambs) ((گۆرانییەك بوو دەربارەی چیرۆکە ئەفسانەیی یەکان)) بووە.

یارییەکانی ئۆلۆمپی، کە هەموو چوار ساڵ جارێك لە ڤیستیڤاڵی (زیوس) دا دەگێڕدرا، ڕووداوێکی گرنگ بوو. یارییەکان بە پێشبڕکێی ڕاکردن دەستی پێدەکرد و بە دوای ئەویشدا پینتاسلۆن (pentathlon) "جۆرە یارییەك بوو، وەرزشەوانەکە دەبوو لە پێنج یاری جیا جیا دا بەشداری بکردایە- وەرگێڕ" و بە پێشبڕکێی ئەسپ و عارەبانەی دوو چەرخە کۆتایی دەهات.

گریکەکان ، هەر کەس بیتوانیایە بەشداری بکردایە لە هەموو شارەکانەوە بەشدارییان دەکرد و، تەنانەت لە کاتی شەڕدا ئاگر بەستی کاتی بۆ هەفتەی یارییەکان ڕادەگەیەنرا.

## Trade and Colonization بازرگانی و داگیرکاری

له سەدەی هەشتەمی پێش زایینیدا، جیهانی گریك بە تەواوی خۆی گرتەوە بۆ ئەوەی بتوانێت دووبارە پێشبڕکێی بازرگانی جیهانی بکات. گەشەکردنی (ئاشووری) یەکان بووە هۆی لاوازکردنی بازرگانی (فینقی) یەکان لە ناوچەکانی دەریای ناوەڕاستدا بەم پێیەش دەرگایان بە ڕووی گریکەکاندا کردەوە. پێشڕەوی دەوڵەتە شارەکانی گریك لەم ماوەیەدا (میلیتۆس) (Miletos) ی سەر کەناراوەکانی سەر ئاسیایی بچووك بوو . ئەم دەوڵەتە شارە بەندەری خۆی لە کەناراوی میسر دروست کرد، بۆ دەستگرتن بەسەر گەشەکردنی بازرگانیدا لەگەڵ ئیمپراتۆرییەتە تازە گەشەکردووەکاندا و ژمارەیەکی زۆر پۆستی بازرگانی لە نزیك کەنارە بێ شارستانییەکانی دەریای ڕەش دا دروست کرد. (میلتنۆس) و شارە دەستە خوشکەکانی ، هەروەکو (کریت) کە هەزار ساڵ پێش هەبوون، هەرکە بوونە پێکەوە لکێنەری جیهانی شارستانی و جیهانی بەربەری دەوڵەمەند بوون. ئەم بازرگانییەش بەرەو داگیر کاری سەری کێشا. گەڕۆکەکانی گریك ژمارەیەکی زۆر ناوچەیان لە جیهاندا دۆزییەوە کە تاوەکو ئەو کاتەش لەلایەن مرۆڤەوە ئاوەدان نەکرابووەوە. گەنجە بەرز خوازەکانی گریك پەیوەندییان بەو گەشتە تایبەتییانەوە کرد کە لەلایەن شارەکانی خۆیانەوە سەرپەرشتی دەکران، بۆ دۆزینەوەی دانیشتوانی تری بەرەگەز گریکی لە ناوچە تازە دۆزراوەکاندا.لەزۆرناوچەی دەریای ناوەڕاستدا کۆلۆنی(ژێردەستە)ی گریکیان دامەزراند، بەڵام جەختی سەرەکییان لەسەر ناوچەکانی باشووری ئیتالیاو (سیسیلی) (Sicily) بووە. وەکو باپیرە گەڕۆکەکانیان (مەبەست ئەو گەڕۆکە ئینگلیزانەیە کە لە ساڵی ١٦٥٠ ز دا لە ئەمریکادا نیشتەجێ بوون- وەرگێڕ)، ئەوانیش دەستووریان لە شارەکانی باوانەوە دەست کەوتبوو. ئەم دەستوورانەش شێوازی حوکمڕانییەکەیانی و نەخشەی هەرێکەکانیشیانی لە قاڵب دابوو، هەروەها بازرگانییانی لەگەڵ شاری باواندا ئاسایی کردبووەوە، ئەو شارانەی لە سەردەمانێك دروستکران، هەر چۆنێك بوو ئەوانیش بە زووی سەربەخۆ بوون.

# فـەلسەفـە Philosophy

شاری شكۆمەندی (میلیتۆس) لانكی هەندێ لە فەیلەسوفە كۆنەكانی گریـك بـوو. ووشەی فەلسەفە (Philosophy) لە گریكدا واتا: ((خۆشەویستی بۆ ژیری)). فەیلەسوف كەسێك بووە كە بە شوێن زانیاریدا دەگەڕا، كەسێ بوو لە سروشتی شتەكانی، چی فیزیكی یان میتافیزیكی (ئەو دیو سروشت) بێت، دەپرسی. فەیلەسوفە كۆنە گریكییەكان بـەدوای ڕێسا بنچینەییەكانی گەردووندا دەگەڕان، ئەوانەیان كە بەتەواوەتی بە دوای ڕوونكردنەوە (شرح) ە ماددییەكانەوە بوون ڕەنگە باشتر وابێ پێیان بووترێت زانا تـاوەكو فەیلەسـوف، جگە لەوانەی كـە ئامێریـان لـە بەردەسـتا نـەبوو بـۆ پێوانـەی وورد و پـەنایان دەبردەبـەر (خەملاندن) .هەندێ لە ئەنجامگیریەكانیان ڕەنگە لای ئێمە ساویلكانە بێت، بەڵام دەبێـت ئەوە لە بەرچاو بگـرین كـە ئـەوان یەكـەم كەسانێك بـوون كـە باوەڕیـان وابـوو سروشـتی گەردوون شتێكی شاراوەی شینەكراوە نییـە تایبـەت بێت بەخواوەنـدەكان، بـەڵكو شـتێكە مرۆڤ خۆی ڕەنگە تێیبگات.

یەكەم فەیلەسوف – زانا، كە دەیناسین (تـالیس)[١٦] (Thales) (٦٠٠ پ.ز) بـووە. نـاوبراو لـە نزیكـەی ئـەو كاتـەدا كـە (نـەبو خـەز نەسـەر) (ئۆرشـەلیم) ی تـالآنكرد، لـە (میلیتۆس) ژیاوە و باوەڕی وابـوو ئـاو سەرچاوەی جیهانـە. دەیـوت ((گیانلەبـەران لەسـەر ڕووەك دەژیـن، ڕووەكـیش لەسـەر ئاو.ئـەی پێویسـت نیـە ئـاو سەرچـاوەی ژیـان بێـت؟)) . (تـالیس) بازرگـان بـوو (لەبـەر ئـەوەش كـە بڕێكـی بـاش پـارەی هـەبوو تـوانی ببێتـە فەیلەسوف) و گەشتە بازرگانییەكانی بردیە میسرو لەوێش بێگومان بـەو بـاوەڕە كاریگـەر بووە كە دەڵێ: ((نیل سەرچاوەی ژیانە)).

فەیلەسوف – زانـا (Philosopher – scientist) یـەكی تـر (هێراكلیتـۆس)[١٧] (Heracleitos) ە، كە لەنزیك شاری (هالیكارنەس) (Halicarnassus) " (بـۆد ڕۆم) ی ئێستە – وەرگێڕ" ژیاوە، پێی ووتراوە: (هێراكلیتۆسی شاراوە) "لەبـەر تـەنهایی نـاوبراو

---

(١٦) تالیس:- لە سەفەرێكی دا بۆ میسر بـەرزایی هـەرمێكی بـە هـۆی سـێبەرەكەیەوە پێـواوە، لـە كاتێكـدا كە ڕۆژ لە نیوەڕۆدا بووە و سێبەری شتەكان بە قەدەر خۆیان بووە.

(١٧) (هێراكیلتۆس) :- زۆر زانیاری لە سـەری نـی یـە، كۆمـەڵێك بـە فەیلەسـوفە تاریكەكـەو كۆمـەڵێك بـە گرینۆك و كۆمەڵێكی تـریش بـە پێكـەنیناوی نـاوی دەبـەن، كۆمـەڵێكی تـر پێیـان وایـە: نـاوبراو تووشـی نەخۆشی (خەمۆكی) (melancholy) بووە و نەیتوانیوە بەشێك لە فەلسەفەكەی تەواو بكات.

یاخود فەلسەفەکەی وایان پێوتووە – وەرگێڕ"، بەشێوەی باشی وا ناویانبردووە، باوەڕی وابوو سەچاوەی بنچینەی جیهان ئاگرو گۆڕانە، دەیووت: (هەموو شتەکان لەجیهاندا ئەوەن کە هەن، بەهۆی ئاگرێکی ناوەکییەوە، یان "elan" ەوە، کە سروشتە بنچینەییەکانیانی دیاری کردووە). ئەم سروشتە هەرچەندە ستاتیك (نەبزووت) نییە، هەمیشە لە گۆڕان و دروستبوونەوە دایە.

باوەڕیوابوو: چارە نووسی سروشتی هەموو شتەکان ئەوەیە کە لە پرۆسەی بوونبە شتێکی تردان "واتە: هەمیشە شتەکان دەگۆڕێن و دەبن بە شتی نوێ – وەرگێڕ". نزیکەی نەوەیەك (جیلێك) دواتر، (فیساگۆرس) (Pythagoras) لە شارێکی گریکی باشووری ئیتالیادا وانەی وتوەتەوە، ناوبراو رایگەیاند ڕێسا گەردوونییەکان ڕێکخستن و سازانن. دەیوت جیهانی فیزیکی و ڕۆحی بەهۆی هاوکێشەیەکی لۆژیکی یەوە کە لەسەر بنچینەی ژمارەکانە پێکەوە بەستراوە. (فیساگۆرس) بەهۆی ژمارەیەکی زۆر پەیوەندی موعجیزە(پەرچوو) ئاسای نێوان ژمارەکانەوە بەلگەی بۆ تیۆرەکەی هێنایەوە: وەکو ئەو تیۆرە بە ناوبانگەی کە دەڵێت: ((دووجای ژێ لە سێ گۆشەیەکی گۆشە وەستاودا، هەمیشە یەکسانە بە سەرجەمی دووجای هەردوولا))" ل٢+ل٢= ژ٢ – وەرگێڕ".

# Athens and Sparta ئەسینا و سپارتە

(میلیتۆس) (Melitos) هێشتا لە ترۆپکی شکۆمەندیا بوو، کاتێك لە(٤٩٤ پ.ز)دا لەلایەن فارسەکانەوە ڕووخێنرا. سەراپای دانیشتوانی شارەکە کوژران، یاخود بە کۆیلەیی فرۆشران. دوای ڕووخانی (میلیۆس) شارە گریکییەکانی ئاسیای بچووك ڕێگەی هەر جۆرە گەشەکردنێکیان لێگیراو چەقی قورسایی جیهانی گریك بۆ نیمچە دوورگەی گریك گۆڕا. لە هەموو دەوڵەتە شارە ڕەسەنەکانی گریکدا تەنها دووانیان بەشێوەیەکی سەرەکی گرنگ بوون، ئەوانیش (ئەسینا) (Athens) و (سپارتە) (Sparta) بوون. ئەم دوو شارەی کە ڕەونەقی زێڕینی کەلتووری گریکیان بۆ مابووەوە، بە شێوەیەکی بەرچاو لە ڕووی مێژوو و سروشتیانەوە "اخلاق - سروشتی مرۆڤ ، وەرگێڕ" لێك جیاواز بون.ئەسینا ڕەگەزی ئایۆنی (Ionian) بوو وە شارێکی بازرگانی و دەسەلاتێکی دیموکراسی هەبوو ، (سپارتە) ش ڕەگەزی (دۆری) (Dorian) و شارێکی کشتوکاڵی بوو، لەلایەن دەسەلاتێکی ئەرستۆکراتی سەربازییەوە حوکم دەکرا.

هاولاتیانی (سپارتە) بنچینەیان دەگەڕایەوە بۆ (دۆری) یەکان، ئەوانەی دانیشتوانە کۆنەکەی گریکیان داگیر کردو لە نێوان (١١٠٠ بۆ ٩٠٠ پ.ز) لە نیمچە دوورگەی (پیلۆپۆنیس) (Peloponnesian) دا نیشتەجێ بوون. دوواتر (سپارتییەکان) ، (دۆرییەکان)ی ناوچەکانی تریان داگیر کردو لاوازیان کردنەوە بۆ دانیشتوانێکی شوانکارە و ملکەچ، پێیان دەوترا (هێلۆت) ەکان (Helots) لە کاتێکدا (هێلۆت) ەکان ژمارەیان بیست بەرانبەر یەك لە سپارتییەکان زیاتر بوو. ترسی بەردەوام لە شۆڕشی (هیلتۆت) ەکان، وایلە سپارتەکان کرد کە پەرە بە کۆمەڵگەیەکی سەربازی بدات بۆ مانەوەی و دواتریش پەرەی بە یاسایەك دا بۆ پاساو هێنانەوە بۆ ئەو شێوازە ژیانەیان. بە پێچەوانەی شارە بازرگانییەکانی تری گریکەوە، لە سپارتەدا تاك حسابی هیچی بۆ نەدەکرا و ژیانی تاك بۆ بەرگری کردن لە سەرۆکەکەی تەرخان کرابوو. هەر تاکێکی سپارتی سەرباز بوو، بۆیە شێوازی پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکان لە پەیوەندی کۆمەلایەتی کامپێکی سەربازی دەچوو.هەر کوڕێکی سپارتی لە تەمەنی حەوت ساڵییەوە لە دایکی دەسەندرا بۆ ئەوەی لەلایەن دەوڵەتەوە ڕابهێنرێت، ئەم کوڕەش هەموو پەیوەندییەکی لەگەڵ خێزانی منداڵیدا دەپچڕاو دەوڵەت دەبووە خێزانی. ڕاهێنانی جەستەیی زۆر سەختیان پێدەکرا و زۆریان لێدەکرا دزی بکەن بۆ ئەوەی فێری فێڵکردن بن و ، ئەگەر بشگیرانایە سزا دەدران بۆ

ئەوەی فێری خۆڕاگری بن. تاکی سپارتی لە تەمەنی بست ساڵیدا ڕێگەی پێدەدرا کە ببێت بە هاوڵاتی و وەکو سەربازێك ناو نووس دەکرا. لێرە بەدووا هاوڵاتی تاوەکو تەمـەنێك زۆر پیر بۆ خزمەتی سەربازی دەژیا. رژێمی دەسەڵاتی سپارتە لە ئەنجوومەنێك لە هاوڵاتییـان پێك هاتبوو، پێیـان دەووت: (ئیفـۆرس) (ephors) . ئـەمانیش زۆربـەی دەسـەڵاتەکانیان هەبووەو دوو پاشای پشتاوپشتیان هەبوو، لە کاتی جەنگەکاندا سەرکردە بـوون، دەنـا هـەر ڕەمزێك بوون و هیچ دەسەڵاتێکیان نەبوو. لە ماوەی سەرەتاکانی مێژووی دا سپارتە هـەر وەکـو کۆمەڵگەیـەکی دابـڕاوی کشـتوکاڵی مایـەوە و توانـا سـەربازییەکەی زیـاتر بـۆ بەرگریکردن بەکار دەهێنا تاوەکو هێرش بردن. لە سەدەی شەشەمی پێش زایین دا، خۆی وەکو خـانمێکی نێـو دەوڵەتـە شارەکانی تـری هاوپـەیمانی نیمچـە دوورگەکـە دروسـتکرد و وەکو هاوپەیمانییەکی بەرگریکار لە نیمچە دوورگەکەدا دەوری گێـڕا، بـەڵام نزیکـەی هـیچ دەورێکی لە جموجوڵی بازرگانی و داگیرکارییەکاندا نەگێڕا، هەر وەکو چۆن دەسەڵاتەکانی تری جیهانی گریك دەیانگێڕا.

پەرەسەندنی (ئەسینا) زۆر جیاواز بوو، (ئەسینا) تەنها شاری گرنگی یۆنانی بـوو لـە خـاکی دایـك کـە بـەر شـاڵاوی (دۆڕییـەکان) نەکـەوتبوو. هەرچـەندە لـەکاتی جـەنگی (تـرۆی) (Trojan) دا گـرنـگ نـەبوو، بـەڵام پـاش داگـیر کارییـەکانی (دۆرییـەکان)، بـە بوونیان بە میراتگری بازرگانی شارە خاپوور کراوەکان، گرنگ بوو. وەکو شارێکی بازرگانی، (ئەسینا) زۆر زیاتر لە (سپارتە) بوو بە شاری فرە کەلتوور (cosmopolitan) و گرنگی شارستانییەتی هەزار ساڵەیان، بەلایـەنی کەمـەوە بـۆ ئەسـینییەکان ڕوونـە. سـاڵانێ پـێش ئـــەوەی بازرگـــانی ببێتـــە سەرچـــاوەی داهاتیان،(ئەســـینا) لـــە لایـــەن خـــاوەن زەویـــە ئەرستۆکراتیەکانەوە کە لەلایەن پاشایەکی هەڵبـژێردراوەوە سـەرۆکایەتی دەکـران، قـۆرخ کرابـوو. هەرکـە بازرگـانی گەشـەی کـرد، بازرگانـەکان داوای دەنگـی زیاتریـان دەکـرد لـە دەوڵەتـداو پـاش زنجیرەیـەك شۆرشـی تاڕادەیـەك هێمنانـە و چاکسازی (ئەسـینا) بـوو بـە دیموکراسـی. هەرچـەندە هـەموو هاوڵاتیـان (کـوڕە پێگەیشـتووەکان) لـە دوای (٥٠٢ پ.ز) یەوە لە ڕووی سیاسییەوە یەکسان بوون، بەڵام (ئەسینا) بەهیچ شێوەیەك دیموکراتییەکی تەواوی نەبوو. هەنـدی جار کەسـێکی قەناعـەت پێکـەری (دیمـاگۆك)ی (demagogue) (ئەو کەسەی هەسـتی جـەماوەر دەجوڵێنێـت و هانیـان دەدات بـۆ مەبەسـتی دەسـتکەوتنی ئامانجەکانی خۆی – وەرگێڕ) سەرنـج ڕاکێش دەنگێکی زۆری کۆ دەکردەوە و خـۆی دەکـرد بـــە دیکتـــاتۆرو زۆر جـاریش ئـــەو چـینەی دەوڵەمەنـــد تـــر بـــوون نـــەیانتوانی بزاوتـــە دیموکراســـییەکە کـــۆنترۆڵ بکـــەن و لـــە ســـوودی خۆیانـــدا بـــەکاری بێـــنن. پەیکـــەری

فەرمانڕەوایی ئەنجوومـەنێکی پێـنج سـەد کەسـی بـوو کـە پـەنجا لـە ئەندامـەکانی سـاڵانە لەلایـەن ئـەو (١٠) خێڵـەوە هەڵدەبـژێردران کـە دانیشـتووانی ئەسـینایان پێـك هێنـا بـوو. فەرمانڕەوایانی شار لەلایەن ئەم ئەنجوومەنەوە هەڵدەبژێردران، هەر هاوڵاتییـەك کـە بـە تاوانێـك تۆمــەتباردەکرا لەلایــەن دەســتەی ســوێند خۆرانــەوە، کــە لــەناو دانیشــتووندا هەڵبژێررا بوون، دادگایی دەکرا. خەڵکی (ئەسینا) ، لەگەڵ هـەر لاوازییـەکیش دا، لـە رادە بەدەر شانازییان بە دیموکراسییەکەیانەوە دەکـرد و کاتێـك کەسـێکیان لەلایـەن دەڵەتـەوە متمانەی پێدەبەخشرا، بە دڵ و بەگیان بەرپرسیارییەتییەکەیان بەڕیوەدەبرد.

# جەنگی تەرمۆپیل: دۆڕانی فارسەکان
# Thermopylae: The defeat of the Persian.

هەروەکو زانیمان، بۆ یەکەمجار (ئەسینا) کەوتە نێو ڕەوشە جیهانییەکانەوە، کاتێك وێرای بۆ یارمەتی دانی (میلیتۆس) لە (٤٩٤ پ.ز) کەشتی بنێرێت و لە (٤٩٠ پ.ز)دا لەبەرامبەر پەلاماری فارسەکاندا بوەستێتەوە.لە (٤٨٠ پ.ز)دا. تەنها (١٠) ساڵ پاش جەنگی (ماراسۆن) (Marathon)، هێزێکی زۆری فارسەکان کە نزیکەی (١٠٠.٠٠٠) جەنگاوەر بوون، بەهۆی پردی سەرئاو کەوتووەوە (Pontoon bridge) "جۆرە پردێکە بەهۆی چەند بەلەمێکەوە ڕادەگیرا – وەرگێڕ" لە (داردانێلّ) (Dardanelles) پەڕینەوەو ڕۆیشتنە ناو گریکەوە. لە بەرامبەر هێزێکی وا گەورەدا بە خێرایی ڕازی بوون کە هاوپەیمانی ببەستن. باشترین جێگە بۆ وەستاندنی فارسەکان، ڕاڕەوە تەسکەکەی (تەرمۆپیل) بوو لە باکووری ئەسینا. لەشکرێکی بچووکی (سپارتی) دەستبەجێ بۆ بەرگریکردن لە ڕاڕەوەکە پێکهێنرا،بەڵام لەلایەن گریکییەکەوە خیانەتیان لێکراو ڕێگەی پشتەوەی پیشانی فارسەکان دا و پاشان یەکە یەکەی سپارتییە بە جەرگەکان لەلایەن فارسەکانەوە کوژران.

هەر کە (تەرمۆپیل) پاسەوانی نەما، ڕێگاکانی بەرەو ئەسینا بۆ کرایەوە. ئەسینییەکان هیچ هەلێکی تریان لە بەر دەستا نەما، تەنها ئەوە نەبێ کە شارەکەیان چۆڵ بکەن و بەرەو ناوچەکانی نزیك دوورگەکان هەڵبێن و فارسەکانیش ڕۆیشتنە شارەکەوەو سوتاندیان. هاوینی دواتر، گریکەکان لە کەنداوی (سەلامیز) (Salamis) دا، کە زۆر دوور نەبوو لە ئەسیناوە، فارسەکانیان بە شەڕی دەریاییەوە سەرقاڵ کرد. کەشتییە بچووکەکانی گریك لە کەشتییە کۆن و گەورەکانی میسرییەکان و فینقییەکان، کە بەزۆر لەلایەن فارسەکانەوە خرابوونە خزمەتی خۆیانەوە، زیاتر گورجوگۆڵی خۆیانیان سەلماندو جەنگەکەش بۆ گریکەکان بووە سەرکەوتنێکی مەزن. ئەمەش خاڵی سەرەولێژی باڵادەستی فارسەکان بوو. دوای ساڵێکی تر لە جەنگ، لە شەڕی (پلاتایا) (Plataea) جەنگ دوایهات و فارسەکانیان لە کەناراوەکانیان وەدەرنا. لێرە بەدوا ئیمپراتۆرییەتی فارس ڕۆیشتە ماوەی کز بوونەوەو هەرگیز جارێکی تر نەیتوانی هەوڵی داگیر کردنی گریك بدات.

# بەنـــدی پێـنجەم

## ئەسینا لە چەرخی زێڕین و دواتردا: (٤٧٩ - ٣٤٧ پ.ز)
## Athens in the golden age and after: (479- 347 B.C)

ف

کاتێك ئەسینییەکان لە ناوچە دوور دەستەکانی نزیك دوورگەکان گەڕانەوە و ماڵە ڕووخاو و پەرستگا خاپوور کراوەکانیان بینی، بە دڵشکاوییەکی زۆرەوە باسی ڕۆیشتنیان کرد بۆ شوێنێکی تر، بۆ نمونە ڕەنگە ئیتالیا بوو بێ. ژەنرال (تیمیستۆکلس) (Themistocles) خەڵکەکەی هێنایە سەرئەوڕایەی کە دووبارە ئەسینا ئاوەدان بکەنەوە، چونکە شارەکە لای خواوەندەکانیان پیرۆزە. پاشان ئەسینییەکان بە پەرۆشییەکی وا چالاکانەوە خۆیان بۆ دووبارە دروستکردنەوەی شارەکە تەرخانکرد، پەنجا ساڵی دوواتریش ئەو پەرۆشییە هەر کاریگەری مایەوە. بەم شێوەیە (ئەسینا) نەك هەر بووە شارێکی لە ڕادەبەدەر جوان، بەڵکو بوو بە مەڵبەندێکی بازرگانی و کەلتووری بۆ جیهانی گریك. بۆیە دەوڵەمەندی یەکێك لە دەستکەوتەکانی شارەکە بوو لە ماوەی دوو نەوەدا لە (٤٧٦) ەوە بۆ (٤٣١ پ.ز). ئێمەش بەم چەرخە دەڵێین: (چاخی زێڕینی ئەسینا).

هۆکاری سەرەکی گەشەی خێرای (ئەسینا) دوای شەڕەکانی فارسەکان، ئەو بوێرییەی بازرگانە ئەسینییەکان بوو کە بازرگانی دوورەدەستی (میلیتۆس) یان بۆ خۆیان فەراهەم کرد، هەروەها دەستیان بەسەر ناوچەکانی دەریای ڕەش داو بەندەرەکانی میسردا گرت. لە هەمان کاتدا ئەسینا بوو بە خاوەنی ژمارەیەکی زۆر ئیشکەر بە هۆی ئەو هەزاران دیلانەی شەڕەوە کە وەکو کۆیلە دەهێنرانەوە و تەنانەت ژمارەیەکی زۆر گریکی ئازادیش وەکو دەستی کار لە بەردەستدا بوون.گریکە ئازادەکانیش ئەوانەبوون کە هاتبوونە ئەسینا و ئامادە بوون بەکرێیەکی زۆر کەم کار بکەن، نەوەك لە ژێر دەستی فارسەکاندابن. لە ئەنجامی کارکردنی پێشوەختی یانەوە ئەسینیە دەستڕەنگین و دووکاندارەکان بوونبە بازرگانی تێروتەسەل و ئیشە سادە و ساکار و سەر پێییەکانی خۆیانیان بە کەسانی تر دەکرد. ئەمانە بۆیان دەلوا ببن بە هەواداری هونەر، بچنە شانۆ و بە سیاستەوە سەرقاڵ بن، یان تا درەنگانێکی شەو لەسەر فەلسەفە گفتوگۆ بکەن. سەرەڕای

لێشاوی سەروەت و سامان، زۆربەی ئەسینیەکان لە بیرکردنەوەو ڕووخساریاندا وەکو چینی ناوەنـد مانەوە.هـەر هاوڵاتییـەکی ئاسـایی ماڵێـك و دووکانێـك و هـەروەها کێڵگەیـەکی بچووکیشـی هـەبوو لـە دەرەوەی دەرگاکانـدا "دەرگـای دەوڵەتـە شـارەکە – وەرگێـڕ" بـۆ دابینکردنی پێداویستی خێزانەکەی. خانووەکانی شارەکە بچووك و کەلوپەلی ناو ماڵەشیان زۆر سادە بوو. دانیشـتووانی ئەسـینا تـا ڕادەیـەك هـەر وەکو بەشـداریکردنی ئەنـدامان لـە کۆمەڵگا بچووکەکاندا، جوانترکردنی شارەکەیان پێباشبوو تاوەکو ماڵەکانیان.

وەکو زۆربەی دەوڵەتە شارە هینـدۆ ئەوروپییـەکان، ئەسـیناش بەسـەر خێڵەکانـدا دابەشکرا بوو، وە خێڵەکانیش بەسەر خێزانەکاندا، لە هەر خێزانێکیشدا باوك گەورەیەکی باڵا دەست بوو. لـە کـەلتووری شارسـتانییەتێکی پێشـکەوتووی ئـاوادا پلـەو پایـەی ئـافرەت بەشێوەیەکی بەرچاو نـزم بـوو. ئـافرەت نـەك هـەر هـیچ مـافێکی تایبـەتی نـەبوو، بـەڵکو مافێکی کۆمەڵایـەتی زۆر کەمیشـی هـەبوو. لـە مـاوەی چـەرخی زێڕینـدا، هـەر خێزانێکـی مامناوەندی ئەسینی کۆیلەیەك، یان زیاتری لە ماڵەکـەی و دووکانەکـەی، یـان کیلگەکەیـدا دامەزرانـدبوو. لـەو کاتـەدا زۆربـەی کۆیلـەکان گریکـی بـوون و رۆژگارێـك لـە ژیانیانـدا ئەمانیش ژیانیـان بـە ئەنـدازەی گـەورەکانیان بـاش بووبـوە، بۆیـە زۆر جـار بەشـێوەیەکی ئاسایی هەروەکو ئەندامێکی خێزانەکـە هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا دەکـرا. کـەم دەرامـەترین هاوڵاتیانی ئەسینا لە (پیرۆس) (Piraeus) دا دەژیان کە بەندەرێکی دەریایی بـوو چـەند میلێك دەکەوتە باشـووری ئەسـیناوە. ئێـرەش شـوێنی کۆبوونـەوەی دەریاوانـەکانی ناوچـە جیاجیاکانی دەریای ناوەڕاست بوو. لێرەدا خانووەکان پیس و قەرباڵغ و بچووك بوون.

## سیاسەت ((ڕامیاری)) politics

لـەماوەی چــەرخی زێــڕین دا، کۆمــاری ئەســینییەکان لەلایــەن دوو کۆمــەڵی سیاسییەوە بەڕێوە دەبـرا. ئـەوانیش پارێزگـارە ئەرسـتۆکراتییە زەوی دارەکـان و بازرگانـە دیموکراتە تازە پێگەیشتووەکان بوون. ململانێ سیاسییەکان نزیکەی ئاشـتییانە بـوو بۆیـە هیچ بارگرژییەکی وا دروست نەبوو بـۆ هەسـتانی ڕاپـەڕین. جیـاوازی سـەرەکی نێـوان دوو پارتەکە لە سیاسەتی دەرەوەیاندا بوو. خاوەن زەوییەکان دەیانویست هەلی فراوانی مەودای ئابووری ئەسینا کە لە بەر دەسـتدا بـوو بپشـکنن، ئـەویش بـە هاوپـەیمانی بەسـتن لەگـەڵ شارەکانی تری گریك داو وایان لێبکەن داوای وەرگرتنـی سـەرکردایەتی لـە (سـپارتییەکان) بکـەن و بازرگانـەکان ئەیانویسـت لـە فراوانکردنـی دەسـەڵاتیاندا بـەردەوام بـن، تەنانـەت ئەگەر لەگەڵ سپارتە و شارەکانی تردا تووشی شەڕیش هاتبن.

ڕاسـتەوخۆ دوای سـەرکەوتنی فارسـەکان، بـەرەی بازرگانـەکان بەسـەرکردایەتی (سمیستۆکلەس) (Themistocles) شارەکەیان کۆنـترۆڵ کـرد. سیاسـەتی نـاوبراو بریتـی بوو لە بـەکارهێنانی هێـزی دەریـای نـوێی ئەسـینا بـۆ ڕزگـارکردنی دەوڵەتـە شـارەکانی لـە دەستی فارسەکان لە دوورگەکانی (ئیجە) و ئاسیای بچووکدا. ئەم شارە تـازە ئـازاد کراوانـە بانگهێشت کران بۆ پەیوەندی کردن بە یەکێتییەکی دژە فارسەوە کە پێی دەوترا: (یەکێتی دیلیـەکان) (Delian league). لـە سـەرەتاوە ئـەم کـارە بـۆ ئەسـینا شـتێکی بـاش بـوو، شارەکان بەپەرۆشەوە پەیوەندیان کرد و هەر شـارە و بوجـەی سـاڵانەی لـە پـارەو کەشـتی بەخشی. بەڵام پەرۆشییەکەیان کشایەوە کاتێـك تێگەیشـتن کـە ئـەمان ئـازاد نـەکراون بـۆ ئەوەی ئازادییەکەی پێشوویان بـۆ بگەڕێتـەوە، بـەڵکو بـۆ ئـەوە ئـازاد کـراون کـە بـبن بـە بەر دەسـتێکی ئـابووری و سـەربازی سـەر بـە ئەسـینییەکان . کاتێـك هەنـدێ لـە شـارە گریکییـەکان کـە عاشـقی ئـازادی بـوون لـە ئەنجامـدا وویسـتیان لـە کۆمەڵەکـە بکشـێنەوە، دەرکەوتنی هێزە دەرياييەکانی ئەسینا لە بەندەرەکانیاندا ئەوەی بۆ سەلماندن کە (یەکێتی دیلییەکان) شتێکی هەڕەمەکی نەبووە، بەڵکو لە ڕاستیدا ئیمپراتۆرییەتێکی ئەسینی بووە.

دوای سـەرکەوتنی پارێزگـاران لـە (٤٧٢ پ.ز) دا ، (سمیسـتۆکلەس) پشـتگوێ خـرا. بـەڵام دوای دەیەیـەك دیموکراتـەکان بـە سـەرکردایەتی (ئیفـاڵتس) (Ephialtes) ی ڕاسـتگۆی، بـەڵام بێمێشـك گەڕانـەوە سـەر دەسـەڵات. کاتێـك لـە (٤٦٠ پ.ز) دا (ئیفـاڵتس)

غافڵكوژ كرا، وەكو سەركردەیەك، لەلایەن شاگردە گەنجەكەی (پێریكلەس) (Pericles) ی سی وسێ ساڵەوە دەسەڵاتەكەی درێژەی پێدرا. (پێریكلەس) سیاسییەكی زیرەك و فەرمانڕەواییەكی سەر ڕاست بوو. ناوبراو بۆ ماوەی سی و یەك ساڵی دواتر فەرمانڕەوایی ئەسینییەكانی كرد، تەنها پلەی ڕەسمی سەرۆكی دەستەی ژەنراڵەكان بوو، هەر لەو پلەیەدا هەتاوەكو مردنی لە (٤٢٩ پ.ز) بەتەنها هەموو ساڵێك هەڵدەبژێردرایەوە. بەڵام هێزی ڕاستەقینەی لە كۆنترۆڵكردنی زۆرینەی ئەنجوومەنی ئەسیناو باوەڕی تەواوی خەڵكی ئەسینا بوو پێی.

(پێریكلەس) لە دەسەڵاتدا شوێنی ڕامیاری پارتی بازرگانەكان دەكەوت كە لە ماوەی ئەو ساڵانەی شكۆمەندی دارایی و سەربازیدا هیچ پلەیەكی بەرچاویان بەر نەكەوتبوو. لە جەنگە دەریاییەكاندا لە دەریای (ئیجە) دا بۆ زیاتركردنی مەودای ئابووری بەردەوام بوو، وە شانازی كردنی بەرهەڵستكاری ئەسینییەكانی دژی (سپارتە) بە دەست هێنا لە ڕێگەی پشتگیری كردنی پارتە دیموكراتەكانی شارەكانی تری گریكەوە. ئەمەش لە كاتێكدا سپارتییەكان پشتگیری پارتە پارێزگارەكانیان دەكرد. لە ئەسینادا دەسەڵاتی یاسایی (ئاریۆپاگەس) (Areopagus) ، دادگایەك بوو هەموو ئەندامانی ئەرستۆكراتی بوون، كەم كردەوە و دەسەڵاتی یاسایی (هیلایا) (Heliaiai)ی زیاد كرد كە لەلایەن ژمارەیەكی زۆر لە هاوڵاتییانی هەموو چین و توێژەكانەوە هەڵبژێردرا بوون.

# کەلتوور Culture

بەبەشداریکردن لە شانازی کردنی ئەسینییەکان بە دیموکراسییەتیەکەیانەوە، (پێرکلیس)یش بەهەمان شێوە شانازی بە سەرکردایەتی کەلتووری ئەسیناوە دەکرد کە ئەوکات لە جیهانی گریك دا لە درەوشانەوەدا بوو. لە ژێر دەسەڵاتی ئەمدا دەوڵەت چالاکانە هانی هونەرمەندان و نووسەران و زانایانی دەدا. دووبارە دروستکردنەوەی شار بوو بە بەرنامەیەکی کار بۆ دابین کردنی کار، نەك هەر بۆ بەردهەڵکۆڵ (masons) و دارتاشەکان،بەڵکو بۆ ئەندازیارە بیناسازەکان و پەیکەرتاش و وێنە کێشەکانیش.

## زانستی تەلارسازی Architecture

گرنگترین نۆژەنکردنەوە، نۆژەنکردنەوەی تەلارە پیرۆزەکانی سەر (ئاکرۆپۆلیس) (Acropolis)بوو، ئەو گردەی کە لە کەناری باشووری شارەکەوە قیت بووەبوە. تاجی مۆنۆمێنتی (مەزاری) لوتکەی (ئاکرۆپۆلیس)، (پارسینۆن) (Parthenon) بوو، کە پەرستگەی (ئەسینا) (Athena)ی خواوەندە ژنی پارێزەری شاری (ئەسینا) (Athens) بوو. ئیشکردن لەم پەرستگەیەدا لە(٤٤٧ پ.ز) دا دەستی پێکرد، کە دەکاتە سیانزە ساڵ دوای هاتنە سەرتەختی دەسەڵاتی (پێراکلیس) و لە(٤٣٢ پ.ز) دا تەواو کرا. پەرستگەکە لەلایەن (ئیکتینەس) (Ictinus) و (کالیکرەتیس) (Callicrates)ەوە بەشێوەیەکی سادەی (دۆریانی) (Doric) دیزاینی کراوە. لە (پارسینۆن) دا باڵاترین بەرزخوازی دەوڵەتە شارێکی بچووك ڕەنگ دەداتەوە کە ئەویش بێگەردیە لە ناو مەودایەکی دیاریکراودا. دیزاینەکەی سادەیە و جوانیەکەشی هاوسەنگ و ناسکە. ماوەی زیاتر لە دوو هەزار ساڵ وەکو شوێنی پەرستن بەکارهێنراوە. لە سەرەتادا وەکو پەرستگەی خواوەندەژن (ئەسینا) و ئینجا کڵێسەو لە کۆتایدا وەکو مزگەوت بەکارهێنراوە. لە ماوەی شەڕێکی لاوەکیدا تەنها سێ سەد ساڵێك پێش ئێستە، (ئاسینۆن) نزیکەی بە تەواوەتی تەقێنرایەوە.

لە ناو پەرستگەکەدا، پەیکەرتاش (فیدیاس) (Phidias) هاوڕێی نزیکی (بێراکلیس)، پەیکەرێکی زەبەلاحی خواوەندە ژن (ئەسینا) ی دروستکرد. لەراستیدا، عەبا لۆچ بەستوە زێڕەکەی پەیکەرەکە عەمبارێکی گەنجینەی ئەسینییەکان بووە. لەگەڵ ئەوەی پەیکەرکەی (فیدیاس) بە شکۆ و یەکپارچە کانزایە، کارەکەی (مایرۆن) (Myron) ی هاوچەرخیشی جیرو رێکوپێکە. بەرهەمی (دیسك هاوێژەر) (رمی القرص) (Discus thrower) ی "ئەو جۆرە یارییەی کە یاریزانەکە بارستاییەکی شێوە قاپ دەهاوێژێت، بەتایبەت لە یارییەکانی ئۆلۆمپیادا – وەرگێڕ" (مایرۆن) ئەو پەیکەرەی کە بۆ بیست و پێنج سەدەیە وا دەردەکەوێت کە خەریکە دیسکەکەی دەهاوێژێت، زۆر سروشتی یە و لە ڕاستی دەچێت.

# درامـــــــا (شانۆگەری) Drama

لای (ئـــاکرۆپۆڵس)ەوە و دوور لـــە شـــار (ئـــەمفی شـــانۆ – ئـــەمفی تیـــاترۆ) (Amphitheater) "شانۆیەکی خڕە کورسییەکانی بە لێژگەیەکەوەیە و لە سێ لاوە دەوری تـــەختی شـــانۆکەیان داوە – وەرگێـــڕ" ی فراوانـــی (دیونیســـیوس) (Dionysus) دروستکرابوو. لــە مــاوەی ڤیســتیڤاڵی (دیۆنیسـیوس) دا کــە دوو ســاڵ جارێـك دەگێــڕدرا، کۆمــەڵێکی جیاواز شانۆگەری – سـێ تراژیـدی و یـەك کۆمیـدی – پێشکەش دەکـرا و بـۆ ماوەی سێ ڕۆژ، هەر ڕۆژە و گروپێکیان بەرهەمی پێکشەش دەکرد. شانۆگەرییەکان تـەنها بۆ چێژ بەخشین نەبوو، بەڵکو بۆ فێرکردن و چاکسازی لە کردەوەکانی بینەردا بوو، پێش ئەوەی بەشداری لە ڕێوەڕەسمی پیرۆز ڕاگرتنـی (دیونیسیوس)دا بکـەن. بنچینـەی بابـەتی زۆربـەی تراژیدییـەکان لـە ئەفسـانەکان (میسـۆلۆژیا)ەوە وەرگـیرا بـوو. بۆیـە شـانۆنامە نووسەکان ئاسانتر دەیانتوانی بیرەکانیان لە ڕێگـەی ئـەم چیرۆکانەوە، کە بینـەران پێشتر پێـی ئاشـنا بـوون، بگەیـەنن. (گرێکـان ـ چـنینەکان) (Plots) هەمیشـە لـە دەوری کەسایەتییەك (کاراکتەرێك) دەخولانەوە کە تووشی تاوانێك ببوو.تـاوانی بنچینەیی لای گریکــەکان (هــایبرس)(hybris) واتــە خۆبــەزلزانین بــوو. ئــەم خــۆ بەزلزانینــەش بــە شــێوەیەك بــوو کــە کەســەکە بڕیارێــك، یــان کردەوەیــەکی بــە پێچــەوانەی ویســتی خواوەندەکانەوە دەکرد، سزاکەشی سزای درێژخایەنی (نیمەسیس) (Nemesis)بـوو کـە زۆر جار پێش ئەوەی تاوانەکە بسڕدرێتەوە، چەند نەوەیـەك (جیلێك) باجەکـەیان دەدا. تراژیدییە بەراییەکان هیچ نەبوو، جگە لـە هەنـدێ سـروودی ئـایینی بێتـام کـە لـە لایـەن کۆرسـێکەوە وەکـو گـۆرانی دەوترانــەوە. یەکــەم شــانۆنووس کــە یەکــەم شــانۆی نووســی دەتوانرێت بووترێت شانۆ (ئاشیلوس یان ئەسخیلۆس) (Aeschylus) (٥٢٥ – ٤٥٦ پ.ز) بوو. ناوبراو لە شانۆگەرییەکەیدا بەلایـەنی کەمـەوە دوو شانۆکاری لە کۆرسـەکە هێنایـە دەرەوە و لەسەر شانۆ دەوریان گێڕا. (ئەسخیلۆس) لـە دە سـاڵی دوای شـەڕی فارسـەکان دا پێشەڕەوی شانۆنامە نووسەکانی ئەسینا بوو. (٩٠) شانۆی نووسیوە و لەو ژمارەیەش تەنها حـەوتیان نەفـەوتاون. کەسـایەتییەکان (کاراکتـەرەکان)ی ئـالۆزنین، بـەڵام زۆر سـادەییان شـانۆیەکی بـەهێزی وایـان دروسـتکردووە کـە هەسـتی تـرس و پێشـبینی کردنـی ڕوودانـی خراپ لە ناخی مرۆڤ دا دەهەژێنێت. (ئەسخیلۆس) زیاتر بە بەرهەمی (سیانەی ئۆریستیا)

(Oresteia trilogy)ەوە بەناوبانگـە، کـە بـاس لـە بەسـەرهاتی (ئاگامـەمنون) و چارەڕەشی منالەکانی (ئلیکترا) (Electra) و (ئۆریستس) (Orestes) دەکات.

بەناوبانگترین شانۆنامە نووسی چاخی زێڕین، (سۆفۆکلەس)(Sophocles) (٤٩٦ - ٤٠٦ پ.ز) ی هـاوڕێی (پیریکلـەس) بـوو کـە نەوەیـەك دوای (ئەسـخیلۆس) هـاتووە. بـە بـەکارهێنانی کەسـایەتی سـێ یـەم و نووسـینی (گـرێ – چـنین)ێك کـە زیـاتر پشـت بـە کەسـایەتی یـەکان ببەسـتێت تـاوەکو کۆرسـەکە، هـەنگاوێك زیـاتر لـە (ئەسـخیلۆس)، لـە چـەمکی شـانۆی هاوچـەرخ نزیـك بوویـەوە. شـانۆگەرییەکانی بـە ئەنـدازەی ئەوانـەی (ئەسخیلۆس) چێژ بەخش بوون و وە هەلگری هەمان پەیامی چارەنووس بوون کە دەبوو ببێت بەنسیبی ئەوانەی کە لەگەڵ سازان (پێك گونجان)ی سروشتدا پێی لار دادەنـێن. لای ئەم باری ڕووداوەکانی، لە چاو (ئەسخیلۆس) دا، کـەمتر تۆقێنـەر بـوون، بـەڵام (گـرێ – چـنین)ەکانی پەرەسـەندووتر و کەسـایەتییەکان واقیعـی تـر بـوون. لـە کاتێـك دا کە(ئەسخیلۆس) کەسایەتی دروستکرد دەوری چاکە و خراپەیان دەگێڕا (واتا: بـە مرۆڤـی دەکـردن Personification)، ئـەم دەوری مرۆڤـی ڕاسـتیی کـرد بـە شـانۆ و کەسایەتییەکانی خاوەنی هەموو چاکەو خراپەیەکی مرۆڤی بوون و ئەم سیفەتانەش وەکو بەشێکی (گرێ – چنین) خرانـەڕوو. بـەناوبانگترین بەرهـەمی (سۆفۆکلس) (شا ئۆدیـپ) (Oedipus Rex)ە. ئـەم چـیرۆکە ناسـراوە، بـاس لـە بەسـەرهاتی پاشـای (تبـت) (Thebes) دەکـات کـە بـەبێ خواسـتی خـۆی بـاوکی خـۆی دەکوژێـت و دایکـی خـۆی مارەدەکات.

(یۆریپـیدیس) (Euripides) (٤٨٠ - ٤٠٦ پ.ز) گـەنجترینی سـێ گەورەتراژیـدی نووسـەکانی سـەدەی پێنجـەمی پـێش زایینـی ئەسـینا بـوو. زۆربـەی شـانۆکانی مێـژوویان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕۆژگارانەی کە ئەسینا ڕوو لە لاوازی بوو، بۆیە هەستی ماتومەلوولی و ڕەشبینی تێیاندا ڕەنگی داوەتەوە. جیا لـە تراژیـدی نووسـەکانی تـر، نـاوبراو پەیامەکـەی زیاتر تێگەیشتن بوو لە مرۆڤ تاوەکو ڕەوشتە ئایینییەکان. هەرچەنـدە بـاری شـانۆکانی لـە میلۆدرامـا ئەچـن و حیوارەکانیشـی بـۆ چـێژی مرۆڤـی هاوچـەرخ زۆر درێـژدادڕن، (یۆریپیدس) بە دەگمەن توانیویەتی بەسەر دەربڕینی تۆقێنە هەستەکیەکاندا زاڵبێت لـە بەرانبەر مەرگەساتەکاندا. لە شاکارەکەیدا، (میدیا) (Medea) ، وا لە بینەران دەکات کە بـەزەییان بـەو ژنـە نیمچـە شـێتەدا بێتـەوە کـە لـە ڕقـی ئـەوەی پیاوەکـەی جێیهێشـتووە هەردوو منداڵەکەی خۆی دەکوژێت.

(ئەرستۆفانس) (Aristophanes) لە سەرووی هەموو شانۆ نووسەکانەوە پشوویەکی دایە بەر هەمووان و شانۆی گاڵتەجاڕی (کۆمیدی) نووسی. ناوبراو کەسێکی کۆنەپارێز بوو، بە هۆنراوە (داشۆرین) (Satires)ەکانی ڕێگەی بۆ بیرمەندە گەنجە ئەسینییە دژە ئایینەکان خۆشکردو ڕچەی بۆ شکاندن.

## Herodotus هیرۆدۆتس (هیرۆدۆت)

هـەردوو ئـازادی و سـەروەت و سـامانی ئەسـینا پێکـەوە سـەرنجی فەیلەسـوفان و نووسـەران و زانایـان و مامۆسـتایانیان لـە هـەموو پارچـەکانی جیهـانی گریکـەوە ڕاکێشـا. یـەکێك لـەو کۆچـەرانەی کـە ڕویـانکردە (ئەسـینا)، کۆچـەرییەکی سـەرنـج ڕاکێش، بـەڵام زۆربێژ و حولحوڵ و سەر سەختیان، ناوی (هیرۆدۆتس)بوو لە ئاسیای بچووکەوە هاتبوو کە دواتر بە باوکی مێژوو ناسرا. لە ماوەی چاخی زێـڕین دا سـەرقاڵی نووسینی مێـژووە بەنرخەکەی بوو لە سەر جەنگەکانی فارس.(هیرۆدۆتس) دوایین شەڕی وەکو ململانێیـەك لـە نێـوان کـەلتووری خۆرئـاوا یـان گریـك و خۆرهـەڵات یـان فارسـەکاندا دەبینـی. لـە پەرەپێـدانی ئـەم بیرۆکەیـەدا زانیـاری زۆری لـە سـەر پێشـینەی مێـژووی خۆرهـەڵات، بەتایبـەت میسـرو بابلییـەکان و فارسـەکان، بەخشـییە خوێنـەری گریـك. بـەهۆی حەزکردنییەوە لە چیرۆکە خۆماڵییەکان، ناوبراو لـە میانـەی سـەفەرەکەیدا بەسـەرهات و داستان و سەرگوزشتەکانی کۆدەکردەوە. هەرچەندە کارێکی سەخت دەبێت بڵێین: کام لـەم نووسـینانە مێژووییـەو کامیـان ئەفسـانە، بـەڵام شـوێنەوار ناسـەکانی سـەردەم ئـەوە پیشاندەدەن کە (هیرۆدۆتس)[١٨] یش وەکو (هۆمەر) لەوە وردترە کە مێژوو نووسان پێیـان وابوو. ڕاست بن یان خەیاڵ، چیرۆکەکانی تاوەکو ئێستاش هەر بەردەوام کاریگەرن.

---

(١٨) هەرچەندە زۆر لە مێژوونووسەکان پێیان وابوو کە زۆربـەی نووسینەکانی (هێـرۆدۆتس) خـەیاڵین، بەڵام پاش دۆزینەوەکانی شوێنەوارناسان لـە دوای سـەدەی ١٩ی زایینـی، زۆرێـك لـە ڕاسـتی نووسـینەکانی پشتڕاسـت کرانـەوە. وەکـو دۆزینـەوەی شـاری (هیراکلیـەن) (Heracleian) کـە پێشـتر مێـژوو نووسـان پێیان وابوو خەیاڵییە، یـان وەکـو بـوونی جۆرێـك لـە مێروولـە لـە ڕۆژهـەڵاتی هینـد دا کـە لـەکاتی کـون هەڵکەندندا خۆڵی ئاڵتون دەردەدەنە دەرەوە ــ ئەویش لە لایەن نەتەوەناسی فەرەنسی (مایکل پێسیل) دەوە لە (کشمیر) پشتڕاست کرایەوە.

# The Sophists and Socrates سۆفیستەکان و سوکرات

لە ئەنجامی بوونی کۆمەڵێکی زۆری دەست بەتاڵی گەڕیدە فێربوون (هەر وەکو ئێستا ، خوێندن شتێکی باشبوو بۆ گەنجان، بۆ ئەوەی خۆیان لە ئیشکردن بدزنەوە) ئەسینا پڕ بوو بوو لە مامۆستای پیشەگەر (پرۆفشناڵ) و بەخۆیان دەوت : (سۆفسیتەکان) واتا: (ژیروانان)، هەرچەندە زیاتر ووشەیان فێردەکرد تاوەکو زانست. گەنجەکانیان فێردەکرد چۆن لە بابەتێکدا بەسەر بەرامبەردا سەربکەون، بەڵام فێری واتای دروستی مافەکانیان نەدەکردن لە داوەریە کراوەکاندا. "مەبەست ئەوەیە گەنجەکانیان فێردەکرد کە چۆن بتوانن بە قسەکردن پشتی بەرامبەرەکەیان بەن بەزەویدا، جا بەلایانەوە گرنگ نەبوو لەسەر حەق بێ، یان نا – وەرگێڕ". بە بەکارهێنانی پرسیار کردنێک کە وەڵامی دژیەکی هەبێت، هەولیاندەدا داب و نەریتی و ئایینی و ئاکاری (ئەخلاقی) و دیموکراسی ئەسینییەکان لەکەدار بکەن. بە ناوبانگترینی سۆفیستەکان (پرۆتاگۆراس) (Protagoras) بوو، دەیووت: هیچ بەهایەکی هەمیشەییە بوونی نیە، و پێشی وابوو چاکەو خراپە ڕێژەیین، و جوانی تەنها لە چاوی بینەرەکەیدا بوونی هەیە و ڕاستیش ئەوەیە کە کەسەکە پێی وایە ڕاستە. "واتا: شتەکان پەیوەندییان بەو گۆشەنیگایەوە هەیە کە بکەر لێی وەستاوە – وەرگێڕ" . ڕۆحییەتی گاڵتەجاڕی سۆفیستەکان و کاریگەرییان لە سەر گەنجانی ئەسینا، نەوەیەکی لەو ئەسینیان تورەکرد، کە لەو دووایانەدا بۆ ئازدی دەجەنگان. بۆیە بۆ ماوەیەك زۆرێك لە هاوڵاتییان لە فەیلەسوفەکان و بەتایبەت مامۆستاکان بە تێکڕایی کەوتنە گومانەوە.

تەنها پیاوێکی بەڕەچەڵەك ئەسینی بە ناوی (سۆکرات) (Socrates) (٤٦٩-٣٩٩ پ.ز) باوەڕی وابوو پەیامەکەی هەڵەی سۆفیستەکان دەسەلمێنێ. ناوبراو پێی وابوو ڕاستی و دروستی (حەق) و جوانی، بەدەر لە هەڵە تێگەیشتنیان لەلایەن مرۆڤەوە، هەمیشەیی و نەگۆڕن. پێیشی وابوو لە پشت ئەم جیهانە کاتی و فیزیکییەی کە دەتوانرێت بفەوتێنرێت، جیهانی ڕۆحی و هەمیشەیی هەیە، ئەویش جیهانی چاکەو ڕاستی و جوانیە. ئەمەش ئەو جیهانە ڕاستەقینەیە کە لێوەی هاتووین و بۆشی دەگەڕێینەوە. لەو جیهانەوە بەشێوەیەکی بە ئاگا لە چاکەی بێخەوش، وەکو بەشێکی زگماك لە مێشکمان، هاتووین. لە

جیهانی ماددیدا ئەم تێگەیشتنە ناوەکییە تەم دایدەگرێت. بۆ ئەوەی بزانین چی دروستە، پێویستە خۆمان بپشکنین و ڕێگەی هەڵە تێگەیشتنمان لە جیهانی ماددی ڕوون بکەینەوە و ڕاستی بنچینەی و هەمیشەیی لە بوونماندا بدۆزینەوە.(سوکرات) باوەڕی وابوو، لە دیموکراسیەتدا هاوڵاتیان ناچار دەکرێن کە شوێن ئەو ڕاستییە بکەون، بەڵام بەمەرجێ لەلایەن دەسەڵاتێکی دادپەروەرەوە بەڕێوە ببرێت. بۆ بەرپەرچ دانەوەی (ڕێژەگەرایی) (relativism)ی سۆفیستەکان، (سوکرات) ڕێگەکەی خۆیانی بەکار هێنا بۆ ئەوەی خەڵکی هەڵەکانیان ببینن. بە شاردا دەگەڕاو پرسیاری دەکرد، کاتێك کەسێك وەڵامێکی ناماقوڵی (نامەنتیقی) دەدایەوە، لە جیاتی ئەوەی پێی بڵێت: هەڵەیە، سوکرات پرسیاری زیاتری لێدەکرد، بۆ ئەوەی خۆی بۆ خۆی ببینێ بۆچی وەڵامەکەی ناماقوڵە. ئەمەش بۆ ئەوەی یارمەتی بدات بۆ ڕووناککردنەوەی ئەو ڕێگایەی کە بە تەراویلکەی هەڵەی جیهانی فیزیکی گیراوە،و بۆ ئەوەی لە تەك ڕاستی هەمیشەییدا بهێڵرێتەوە بەمەش کەسەکە دەتوانێ کاردانەوەکەی لە ناخیدا ببینێ.

## جەنگی پیلۆپۆنیسیەکان The Peloponnesian war

ئازادی شوێن کەوتنی هونەر و فەلسەفە، کە یەکێك لە تایبەمەندییەکانی چاخی زێـڕین بـوو، بـە جـەنگی (پیلۆپۆنیسـیەکان) لـە (٤٣١ - ٤٠٤ پ.ز) بەتونـدی کـورتی هێنـا. سیاســەتی فراوانکردنــی ئــابووری، کــە ڕێگــە خۆشــکەر بــوو بــۆ چــاخی زێــڕین، هــۆی هەڵگیرساندنی شەڕەکەبوو. دەوڵەتە شارەکانی تـری گریك،کە بـەناو سـەربەخۆ بـوون، لـە ئەسینا دەترسان و لە گەشەکردنی داگیر کارییەکانیان لە جیهانی گریکدا پەست بوون. ئەم دەوڵەتە شارانە بەسەرکردایەتی (سپارتە) زنجیرەیەك هاوپەیمانییان پێکەوە دروستکرد بە نـاوی (یـەکێتی پیلۆپۆنیسیەکان) (The Peloponnesian league) بـۆ بەرهەڵسـتی کردنی (یەکێتی دیلیە) ، کە لەلایەن (ئەسینا) ەوە دەستی بە سەردا گیرا بوو.

لـــە (٤٣١ پ.ز) دا ، کاتێـــك (کـــۆرنس) (Corinth) ، ئەنـــدامێکی یـــەکێتی پێلۆپۆنیسیەکان، کەوتە ململانێوە لەگەڵ (ئەسینا) دا لەبـەر ئـەوەی ئەسـنییەکان هـەوڵی دەستبەسەردا گرتنی بازرگانیەکانیانیان دەدا لەگەڵ شارە گریکەکانی تـری ئیتالیـادا، شـەڕ بەرپا بوو.ئەم جەنگەش، جـەنگی (پیلۆپۆنیسیەکان)، دوای بیسـت و حـەوت سـاڵ کۆتـایی هات.

کاتێك لە شەڕ بوونەوە، دەوڵەتە شارەکانی گریك وا هیلاك بوو بوون، ماوەی بـاڵا دەستییان لە جیهانی کۆندا کۆتایی پێهاتبوو. زۆربـەی زانیاریمـان لـە سـەر جەنگەکـە لـەو زانیاریانــەوە فەراهــەم بــووە کــە لەلایــەن ژەنراڵێکــی ئەســینییەوە نــاوی (ســوکیدیدس) (Thucydides) ەوە بـە دەسـتمان گەیشـتووە کـە زۆر بـە وردی ململانێکانی بـۆ تۆمـار کردووین. ناوبراو وەکو (هیرۆدۆت) ی نەکردووە، هیچ وزەیەکی لە درێـژدارێ هۆکارەکـانی جەنگەکـەدا خـەرج نـەکردووە، بـەڵکو خـۆی بەسـتووەتەوە بـە تۆمـار کردنێکـی وردی ڕووداوەکانەوە. سەرەڕای نەبوونی لێکدانەوە، زۆر بـە وریاییـەوە ڕووداوەکانی جەنگەکـەی گێڕاوەتەوە. ئەمەش وایکردووە کە درێژەی جەنگەکە بە ڕوونی دەربکەوێت.

نەخشەگێڕی (ستراتیجیەتی) (پێریکلیس) (Pericles) پشتی بە بێگومـانی بـاڵا دەستی هێزی دەریایی ئەسینا بەستبوو. دیوارەکانی ئەسینا زۆر قایم بوون و بە ئاسانی نە دەڕووخێنران، بۆیە (پێریکلیس) فەرمانی بە هەموو جووتیارای (ئاتیکا) (Attica) کـرد

کە بێنە ناو شارەکە. بۆ خواردن و یارمەتی (ئەسینا) لە ڕێگەی درەیاوە پشتی بە هاوپەیمانەکانی بەستبوو، بەڵام هێزی ئەسینا بووە هۆی هەرەس هێنانی. ساڵانێك دوای ئەوەی جەنگەکە دەستی پێکرد، تاعون لە (ئەبیسینا) (Abyssinia) دا بڵاو بووەوە و زۆری نەبرد بە هەموو ناوچەکانی خۆرهەڵاتی دەریای ناوەڕاستدا بڵاو بووەوە. ئەو کەشتییانەی یارمەتییان بۆ ئەسینا ئەهێنا، لەگەڵ خۆیاندا تاعونیشیان گواستەوە. لە شارێکی قەرەباڵغی وەکو ئەسینادا تاعون کۆنترۆڵ نەکراوبوو، بۆیە لە ماوەی ساڵێکدا یەك لەسەر سێی دانیشتووان بە (پیریلکیس) یشەوە، بە هۆی ئەم نەخۆشییەوە مردن.

تاعون نەك هەر ژیانی خەڵکی، بەڵکو ڕۆحی ئەسیناشی کێشا. ئەسینا متمانە بەخۆ بوون و خواستی شەڕی لە دەستدا و هەروەها باوەڕیان بەرامبەر ئەوەش لە دەست دا کە خواوەندەکان لەگەڵ ئەماندان. لە ماوەی ساڵانی تری جەنگدا و لە کۆتاییدا لە (٤٠٤پ.ز) دا خۆیاندا بە دەستەوە. وەکو یەکێك لە خۆشبەختانەترین سڕی مێژوو، (سپارتە) بڕیاری دا ئەسینا نەڕووخێنێ و لێیگەڕێت بژێ، بەڵام بە ئەندازەیەك کە تەنها ئەوەندە بەهێز بێت کە ببێتە هاوپەیمانی و ئەوەندەش لاواز بێت چیتر بۆی نەبێتە جێی ترس. هەرچەندە جەنگەکە باڵا دەستی ئابووری و سەربازی ئەسینای تێچوو، بەڵام ئەسینا توانی بە توندی دەست بە پێشڕەوییە کەلتوورییەکەیەوە بگرێت.

## مردنی سوكرات ؛ ئەفلاتۆن Death of Socrates : plato

لەگەل ئەوەی لە ماوەی داوی دۆڕانی شارەكەدا ورەی ئەسینییەكان بۆ نزمترین ئاست داكشا بوو،و نەبوونی سەركردەی بە تواناش بووە هۆی ئەوەی كە دیموكراسییەكەیان ببێتە دەسەلاتێكی توندوتیژ. حەشامەتی شارەكە بۆ قوربانییەك ئەگەڕان كە لۆمەی دۆڕانەكەیانی بخەنە سەر شان. بۆیە سەرزەنشتی كۆمەلێكی بچووك لە بیرمەندەكانیان دەكرد كە لە یارانی (پیریكلیس) بوون، وە (سۆفیستەكان) یش تۆمەتبار كران بەوەی كە ئەوان بوونە هۆی لاوازكردنی ڕەوشتی (ئەخلاقی) گەنجانی ئەسینا. زۆربەی ئەو كەسانەش كە تۆمەتبار دەكران لە كاتی جەنگدا مردبوون، یان ئەسینایان بەجێ هێشتبوو.

حەشامەتەكە (سوكرات) یان دەستگیر كرد، ئەو كات تەمەنی حەفتا سالْ بووە، وە هیچ لە یارانی كۆنی نەمابوو تا یارمەتی بدەن. ئاشوبگێڕانەكە لەلایەن دوو كەسەوە پێشڕەوی دەكرا ڕقی كەسییان (شەخصی) یان لە (سوكرات) بوو و ڕێبازی چاكەی بێخەوشیان دەست كەوت و شێواندیان. ئەمانە ناوبراویان بە باوەڕ نەبوون بە خواوەندەكانی دەولەت و شێواندنی گەنجان تۆمەتباركرد. (سوكرات) تۆمەت بارییەكەی لە سەر ساغكرایەوەو بە مردن مەحكوم كرا. دەیتوانی هەلبێ، وە خەلكیش پێشبینی ئەوەیان لێدەكرد، بەلام ئەوەی نەكردو ئامادە نەبوو دەست لە بیروڕاكانی هەلگرێت.

بیرۆكەكانی (سوكرات) لە لایەن قوتابییەكانی یەوە، كە بەناوبانگترینیان (ئەفلاتۆن) (Plato) (٤٢٦ - ٣٤٧پ.ز) بوو، بە زیندوویی هێلرایەوە. (ئەفلاتۆن) ئەرستۆكراتییەكی گەنج بوو كە زۆر ژیرانە سالێك دوای مردنی (سوكرات) ئەسینای بەجێهێشت. كاتێك باری شارەكەی ڕووی لە باشی كرد، گەڕایەوە و قوتابخانەیەكی بە ناوی (ئەكادیمیا) (The Academy) وە دانا. (ئەفلاتۆن) هات بیرۆكەی باشەی ڕەهای (سوكرات) ی هێناو فراوانتریكردەوە. ووتی: شانشینی باشەی ڕەها، كە ناوبراو پێیدەوت: ((جیهانی ئایدیا- جیهانی بیر))، لە قالبێكی (فۆرمێكی) بێخەوشی هەموو شتەكان پێك هاتووە، جا چ (بەرهەست) (Physical) بێت یان (بەرزەین) (obstract) . لە (جیهانی بیر) (The world of idea) دا یەك قالبی بێخەوشی (خانوو) یان (مێز) هەبوو یەك چەمكی بێخەوشی بۆ (داد پەروەری) (جوانی) یان (ڕاستی) هەیە. (ئەفلاتۆن) ڕایگەیاند

کە تەنها ئەو چەمکانەی کە لە (جیهانی ئایدیا) دا هەیە دروستن، وە ووتیشی: ئەو سەرکردانەی دەوڵەتە شارەکان کە بەرپرسیارن لە بەڕێوەبردنی داد پەروەریدا نابێ لە لایەن کۆمەڵانی خەڵکەوە هەڵببژێردرێت، چونکە ئەو خەڵکە مێشکیان ناتوانێت لە (جیهانی بیر) تێبگات. ئەم دەسەڵاتدارانە دەبێت لە لایەن زیرەکترینی هاوڵاتییانەوە هەڵبژێردرێن و نابێت ڕێگەی گرتنە دەستی بەرپرسیارییەتییان پێبدرێت، تاوەکو زۆر بە ووردی لە تێگەیشتنی (جیهانی بیر) دا را نەهێنرێن. لە جێبەجێکردنی ئەم (جیهانی بیر) ەدا (ئەفلاتۆن) ڕێگە چارەیەکی بۆ کێشەی سەر لێتێکدەری نەگۆڕی و گۆڕان دانا. بەلای (ئەفلاتۆن) ەوە گۆڕان تەنها لە جیهانی بەرهەستدا بوونی هەیە،بەلاّم لە (جیهانی بیر) دا هەموو قاڵبەکان (فۆرمەکان) نەگۆڕن.

# بــەنـــدی شـەشـەم

## سەردەمی ئەسکەندەری مەزن:
## The age of Alexander The great:

بەرەو کۆتایی سەدەی چوارەمی پـێش زایـین، نریکـەی کـاتی مردنـی (ئـەفلاتۆن)، جیهـانی گریکــەکان ســەرنجیان بــەرەو لای (مەقــدۆن) (Maccedon) لــە باشــوورەوە ڕاکێشـــرا. (مەقدۆنییـــەکان) بـــۆ گرکییـــەکان وەکـــو (ئاشـــوورییەکان) بـــۆ سامییەکان(Semites) وا بـوون. هـەر دوولا سـەر بەهـەمان ڕەگـەز و خـاك بـوون، بـەلام هەریەکــەو لــە چوارچــێوەیەکی شارســتانی ســەربەخۆیاندا دەژیــان. (مەقدۆنییــەکان) دوایـەمین گریکـەکانی سەرسـنوور بـوون لـە بەرامبـەر ناوچـە بەربەرییـە نەناسـراوەکانی باشووردا. هەر وەکو ئاشوورەییەکان، کاتێـك کـە ترسـی سـەر سـنوورەکای خۆیانیـان نـەما دەسـتیان کـرد بــە داگیرکـاری و یەکخسـتنەوەی خەڵکەکـەی خۆیـان. بەهـەمان شـێوەی ئاشوورییەکان، ئەمانیش خۆیان بە کەلتوورێکەوە دەنوانـد کـە خۆیـان هـیچ شـتێکیان لـە دروستکرنیدا نەکرد بوو.

کاتێك پاشا (فلپ) (Philip) (لـە ٣٥٩ بـۆ ٣٣٦ پ.ز ـ فـەرمانڕەواییکرد) ، هێـزی شوانکارە مەقدۆنییە نیمچە دڕندەکانی هێنایە ژێر بار، لەشکرێکی لە شکان نـەهاتووی لێ پێك هێنا. لە نێوان (٣٥٩) بۆ (٣٣٨ پ.ز) ناوبراو دەوڵەتە شارە لاوازەکانی گریکی داگیرکرد و یەکێتییەکی لە ژێر رکێفی (مەقدۆنیا) دا دروستکرد. دوو ساڵ دواتر، (فلپ) لەشەڕێکی سەرخۆشـاندا کـوژرا. "هەنـدێ سەرچـاوەی تـریش ئـەڵێن: لـە ڕێـوە ڕەسمـی بـە شـوودانی کچەکەیدا کوژراوە – وەرگێڕ" و لە لایـەن کـوڕە تەمـەن بیست سـاڵەکەیەوە، ئەسـکەندەر (Alexander) ، درێژە بە دەسەلاتەکەی درا. (ئەسکەندەر) سیازدە سـاڵی تـر ژیـا، بـەلام لەو ماوەیەدا.. ئەم کوڕی سەرۆك خێلە بەربەرییە هەموو جیهـانی شارسـتانی داگیر کـرد. یەکێك لە سەرنج ڕاکێشـترین و درەوشـاوەترین کەسایەتییەکانی مێـژووە، بـەلام کەسـێکی زۆر سەرکێش بوو. وەکو پیلاندانەرێکی جەنگ (ستراتیژیزان) لە پلەی سەربازیدا، ناوبراو

وەكـو (سـيزەر- قەيسـەر) (Caesar) و نـاپليۆن (Napoleon) ە و چـەند پلەيـەكيش لـەوان لـە پێشـترە.لەماوەی سـيانزە سـاڵی شـەڕكردنيدا، هەميشـە زيـاتر و قـوڵتر بـەناخی ناوچەكانی دووژمنـدا ڕۆدەچوو. ئـەمەش وايپيشـاندەدا كە بـۆ (ئەسـكەندەر) دۆڕانـی تـەنها جەنگێك شتێكی مەحاڵ بێت.

(ئەسكەندەر) بە (٣٥.٠٠٠) لە پياوەكانييـەوە لـە (٣٣٤ پ.ز) دا بـەناو (هلسپنتس) (Hellespont) دا تێپەڕی.لەسـەرەتادا مەبەسـتی ڕزگاركردنی شـارەكانی گريـك بـوو لـە ئاسـيای بچـووكدا لـە چـنگی فارسـەكان ، (كـە دووبـارە دوای جـەنگی پيلۆپۆنسـيەكان كـەوتبووەوە دەسـتيان) و دروسـتكردنی يەكێتييـەكی گريكـی سەرتاسـەری بوو.بـەلاَم سـەركەوتنەكەی زۆر بـە ئاسـانی بەدەسـت هێنـا، ئەمـەش وايلێكـرد كـە بـەرە و نـاو ئيمپرابۆريـەتی فارسـی خـۆی بـەردەوام بێـت. لـە(٣٣١ پ.ز) دا، ئەسـكەندەر لـە نزيـك (نەينـەوا) (Nineveh) لەگـەڵ پاشـای گـەورەی فارسـەكاندا ڕووبـەڕوو بـووەوە و تێكـی شكاند. ئەم گەنجە گريكيە بيست و پێنج ساڵە لە دەشتە ووشكەكانەوە بە سـەركەوتوويی بەرەو ناو شاری دێرينی بابـل (Babylon) ، پايتـەختی(حامورابی) و(نەبوخەزنەسـەر)، كشـــــا. لە بابل دا، بەدامەزرانـدنی مۆڵگەيـەك لـەبابل دا، (ئەسكەندەر) تـوانی لێـرەوە نەخشـەی دەستبەسـەرداگرتنی بـاقی ناوچـەكانی ئيمپرابۆرييـەتی فارسـی بكێشـێ. شـاری (تايە) (Tyre) ی فينقـی شـانازييەكی زۆری بـە خۆيـەوە دەكـرد، ئـەم شـارە دوورگەيـەك سەنگەری بوو ،وە لـە لايـەن ژێـر دەسـتەكانييەوە (كۆلۆنيەكانيـەوە) يارمـەتی دەدرا. دوای شەش مانگ بەرەنگاری سەخت، تونرا بگيرێت، بەڵام ميسر بەبێ بەرەنگاری ڕووخا و ئەو گەنجـە گريكييانـەی كـە وەكـو ئيمپراتـۆری فـارس ديـاريكرابوون بوونبـە (فيرعـەون) (Pharaoh) ی ميسريش. بەم شێوەيە (ئەسكەندەر) لەلای ميسريەكان بوو بە خواوەند. ئەمەش خـاڵێكی وەرچـەرخانی لـە مێـژووی ڕاميـاری (سياسـی) شارسـتانييەتی خۆرئـاوادا ديـاريكرد. پاشـا خۆرهەڵاتييـەكان بـۆ ماوەيـەكی دوور و درێـژبوو وەكـو خواوەنـد، يـان بريكاری خواوەندەكان فەرمانڕەواييان كرد. بەم ئاكارانە پاشاكان ناوچەيەكی پان و بەرين و دانيشـتووانێكی فـرە زمانيـان كـۆنترۆڵ كردبـوو، بـەڵام گريكـەكان تـەنها وەكـو مرۆڤێـك فەرمانڕواييان دەكرد. ئەم گريكانە كۆنترۆڵی ناوچـەكانيان كـەم لـە ژێردەسـتدابوو، وە لـە سەروەری دەسەڵاتيشيان دڵنيا نەبوو. لە بەر ئەمە (ئەسكەندەر) لەوە تێگەيشتبوو كە بـۆ پێكەوە لكاندنی دانيشتونێكی وا پەرتەوازە بۆ ئيمپرابۆرييـەتێكی يـەك پارچـە، پێويسـتی بە دەسەڵاتێكی وا هەيە هيچ كەسێك بەدەستی نەهێنا بێت.

(ئەسکەندەر) لە میسرەوە گەڕایەوە بابل، سەرکەوتنە یەک لە دوای یەکەکانی گەیاندبوویە ئەو قەناعەتەی، پەیامەکەی دەبێت هەموو جیهان داگیر بکات و تێکەڵی بکات. بەرەو تورکستان لە باکورەوە و پاشان بەرەو دۆڵی (ئیندەس) (Indus) لە باشوورکشا.بەڵام ئەم جارەیان پیاوەکانی نارەزاییان دەربڕی و (ئەسکەندەر) یش بەرەو بابل گەڕایەوە. هەرکە خەونی ئیمپراتۆریەتە جیهانییەکەی لەوا بوو جێبەجێ بێت، تووشی تا هات و مرد، لەم کاتەدا هێشتا سی و سێ ساڵی تەواوی پڕ نەکردبووەوە.

# The Hellenistic World جیهانی هیلینستی[19]

بــە ماوەیــەکی کــەم دوای مردنــی (ئەســکەندەر) ، ژەنراڵــە مەقدۆنییــەکان ئیمبراتۆییەتەکەیان دابەشکرد. (پتۆلێمی) (Ptolemy) بە جێنشینی (ئەسکەندەر) وەکو فیرعەونی میسر، دەوڵەمەنـدترین بەشی بەرکەوت. (سیلوکەس) (Seleucus) دەسـتی بەسەر ئیمپرابۆرییەتی فارسدا گرت و (ئەنتیگۆنەس) (Antigonus) یش (مەقـدۆنیا) و سەرۆکایەتی یەکێتییەکی گریکی برد. هەندێ دەسـەڵاتی بچووکتر لـە ئاسیای بچووکدا سەربەخۆیی خۆیانیـان بەدەست هێنایـەوە. لەگـەڵی رووەوە (ئەسـکەندەر) ئـەوەی بـەجێ گەیاندبوو کە نەخشەی بۆ کێشا بوو بیکات. هەرچـەندە دوای مردنـی ئیمپرابۆریەتەکـەی دابەش کرا، بەڵام جیهانی کۆن بە ئەندازەیەك لە ڕووی کـەلتووری و ئابوورییـەوە تێکـەڵ کرا، بە هیچ شێوەیەك پێشتر جیهان بە خۆیەوە نەیبینی بوو. بازرگانە جولەکەکان کە لە میسـردا بـوون، وەکـو ئـەوە وابـوو لـە نیشـتمانی خۆیانـدا بـن. بـە هـەمان شـێوە پیـاوە ئایینییـەکانی فـارس لـە (پرگـاموم) (Pergamum) ، و دەریاوانــە (فینقییــەکان) لــە (سامۆســتراس) (Samothrace) ، یـا خـود میسـرییەکان لـە (پرسـپۆلیس- تـەختی جەمشـید) (Persepolis) دا هەسـتیان بـە غـەریبی نـەدەکرد، چونکە گریـك دەسـتی بەسەر هەموو ئەم شوێنانەدا گرتبـوو. لـە سـەرتاپای بەشـە جیاجیاکـانی جیهانـدا زمـانی گریـك زمـانی ئـەدەب و دیبلۆماسـی و بازرگـانی بـوو، بـەهۆی (ئەسـکەندەر) ەوە جیهـان بەهیلینسـتی (یۆنانی) کرا.

جیهانی هێلینستی (گریك) زۆر خۆش و سەرنـج ڕاکێش بوو، ئەم تێکەڵ بوونەی جیهانی بازرگانی وروژاندن و زیادکردنی بازرگانی ترپەی هـەموو گۆشـەکانی ژیـانی خێـرا تــر کــرد. شــارە تازەکــانی وەکــو (ئەنتاکیــە) (Antioch) و (ئەســکەندەریە) (Alexandria) لـە مـاوەی کـەمتر لـە نەوەیەکـدا، بوونبـە پایتـەختێکی زۆر قـەرەباڵغ. چـینە (class) تـازە خۆشـگوزەرانەکان تینووتیـەکی لـە شـکان نـەهاتوویان بـۆ هونـەر و فەلسەفە هەبوو، مەڵبەندنی کەلتووری و ئەدەبی جیهانی هیلینستی (ئەسکەندەرەیە) بوو لە سەر کەناراوەکانی میسری کۆن. (ئەسکەندەر) ئەم شارەی وەکو بەندەرێکی جێگـرەوەی

---

(١٩) Hellenist:- مەبەسـت گریکـی کـۆن و دەسـەڵاتەکانی تـری خۆرهـەڵاتی دەریـای ناوەڕاسـتە کـە لـە سەدەی چوارەمی پێش زایینەوە تا سەدەی یەکەمی پێش زایینی فەرمانڕەوایی ناوچەکەیان کرد.

(تایە) (Tyre) دروستکرد و بەناوی خۆشیەوە – وەکو خواوەندێك- ناونراوە. ئەم شارەش یەکەم شار بوو لە مێژوودا کە ژمارەی دانیشتوانی بگاتە زیاتر لە ملیونێك. بەشێوەیەکی نموونەیی هەڵکەوتبوو بۆ دەستبەسەرا گرتنی بازرگانی یە نوێیەکە. بەهۆی بورجی ڕێنمایی کەناری دەریاکەیەوە ، کە (٣٧٠) پێ بەرز بوو، کەشتی لە هەموو ناوچەکانی دەریای ناوەڕاستەوە دەهاتنە بەندەرە دووانیەکەی. لە (ئەسکەندەریە)ەوە بۆ ماوەیەك بارەکان (شتوومەکەکان) بە (نیل) دا دەگوێزرانەوە و پاشان لەوێوە بەرێی خاکیدا بۆ دەریای سوور دەگوێزرانەوە. لەوێشەوە کەشتییەکان چاوەڕووانیان دەکرد بۆ گواستنەوەی بارەکان بەرە و (هیند) و دیوتر، یاخود کەشتییەکان بارەکانیان لە کاروانە ووشترەکان بار دەکرد و بەرەو (دیمەشق) و (بابل) دەکەوتنە ڕێ. شەقامە سەرەکییەکانی شارەکە زۆر فراوان بوون و بە چوار دەوریدا کۆشکی بازرگانە تازە پێگەیشووەکانی بەرز کرابوونەوە. لە ناوەندی شاردا، (پتۆلیەکان) (Ptolemis) پەرستگایەکیان بۆ (Muses) واتا: (مۆزەخانە) دروستکرد بۆ خوێندنی هونەرو زانست. وە لە پاڵ ئەمیشدا کتێبخانەیەکیان بۆ خوێندەواری دروستکرد بۆ ئەوەی سوودی لێوەر بگرن.

چاخی پرشنگداری (هیلینستی) زۆر سەر سووڕهێنەرانە شتێکی زۆر کەمی لە ئەدەبدا بەرهەم نەهێنا کە شایەنی باس بێت. بەڵام پەیکەر و تەلارەکانی یەکێکن لە شاکارەکانی سەدەکان. شێوازی (هیلینستی) زیاتر مەیلی بەلای مەزنیدا هەبوو تاوەکو شەنگی وە زۆرتر تۆکمە بوون تا وەکو ناسك. باشترین پاشماوەی شوێنە گشتییەکانیان زیاتر بۆ گەورەییان بەناو بانگن تاوەکو جوانیان. وەکو قەبرە هەڵواسراوەکەی (هالیکارنەس- بۆدرۆم) (Halicarnassus)، پەرستگەی (ئارتمس) لە (ئیفسوس)، یاخود پەیکەری زەبەلاحی بەندەری (ڕۆدس) (Rhodes) . پەیکەری چاخی زێڕین شێوەی (فۆرمی) مرۆڤی خەیاڵی (ئایدیالی) پیشاندەدا، بەڵام پەیکەری هیلینستی واقیعیانە (ڕیالیستانە) بوو، زۆر جار مەبەستیان ئەوە بوو کە تاوەکو بگونجێ ژیان بە ناشیرینی پیشان بدات.کۆمەڵە پەیکەری (لۆکۆن) (laocoon) [٢٠] هەموو پێکەوە بەشێوەیەکی زۆر حەقیقیانە باوکێك و دوو کوڕەکەی پیشان دەدات کە مارێکی گەورە بە دەوریاندا خۆی جەڕداوە و تاساندوویانێتی. پەیکەری (ژنی بازاڕ) (Market woman) زۆر بە ڕوونی

---

(٢٠) (Laocoon) :- ماسیۆلۆژیا ، یان ئەفسانەیەکی گریکەکانە کەتیایدا هاینی (ئاپۆلۆ) ترۆییەکانی ئاگادار کردووەتەوە کە ئاگاداری دیاریە هەڵگیراوەکەی گریکەکانبن کاتێك ویستیان (ئەسپەکەی ترۆی) قبوڵ بکەن.

داڕووخانـەکانی تەمـەنی کێشـاوەو (مردنـی گـۆڵ) (Dying Gaul) پیـاوێکی گـەنجی بەبازوو پیشاندەدات کە لە دۆشداماوی سەرە مەرگ دایە. هەر شتێکی جیهانی هیلینستی چێژی سەربەرە و لێژی چووبێت، ئەوا دوو پەیکەری هەیە هێشتا جوانییەکـەیان شایەنی چێژ وەرگرتنـە. ئـەو دوو بەرهەمـەش، دوو پەیکـەرن ئێسـتە لـە (لۆڤـەر) ن لـە پـاریس. (فڕینـی سـەرکەوتن) (The winged victory) ی (سـامۆتراس)ە کـە شـێوەیەکی مێینەیە دوو باڵی گەورەی هەیە کردوویەتیەوە بە ئەندازەیەك وەك ئەوەی بیەوێ فڕینی سەرکەوتن بفڕێـت. شێوەی پارچە پەڕۆیـەکی پێـوە هـەڵکۆڵراوە بـە خـاوی بـە پێشـەوەی جەستەی پەیکەرەکەدا شۆڕ بووەتەوە، بە شـێوەیەك کـە زۆر سـەرەنج ڕاکێش و لـە بیر و نەکراوە. ڕەنگە لەم پەیکەرە هونەری تر (ڤینـۆس) (Venus)[21] ی (میلـۆ) (milo) بـێ کە چاوەڕێ دەکـرێ لـە بـەرگێراوەیی (کـۆپی) پەیکـەرێکی (پراکسـتێلس) (Praxiteles) بێت . پەیکەرەکە لە ناوقەد بەخوار بە پەڕۆیەك داپۆشراوە و جوانیی و نـازێکی مێینـەی تێدایە کە ئەوەنـدە سەرنج ڕاکێشە تەماشاکەر وا فریودەدات نەتوانێت تێبینی ئەوە بکـات کە پەیکەرەکە قۆڵێکی فەوتاوە.

---

(٢١) Venus:- لەم سـەردەمەی ئێسـتەدا زیـاتر بـاوەڕدەکرێ بەرهـەمی (Alexandros of Atioch) (ئەلیکزاندەر انتیوخ) بێت نەوەکو (Praxiteles).

# ئەرستۆ (ئەرستۆتڵ) Aristotle

دیارترین کەسایەتی جیهای هیلینستی (ئەرستۆ) (٣٨٤ - ٣٢٢ پ.ز) بوو. ناوبراو مەقدۆنی بوو، وەکو گەنجێك نێردرا بۆ (ئەسینا) بۆ ئەوەی لای (ئەفلاتۆن) بخوێنێت. دواتر شا (فلیپ) بانگی کردەوە بۆ (مەقدۆنیا) بۆ ئەوەی ببێتە مامۆستای کوڕە لاوەکەی، (ئەسکندەر). ئەمەش زیاتر گونجاوی شارەزایەکی ڕاهێنانی شێر بوو، تاوەکو گەورەترین فەیلەسوفی جیهان. بەڵام ئەم دوو مەزنە بە یارمەتی یەکتر نەخشەی مێژوویەکی دوور و درێژی دواتریان داڕشت. (ئەسەکەندەر) ئامادەکاری گەڕاندنەوەی (ئەرستۆی) خستە سەر شان بۆ (ئەسینا) و بۆ دامەزراندنی قوتابخانەیەك بە ناوی (لیسیوم) (Lyceum) ، کە وەکو مەڵبەندێکی خوێندنی زانستی نزیکەی هەزاران ساڵ مایەوە. (ئەسکەندەر) لە (ئەرستۆ) وە فێری شانازی کردن بە جیهانی گریکەوە بوو، ناوبراو هەر لەوەوە فێری ڕێزگرتنی خەڵکانی تر بوو. ئەمەش وای لە. (ئەسکەندەر) کرد کە زیاتر کەلتوورەکانی جیهانی تێکەڵ بکات تاوەکو تەنها داگیریان بکات.

(ئەرستۆ) هەروەك چۆن ئینسایکلۆپیدیا (دائرە المعارف) نووس و زانایەکی گەورە بوو، هەرواش فەیلەسوفێکی گەورە بوو، هیچ بیرێك لە سەر زەویدا بەم ئەندازەیە هەوڵی دەستەر کردنی بوارێکی وا فراوانی زانیاری نەداوە. هەموو شتێکی کۆدەکردەوە هەر لە گیانلەبەرانی ژێر دەریا و شانۆکانی گریك و دەستوورە (یاسایی) ەوە تاوەکو تەنانەت کەسایەتییەکانیش. هەموو ئەمانەی پشکنی و  شیکردنەوەو بە لیست دانان. (ئەرستۆ) نزیکەی ووشەکاری لە هەموو بوارەکاندا بۆ توێژەرەوەران و خێر خوازان خستووەتە بەر دەست. لە شیکردنەوەکانیدا بۆ ڕامیاری (سیاسەت) ناوبراو سێ جۆری بنچیەیی حکوومەتی دەست نیشان کردوون: (دەسەڵاتی تاکە کەسی، دەسەڵاتی چەند کەسی، دەسەڵاتی کەسانێکی زۆر)، وە هەر یەکێك لەم دەسەڵاتانە دەتوانێت شێوازی باش و خراپی هەبێت. بۆ نموونە: دەوڵەتی تاکە کەسی باش پاشایەتییە و خراپیش تاغوت (چەوسێنەر)ە. پێی وابوو هەموو دۆخەکانی زانست، وەکو زیندەوەرزانی، هونەری شانۆ، ئاکارزانی (ethic) و لۆژیك (زانستی ژیری) بە هەمان شێوە بابەتی لێکۆڵینەوەن . (ئەرستۆ) زۆر بە وریایی بەڵگەی سەلمێنەری بەکار دەهێنا، تەنها دوای هەوڵدانێکی زۆر لەگەڵ ئەو بەڵگانەدا کە لە بەردەستدا بوون، ئەگەشتە ئەنجامەکەی. بەم شێوەیەش

پێشینەیەکی بۆ توێژەرە زانستییەکانی داهاتوو دانا. لە ماوەی چەند سەدەیەکی دواتردا، کتێبەکانی (ئەرستۆ) بە کۆتا سەرچاوە دادەنران لە بوارەکانیاندا. تەنها لەم چەند سەدەی دواییدا و پاش گەشەسەندنی ئامێری پێوانی وورد، شرۆڤەکانی (شرح) (ئەرستۆ) جێگەی گیرایەوە.

جیهانی هیلینستی پێشکەوتنی زۆری لە خوێندنی زانست و پزیشکی دا بە خۆیەوە بینی، لە کاتێکدا لە شارستانیەتەکانی خۆرئاوادا تاوەکو سەدەی حەڤدەیەمی زایینی خۆیان لە قەرەی ئەم شێوە زانستانە نەدابوو. باوکی خوێندنی پزیشکی هیلینستی (هیپۆکرەیتس– أبقراط) (Hippocrates) ، لە راستیدا لە کۆتایی چاخی زێڕیندا ژیا. ناوبراو خەڵکی دوورگەی (کۆس) (Kos) بوو، بەڵام بەهۆی داواکردنێکی زۆرەوە لێی، بە هەموو جیهانی گریکدا گەڕاوە و ڕەنگە ساڵانی جەنگی لە ئەسینادا بەڕێکردبێت. وەکو مامۆستایەك، (هیپۆکرەیتس) یەکەمین کەس بوو کە وای لە قوتابییەکانی کرد کە زیاتر توێکارزانی (anatomy) بخوێنن تاوەکو (ئەستێرەناسی)(astrology)، بۆ ئەوەی سروشتی نەخۆشیەکان بدۆزنەوە. ڕەنگە زیاتر بەو سوێند خواردنە بەناوبانگ بێت کە داوای لە قوتابییەکانی دەکرد. بەمەش کۆڵەکەیەکی بەرزی ڕاستگۆیی و بەرپرسیاریەتی دانا تاوەکو ئێستاش لە پیشەی پزیشکی دا شتێکی نموونەیی یە. نووسینەکانی (هیپۆکرەتیس) و قوتابییەکانی دەقێکی بنچینەیی یان لە زانستی پزیشکی دا پێك هێنا کە بۆ ماوەی نزیکەی پانزە سەدە بەکارهێنرا.

(یوکلید – ئقلیدس) (Euclid) (٣٠٠ پ.ز) لە (ئەسکەندەریە) ژیاوە و هەر لێرەشدا بیرکاری و ئەندازەی وتووەتەوە. هەموو ئەوەی تا ئەو دەمە، لە بارەی ئەندازەوە دەزانرا، ناوبراو لە کۆمەڵێك سەلمێنراودا کۆیکردنەوە. شێوازی، بەهەمان شێوەی ئاسانی و ڕێکوپێکی گریکەکان، دواتر کاریگەری خستە سەر نووسینی کورت و پوختی بیرکاریناس (ماتماتیکناس) و زانایان. ئەستێرە ناسی ئەسکەندەری، (ئاریستارخۆس) (Aristarchos) (٣١٠ - ٢٣٠ پ.ز) ئەوەی پیشاندا کە زەوی خڕە و لە هەمانکاتدا بە دەوری خۆریشدا دەسووڕێتەوە و، تەنانەت (ئاراتۆستنس)[٢٢] (Eratosthenes) (٢٧٥ - ١٩٤ پ.ز) زۆر بە ووردی چێوەی زەوی پێوا کە کردیە دوو سەد میل "خۆی لە ڕاستیدا نزیکەی ٢٥٠٠٠ میلە – وەرگێڕ". (ئەرخەمیدس) (Archimedes) (٢٨٧ - ٢١٢ پ.ز) زانای بیرکاری و داهێنەر لە (سیراکوزا – سیراقوستە) (Syracuse) ژیاوە. ناوبراو

(٢٢) ئاراتۆستنس: - زانای بیرکاری و شاعیرو وەرزشەوان و جوگرافیزان و ئەستێرەناس بووە و یەکێك لە هاوڕێ نزیکەکانی (ئەرخەمیدس) بووە.

داهێنەری زۆر داهێنانە بەڵام بە دارِشتنی یاسای ((ئەگەر تەنێك لە ئاودا نوقم بكرێت، برِی كێشی لە دەست چووی تەنەكە یەكسانە بە كێشی ئاوی لادراو)) زیاتر بەناوبانگە.

## فەلسەفەی سۆفی (ڕۆحانی) Mystical philosophy

بەهاوشان لەگەڵ گەشەکردن و پێشکەوتندا، چەرخی (هیلینستی) هەژاری، یاخود کەم دەرامەتیشی دروستکرد. بۆ دەوڵەمەند بوونی هەر تاکێك هەزاران کرێکار و کۆیلە لە کارکردنی قورسدا بوون. لە شارە گەورە تازەکاندا کۆشك و تەلاری زەبەلاح هەبوون، بەڵام لەولاشەوە میل لەسەر میل کوخی پیس و هاوشێوەی لە خشتی قوڕ دروستکراو هەبوون کە هەر یەکەو لە ژوورێکی تاریکی بێ پەنجەرە پێك هاتبوون و لە کۆڵانە پێچاو پێچەکاندا وون ببوون. لە گوندە بچووکترەکانی چەرخەکانی پێشووتردا، هەرچەندە کەمیش بوو، بەڵام تاڕادەیەك مرۆڤ ناسنامەی خۆی هەبوو، بەڵام لەم شارە گەورانەی هاوشێوەی (ئەسکەندەریە) دا، مرۆڤ نەك هەر ناسنامەی، بەڵکو ڕێزی کەسێتی خۆیشی لە دەست دەدا. هەرچەندە جیهان گەورەتر دەبووەوە، بەهەمان ئەندازە مرۆڤ بچووکتر دەبووەوە، ملیۆنان مرۆڤ بە ژیانی کولەمەرگی کۆت و بەندکرا بوو، وە هیچ هیوایەك بۆ کۆیلەکان نەبوو.

گۆڕانەکان لە ئایین دا لە دەورەوبەری چەرخی (هیلینستی) دا، ڕەنگدانەوەی ئەم بێ هیواییە بوو . چرای پەرستنی خواوەندە تەقلیدیەکانی گریك، لە ڕێوەڕەسمی ئاهەنگە میرییەکاندا نەبێ، بە تەواوەتی کوژایەوە. خەڵکی زۆر شت لەبارەی جیهانەوە فێر بوو، ئیتر نە دەگونجا باوەڕ بکەن کە خواوەندەکان وەکو مرۆڤن و لە سەر لوتکەی چیاکان دەژین. مرۆڤایەتی پێویستی بوو کە قەناعەت بێنێ کە خێزانی ئۆلۆمپی، کە هەمیشە لە شەڕە دەنوکدا بوون، ناتوانن هیچیان پێ ببەخشن. لە ماوەی چەرخی زێڕیندا، فەلسەفە وەڵامی بۆ پرسیارەکانی خەڵکە ڕۆشنبیرەکە هەبوو، بەڵام (ئەفلاتۆن) شتێکی کەمی بە زۆرینەی خەڵکی بەخشی . بۆیە لە جیاتیدا جەماوەر ڕووە و ئایینی سۆفی (ڕۆحانی) خۆر هەڵات وەرچەرخان. هەریەکە لە زەردەشتییەکان و جودابیەکان و پەرستنی (ئیسیز) (Isis) و (ئۆسیریز) (Osiris) و (دیۆنیسیۆس) (Dionysian) و چەندانی تر، بەشێوەیەکی پەرشو بڵاو، لە ململانێی کۆکردنەوەی دڵسۆزانی خۆیاندا بوون لە شارە قەرەباڵغەکانی هیلینستی دا. باوترینیان پەرستنی (ئیسیز) بوو. (ئیسیز) بوو بە وێنەی خۆشەویستی دایك، بێگەردی و سەروی هەموو تاوانەکانی ئەم جیهانە. خۆشەویستی دایکایەتی و پاقژ بوونەوە لە هەموو تاوانە جەستەییەکان و ژیانی هەتا هەتایی بە شوێن کەوتووانی دەبەخشی. هەر یەك لەم دەستەو تاقمانە دڵنیاییان، نەوەك هەر لە دنیای

ماددیدا، بەڵکو لە دنیای ڕۆحیشدا دەبەخشی. ئەو دڵنیاییانەشی وەکو :- برایەتی ڕۆحی لە نێوان تازە شوێن کەوتووانی ئایینەکەدا، یان بوونی خواوەندێك ، یا خواوەندە ژنێکی تایبەتی خۆش مەشرەب بۆ تەنیایی تاك، یان بەخشینی ئارامییەکی نەبڕاوە بەوانەی کە ژیان بۆیان بووەتە ژیانێکی کولەمەرگی.

تەنانەت زۆرێك لە ڕۆشنبیرانی گریك لە ئەقلگەراییەوە بەرەو فەلسەفەی سۆفیگەری وەرچەرخان. دوو لەو فەیلەسوفە هیلینستیانەی کە ڕێبازەکەیان سەرنجی خەڵکێکی زۆری ڕاکێشا، (زینۆ) (Zeno) (٣٥٠ - ٢٦٠ پ.ز) و (ئیپیکورەس) (Epicurus) (٣٤٢ - ٢٧٠ پ.ز) بوون. (زینۆ) کە ڕەگەزی تێکەڵەی خوێنی سامی و گریکی بوو، لە (قوبرس) (Cyprus)ەوە لە(٣١٢پ.ز)دا هاتە ئەسینا و قوتابخانەیەکی دامەزراند. فەلسەفەکەی پێی دەووترێت: (کەپری – ڕەواقی) (Stoicism) . "فەلسەفەکەی دەڵێ: مرۆڤ نابێت بەرامبەر ژیان چۆکدابدات بە هەموو خۆشی و ناخۆشییەکانییەوە، دەبێ بە جەرگانە شانبەیتە بەر ڕووداوەکانی – وەرگێڕ" . (زینۆ) ووتی: ئەگەر جیهان بە فەرمانی بوونێکی باڵا پێکەوە گرێ نەدرابێ و بەڕێوە نەچێت، ئەوا جیهان دەبێتە پاشا گەردانی. بەو بوونە باڵایەشی ووت: (هۆی ئاسمانی) (divine reason) . مرۆڤ خودی خۆی نموونەیەکی بچووککراوەی گەردوونە. ژیانی مرۆڤ ئەگەر لەلایەن هەست و سۆزی سروشتی مرۆڤەوە بەڕێوە ببرێت، ئەوا دەبێتە پاشا گەردانی، بەڵام مرۆڤ خۆی بەشێك لە هۆی ئاسمانی تێدایە، دەبێ سەر بۆ ئەو هۆکارە دانەوێنێ. مرۆڤ نابێت شوێن ئەو قایلکردنانە کەوێ کە هەست و سۆزی پێی دەبەخشن ، بەڵکو دەبێ سەر بۆ هۆی ئاسمانی دانەوێنێ و فەرمانی گەردوون قبوڵ بکات. بە دۆزینەوە و سەر دانەواندن بۆ فەرمانەکە، مرۆڤ بە گەورەترین ئاواتی کەسیی خۆی دەگات و دەیدۆزێتەوە. فەلسەفەی (کەپری – ڕەواقی) بە شێوەیەکی بەربڵاو بەناوبانگ نەبوو، بەڵام هەندێك لە بەناوبانگترین کەسایەتییەکانی مێژووی کۆن لە شوێن کەوتووانی بوون. ئەم فەلسەفەیە، لە چەرخی ئیمپراتۆریەتی ڕۆم دا چرای بەتەواوەتی کوژرایەوە.

(ئیپیکورەس) باوەڕی وابوو چاکترین باشە، نەبوونی ئازار و خەمبارییە. شوێنکەوتووانی هەوڵیاندەدا کە بە بەدستهێنانی هەردوو چێژی ڕۆح و جەستە، بە شێوەیەکی نەخشە بۆ کێشراو، خۆیان لەو دوو ئەهریمەنە بە دوور بگرن.

# مەکەبییەکان The Maccabees

ئاینی جولەکە(یەهودیەت) کێشەیەکی سەیری نایەوە، کێشەکەش لەوێوە دەستی پێکرد، شا (سیلوسید) (Seleucid) ویستی هەر تاکێك لە ئیمپراتۆریەتیەکەدا ناچار بکات ئایینی گریکەکان قبولّ بکات. دەسەڵاتداران خۆیان چاوەڕوانی ئەوەیان نەدەکرد کە ژێر دەستەکانیان خواوەندەکانی گریك بەو شێوە جدیە قبوڵبکەن کە گریکەکان دەیانکرد، بەلاّم تەنها دەیانویست پەرسگایەك لە پیرۆز ترین بەشی شارەکەدا بۆ (زیۆس) (Zeus) دروست بکەن. زۆرینەی خەڵکی لە جیهانی کۆندا باوەڕیان بە زیاتر لە خواوەندێك هەبوو، (ئەگەر هەر باوەڕیشیان هەبوایە) و ڕقیان هەڵنەدەسا ئەگەر لەبەر خاتری دڵی حکوومەت ژوورێکی تریان بۆ خواوەندێکی تر دروست بکردایە. بەلاّم جووەکان باوەڕیان بە تەنها خوایەك هەبوو، تاك پەرستیش کە خاڵی بەرایی ئایینەکەیان بوو وە هۆکارێکی گرنگی ئاگایی نەتەوەییشیان بوو. کاتێك (سیلوسید) هەوڵیدا (ئۆرشەلیم) وەکو پەرستگای (زیۆس) دیاری بکات، دانیشتووانی فەلەستین بەشێوەیەکی دڕندانە هەستانەوە و (سیلوسید) یش نەیدەتوانی لەمە تێبگات. سەرکردەی شۆڕشگێڕان (جودای مەکەبی) (Judas Maccabeus) و براکەی بوو. بە یارمەتی ڕۆمەکان، کە ئامادە بوون دژی (سیلوسید) یارمەتی بە هەموو کەسێك پێشکەش بکەن، (مەکەبیەکان) سەربەخۆیی فەلەستینیان بەدەست هێنا. لەیادی گێڕانەوەی پیرۆزی پەرستگای (جێهۆڤا) دا، تاوەکو ئێستاش جووەکان لە فیستیڤاڵی (هانوکاه) (Hannukah) دا بەو بۆنەوە ئاهەنگ دەگێڕن.

دەوڵەتە هیلینستیەکان لە ئەنجامی شەڕە بێبەهاکاندا ئەو تواناو وزە زۆرەی هەیانبوو بەهەدەریاندا. دووبارە خەڵکە نیمچە شارستانییەکان لە پەراوێزی شارستانییەتەکانەوە هاتنە سەر تەختی شانۆ بۆ داگیر کردن و یەك خستنەوەی ململانێ پەرش و بلاّوەکان و هەم دووبارە ئەم بەربەریانە خۆیان بە میراتگری سەرەکی ئەو کەلتووورە گەورەیە دەزانی کە خۆیان هیچ شتێکیان لە دروستکرنیدا نەکرد بوو. لە نێوان (٢٢٣) تا (٣٠ پ.ز) دا جیهانی هیلینستی (میزۆپۆتامیا ناگرێتەوە) هێدی هێدی لە ژێر گەورەترین ئیمپراتۆرییەتی مێژوودا کۆکرایەوە، کە ئەویش ئیمپراتۆرییەتی (ڕۆم) بوو. لە (١٤٦ پ.ز) ەوە بۆ (٤٧٦) ی زایینی، کە دەکاتە زیاتر لە شەش سەد ساڵ، جیهانی هیلینستی لەلایەن ڕۆمەوە کۆنترۆڵ کرا. بەلاّم (ڕۆما) تەنها پایتەختی

ڕامیاری(سیاسی)بوو.چـــەقی بازرگـــانی و کـــەلتوری ئیمپراتۆریـــەتی ڕۆم هەمیشـــە لـــە ڕۆژهەڵاتی هیلینستی دا بوو. (ئەسکەندەریە) وەکو مەڵبەندێکی بازرگانی و (ئەسـینا) ش وەکو مەڵبەندێکی رۆشنبیری مایەوە.

# بــــەندی حـــــەوتەم

## خۆرهەڵات تاوەکو ١٥٠ ی پێش زایین :

وەکـو بینیمــان، خێڵــە هیندۆئەروپییــەکان لــە دوای نزیکـەی (٢٠٠٠ پ.ز) دا، بــە هیندستاندا بڵاو بوونەوەو دەستیان کرد بە داگیرکردنی دانیشتووانە ڕەسـەنەکەی و لاواز کردنیان بۆ چینێکی کۆیلەو ژێر دەستە. داگیرکارییـەکانی پێشووتریان و فـراوان بوونیـان بە نیمچە دوورگەکەدا ڕووە و خۆرهەڵات تەمومژاوییە، بەڵام پاش (١٠٠٠پ.ز) دەردەکـەوێ کـە کـەلتوری هینـدی بـەڕوونی شـێوەیەکی وەرگرتـوە. نزیکـەی (١٠٠٠ بـۆ ٥٠٠ پ.ز) بـە (سەردەمی داستان) (Epic) ناو دەبرێت، چونکە زۆربـەی زانیاریمـان لـە دوو هـۆنراوەی درێــژەوە سەرچــاوەیان گرتــووە. ئــەوانیش (ماهابارتــا) (Mahabarta) و (ڕامایانــا) (Ramayana) ن. لــەوەدا لــە هۆنراوەکــانی (هــۆمیرۆس) دەچــن، باســی جــەنگ و پاڵەوانەکان دەکات لە شێوەی تێکەڵەی مێژوویی و ئەفسانەدا. ئەم هۆنراوانە لـە سـەرەتادا لە نزیکەی (٤٥٠ پ.ز) دا بە (سانسکریت) (Sanskrit) ی، کە زمانێکی هیندۆ ئارییەکانە و پەیوەنـدی لەگـەڵ گریکـی و لاتینـدا هەیـە، نووسـراوە. وەکـو زۆربـەی ناوچـە هینـدۆ ئەوروپییەکان لە سەرەتای پەرەسەندنیاندا، هیند لە (سەردەمی داستان) دا بەسەر چـەند دەســەڵاتێکی بچـووکی بەشــەڕ هــاتوودا دابەشــبوو بــوو. لــە ســەروی هــەر یەکەیانــەوە سەردەســتەیەکی جــەنگاوەران هــەبوو پێیــان دەوتــرا (ڕاجــا) (Rajah). (ڕاجــا)ش بــە کۆمەڵێك سوارچاك دەورە درا بوو کە سوێندیان خوارد بوو چ لە دەوڵەت و چ لە شەڕدا لە خزمەتیا بن.

## براهمانی و سیستەمی چینی کۆمەڵایەتی:
## Brahmanism and the Caste System:

لە ماوەی چەرخی داستاندا، ئایینی هیندییەکان و سیستەمی چینایەتی، کە پەیوەندییان بە یەکەو هەبوو، دەستیان کرد بە جۆرە قاڵب گرتنێك. کۆنترین ئەدەبی سانسکریتی کە (ڤێداس) (Vedas) ە، مێژووی بۆ سەرەتای چەرخی داستانەکان دەگەڕێتەوە. (ڤێداس) زنجیرەیەك سروودی پیاهەڵدانی ئایینییە کە ڕەنگدانەوەی ئایینێکی هاوشێوەی گریکە بەراییەکان و هیندۆ ئەوروپییەکانە. ئەم ئایینەش کۆمەڵێك خواوەندی لە هێزەکانی سروشت وەرگرتووە و سیفەتی مرۆڤی (Personification) داوەتێ. بیری ئایینی هیندی لە (ئەپانیشادەکان) (Upanishads) دا بەڕوونی دەردەکەوێت، کە کۆمەڵێك نامیلکەی ئایینی کۆتایی چەرخی داستانە (٨٠٠ - ٦٠٠ پ.ز)، تێیدا سەرەتای چەمکی سۆفیگەری (براهمانی) دەبینین کە دواتر گەشەیکردو بوو بە ئایینی هیندۆسی (Hinduism) . لە بیری خۆرئاوادا ، براهمانیزم بەهۆی بوونی کۆمەڵێك بابەتی ئایینزایی و نووسنی پیرۆزەوە تێیدا، ئایینێکی ڕێکوپێك و ڕێکخراو نییە ،و بەلاّم ئایینەکە تێڕوانینێکی جیهانی هەبووە. لەم ئایینەدا هەموو شتێك، بە خۆشمانەوە، بەشێکە لە گیانێکی هەمیشەیی، پێی دەوترێت: (براهمان) (Brahman) . هەموو شتێك لەمەوە دروست دەبێت و بۆ ئەمیش دەگەڕێتەوە.ڕۆحمان بەتاك و بەگشتی بەشێکن لە ڕۆحێکی گەردوونی کەپێی دەوترێت: (ئەتمان) (Atman). جیهانی فیزکی ڕاستەقینە نیە، تەنها (ئەتمان) ڕاستەقینەیە.مرۆڤ هەوڵی بەدەستهێنانی سەربەستییەکانی کەسی خۆی و ڕەزامەندی فیزیکی (جەستەیی) دەدات، بەلاّم لەمانەوە تەنها ناخۆشی و ئازار چەشتن پەیدا دەبێت، مرۆڤ پێویستە بۆ خۆ ڕزگارکردن لە سەربەستییە کەسیەکانی خۆی و ئارەزووە جەستەییەکانی تێبکۆشێ، بۆ ئەوەی لەگەڵ (ئەتمان) دا ببێت بەیەك. ئەم پرۆسەی پێگەیشتنە، پرۆسەیەکی دوور و دێژ و دژوارە. مرۆڤ دەبێت لە پێناو گەیشتن دا هەموو جۆرە شێوازی ژیان تەحەمول بکات. جا ئەو ژیانە چ وەك زیندەوەرێك بێت، یاخود ڕەنگە وەکو مرۆڤێك بێت کە دووچاری سیستەمی کۆمەلاّیەتی جیاواز بێت. سروشتی تاك لە هەر بارێکی دووبارە ژیانەوەدا "مەبەست لە زیندووبوونەوە بەشێوەیەکی گواستنەوە،ئەوەیە کە کەسێك دەمرێت دووبارە ڕۆحەکەی لە

لاشەیەکی نوێدا دەژێتەوە، جا ئەو لاشە مرۆڤ بێت یان گیانلەبەر – وەرگێڕ" ئەنجامی سەرکەوتنییەتی لە ژیانی کۆتایی دا. پرۆسەی دووبارە ژیانەوەی گواستنەوەیی، کە پێی دەووترێت: (کارما) (karma)[٢٣] ، یەکێکە لە دادوەریە بێبەزەییەکان.

سیتسەمی چینی کۆمەڵایەتی وەکو بەشێك لە پەیژەی دووبارە ژیانەوەی گواستنەوەیی (reincarnation) قەبوڵکرابوو، هەرچەندە وەکو زانیشمان، ڕەنگە بنچینەی بگەڕێتەوە بۆ جیاوازی ڕەگەزی. لە بنچینەدا بەرزترین چینی کۆمەڵایەتی لە جەنگاوەرەکان، (ڕاجا) و شاسوارەکانیان، پێك هاتبوون. بەڵام لە کۆتایی چاخی ئەفسانەکاندا هەر کە ئایین ڕۆڵێکی فراوانتری لە ژیانی هیندییەکاندا داگیر کرد، (براهمیەکان _کەشیشەکان) بوون بە باڵاترینی چینی کۆمەڵایەتی. چینی سێ یەم شوانە ئازادەکان و خەڵکانی ئازادی شاری پێك دەهێنا. چینی چوارەمیش لەو کۆیلانەی کە لە زەویەکاندا خاوەن زەویەکان کاریان پێ دەکردن، یاخود لەو وەزیرانەی "ئەو جووتیارانەی بەکرێ کاریان دەکرد - وەرگێڕ"، کە لە زەویەکەیاندا کاریان دەکرد، پێك هاتبوون. لە خوارەوەی چینی چوارەمەوە ژمارەیەکی زۆر بەربڵاو خەڵکی هەبوو کە زۆر بەسووك و بێنرخ تەماشا دەکران. ئەمانە ئەوەندە نزم سەیر دەکران کە پێیان ڕەوا نەدەبینرا تەنانەت چینی کۆمەڵایەتیشیان هەبێت. وە نەدەبوو دەستیان پێوە بدرێت، جونکە ئەوەندە پیس دەنران دەستپێوەدانیان یاخود تەنانەت سێبەرەکانیان بەرزوبڵندی بارهمانیەکانی گڵاو دەکرد. ئەم سیستەمی کۆمەڵایەتییە لە ڕاستیدا، هۆکارێکی سەقامگیری بوو لە هیندستاندا. هەرکەسەو پلەو پایەی خۆی وەکو (کارما) قبوڵکردبوو. ئەمەش ڕۆحی ناڕازی بوون و شۆڕشی کۆمەڵایەتی کوشتبوو.

---

(٢٣) Karma:- سەرجەمی کردار و ڕەوشتەکانی کەسێك لە یەکێك لە ژیانەکانیدا، یان چەرخێکی ژیانیدا کار دەکاتە سەر چارەنووسی لە ژیانەکانی تریدا.

## ئایینی بوزی Buddhism

بوزی تەرزێکی دواتر بوو لە ئاینی (براهمانی). ئەم لقەش نارەزاییەك بوو دژی زیادکردنی گرنگی دانی (براهمانیەکان) بە ئاهەنگ و ڕێوڕەسم، تاوەکو باوەڕی ڕاستی. دامەزرێنەری ئەم لقە شازادە (سیدهارسا گۆتاما) (Siddhartha Gautama) کە لە نێو شوێنکەوتووانیدا بە (بوزا)، واتا: (بەرۆشنایی گەشتوو)، یان "بەخەبەر هاتوو – وەرگێڕ"، ناسراو بوو. (گۆتاما) کوڕی (ڕاجا) یەکی دەوڵەمەندو بەدەسەڵاتی باکووری هیندستان بوو. وەك نەجیب زادەیەك، بەشێوەیەکی دوورە پەرێزی دوور لە چواردەورەکەی، هەم وەکو جەنگاوەرێك هەم وەکو خوێنەرێك، بەخێو کرا. دوای ئەوەی شازادە خانمێکی مارەکرد و کوڕێکی لێی بوو، ژیانی نۆماڵەیی تەواو دەردەکەوت. ڕۆژێك بە ناو شاردا گەڕا، بۆ یەکەم جار لە ژیانیدا ئێش و ئازار و هەژاری و نەخۆشی و مردنی بینی. لێرەوە لەوە تێگەیشت کە هەموو خەڵکی بەشداری لەو ژیانە دەوڵەمەندی و پڕ لە نازو نیعمەتەی ئەم دا ناکەن. کە لەگەڵ خێزانەکەی و کوڕەکەیدا گەڕانەوەماڵەوە زۆر خۆشبەختییەکەی وایلێکرد کە هەست بە شەرمەزاری و ناقەناعەتی بکات. شەوێك بەبێ ئاگاداری کەس و بەجلێکی خەڵکی سادەوە ماڵی بەجێهێشت. (گۆتاما) ویستی بەشوێن ڕاستییەکدا بگەڕێت ئەو جیهانە بەشێك بێت لێی، بەو شێوەیەی کە ئەم ئێستا چاوەڕێی دەکرد ببێ. دوای حەوت ساڵ لە گەڕانی بە دەشت ودەر و شوێنکەوتنی چەندین ڕێگای جیاواز دا، لە کۆتاییدا ئەو وەڵامەی کە ئەیەویست دەستی کەوت. ناوبراو ئەو تێڕوانینە هیندۆسییەی قەبوڵکرد کە دەڵێ: ئارەزووە جەستەییەکان مرۆڤ دەبەستێتەوە بە ئازار و پەژارەی زنجیرەی دووبارە ژیانەوەی گواستنەوەییەوە. بەڵام (ئەتمان) ی گەردوونی و (براهمان) ی بێ کۆتایی ڕەتکردەوە. بناغەی بوزی (نرڤانا) (Nirvana) بوو،واتە خۆڕەت کردنەوەی ـ نەك ناهۆشیاری ـ بەڵکو خۆبەزلزانین. بۆ بە دەست هێنانی (نرڤانا) هێشتا دەبێ زنجیرەی دووبارە ژیانەوەی گواستنەوەی بچێژێ، بەڵام لای ئەم .. ئەم زنجیرەیە پەیوەندی بە سیستەمی چینی کۆمەڵایەتییەوە نییە. هەموو کەسێك، جا لە هەر پلەیەکدا بێت، کاتێك ئامادە بوو دەتوانێ (نرڤانا) بە دەست بێنێ، نەك لە ڕێگەی ڕێوڕەسمەوە، بەڵکو لە ڕێگەی پرۆسەیەکی سەختی خۆ پاکژ کردنەوەوە لە ناخەوە دەتوانێ بەمە بگات. (گۆتاما) ، وەکو عیسا، کە چەندین سەدە دواتر هات، نەیدەویست

ئایینێکی تازە دابمەزرێنێ، بەڵکو دەیەویست چاکسازی لەو ئایینەدا بکات کە لە بەردەستدا بوو. ئەویش بە گەڕانەوە بۆ ئەو چەمکانەی کە پێی وابوو چەمکە ڕاستەکانی ئایینەکەن.

## ئیمپراتۆرییەتی مۆریاکان (الماوریین) The Mauryam Empire

داگیرکردنی نزیکەی زۆربەی ناوچەکانی هندستان لەلایەن ئەسکەندەرەوە لە (٣٢٦ پ.ز) دا، لاوازیە بنچینەییەکانی دەسەڵاتە بچووکەکانی پیشاندا. چوار ساڵ دواتر (چاندراگوپتا) (Chandragupta) توانی بە داگیرکردنی هەموو هیندستان "مەبەست هیندی گەورەیە، نەك هیندی ئێستە، کە لە هیندو پاکستان و چەند وڵاتێکی تری ئێستە پێك دێن – وەرگێڕ" ، جگە لە کەناراوەکانی باشووری نیمچە دوورگەکە، یەکەم ئیمپراتۆرییەتی هیندی دروست بکات. ئیمپراتۆرییەتی مۆریاکان (٣٢٢ - ١٨٤ پ.ز) توانی ئارامی و شکۆمەندی بۆ هیندستان دەستەبەر بکات. ئەم چەرخەش یەکێك لەو چەرخە دەگمەنانە بوو کە هیند پەیوەندییەکی کەلتووری نزیکی لەگەڵ خۆر ئاوادا تێدا هەبوو.

(مۆریاکان) پەیوەندییەکی بازرگانی چالاکیان لەگەڵ شارە (هیلینستییەکان) دا هەبوو، بەهۆی دروستکردنی سێ یەم پاشای مۆریاکان، (ئاشوکا) (Asoka)، بوو بە (بوزی) و ئەمەش یارمەتی بڵاوبوونەوەی ئایینی بوزی لە هیندستاندا دا، بەڵام دوای (ئاشوکا)، ئیمپراتۆرییەتی مۆریا گلۆڵەی کەوتە لێژی و لەگەڵیشی دا باویی ئایینی بوزیش لە هینددا دایلە کزی. بڵاوکەرەوانی ئایینی بوزی، ئاینەکەیان بەرەو باشووری ئاسیا و چین و کۆریا و دواتریش یابانیان گواستەوە. ئایینەکە لەم ناوچانەدا زیاتر سەرکەوتنی بەخۆیەوە بینی تاوەکو لە هیندستاندا. کاتێك ئیمپراتۆرییەتی مۆریاکان ڕووخا، دووبارە دوای خۆی هەندێ دەسەڵاتی بچووکی جێهێشت کە هەمیشە لە جەنگدا بوو دژی یەکتری و ئایینی چاکسازی تیاکراوی (براهمای) جێگەی ئایینی بوزی گرتەوە و بووبە ئایینی سەرەکی هیندستان.

# چیـــــــــــن china

لـه سـەردەمی ئیمپراتۆرییـەتی (مۆریاکـان) دا، هینـد نـەك هـەر لەگـەڵ جیهـانی هلیسنتی دا، بەڵکو لەگەڵ ئەو شارستانییەتەشدا کە لـە (چـین) دا لـە گەشـەکردندا بـوو، پەیوەندی بازرگانی هەبوو. مێژووی کۆنی چینی تاوەکو ئێستاش تـەم و مژاویـە، بـەڵام وا دەردەکەوێت تاوەکو کۆتایی (٤٠٠٠ پ.ز) کۆمەڵگەیەکی نیشتەجێی کشتوکاڵی بووبێتن و بە درێـژایی ڕووبـاری (هـوانگ هـو) (Hwang Ho) (ڕووبـاری زەرد) دا درێـژ بووبێتنـەوە. هەرچـــەندە وا دەردەکـــەوێت شـــار، یـــاخود دەوڵـــەت تـــاوەکو نزیکـــەی (٣٠٠٠ پ.ز) دەرنەکەوتبێت، کـە ئەمـەش دەکاتـە زۆر دواتـری شارسـتانییەکانی هینـدو میزۆپۆتامیـا و میسر. نەریت و کەلەپووری چـینییەکان باسی لـە ئیمپراتۆرییـەتێکی گـەورە دەکـات و، وا دەگێڕێتــەوە کـە لـە نزیکـەی (٢٤٠٠ - ٢٠٠٠پ.ز) دا بـڵاو بووبێتــەوە، پێیشـیان وایـە کـە چـاخێکی زێڕینـی هـەبوو بێـت کاتێـك کـە لەلایـەن ئیمپراتـۆرێکی دانـاوە لـە جیهـانێکی ڕێکوپێك دا بەڕێوە برابێت. بەڵام یەکەم ئیمپراتۆییەتی چینی کە بەڵگەی مێـژوویی لـە سەر هەبێت لە لایەن بنەماڵەی (شـانگ) ەوە نزیکـەی (١٥٠٠ - ١٠٢٥پ.ز) ، هاوشـان لەگـەڵ چەرخی شانشینی نوێ لە میسردا، دامەزرا. لە سەردەمی بنەچەی فەرمانڕەوایی (شـانگ) هەندێك لەو توخمە بنچینەییانەی کە دواتـر تایبەتمەندییـەکانی مێژووی چینی دیـاری کرد، دەستی بەشێوە گرتنێك کرد. هەرچەندە (چین) ئیمپراتۆرێکی وەکو سـەرۆکی خـۆی دانا بوو، بەڵام دەوڵەتەکە زۆر گەورە بوو وە جگە لەو ناوچانەی کە بەدرێژی ڕووبارەکەدا شۆڕ بووبوونەوە، پەیوەندی کردن زۆر ئەستەم بوو. بەم هۆیەوە نەدەتوانرا بەشـێوەیەکی باش بەڕێوە ببرێت.

لـە ئەنجامـدا بـە درێـژایی مێـژووی (چـین)، لـە لایـەن جـەنگاوەرە خـاوەن زەویـە ئەرستۆکراتە دەسەڵاتدارەکانەوە داگیر کـراوە. لـە کاتێـکدا زەویـەکان بـە وەرزێـرە هـەژارو چەوساوەکان بە بەرهەم هێنراوە. ماوەی زۆربەی دەسەڵاتەکانی ئیمپراتۆرەکانی (شـانگ)، دەسەڵاتێکی لاوازی کارتۆنیان هەبوو. ئیمپراتۆرەکانی خۆیان لە خۆشگوزەرانییەکی دەستە پارچەییدا دەژیان، لە کاتێکدا ئەرستۆکراتە میراتگرەکان وڵاتیـان بـەڕێوە دەبـرد. ئـایینی سـەردەمی (شـانگ)، هـەر وەکـو خـۆر ئـاوا، پەرسـتنی خواوەنـدی بـە پیتـی بـوو. خـەڵکی خواوەندێکی شینایيان دەپەرست، پێیان وابـوو ئـەم خواوەنـدە هـەموو سـاڵێك زەوی دایـك ئــاوس دەکــات بــۆ ئــەوەی تۆوەکــان ســەوز بکــات. لــە بــە ئاســمانی کردنــی ویســتی

خواوەندەکەیاندا، چینییەکان هەوڵیاندا لەگەڵ باوو باپیرانیاندا خۆیان گرێ بدەن چونکە پێیانوابوو ئەوان گەیشتوون بەو. لە دوایدا ئایینەکە فەوتا، بەڵام بیرە ئاسمانییەکەی لە شێوەی پەرستنی باوو باپیراندا درێژەی بە تەمەنی خۆی دا.

لە نزیکەی (١٠٢٥ پ.ز) دا (کایو) (Chou) فەرمانڕەوایی خەڵکانێکی سەرەتایی بەڵام دڕ، لە سنوورەکانی باکووری خۆرئاوای چینەوە هێرشی کردە سەر پایتەخت و ئیمپراتۆری( شانگ) ی لاوازی لە سەر دەسەڵات لابردو دەستی گرت بە سەر وڵاتدا. دەسەڵاتی پشتاوپشتی (کایو) (١٠٢٥ - ٢٥٦پ.ز) لە مێژووی (چین) دا درێژترین ئیمپراتۆریەت بوو، بەڵام بەهیچ شێوەیەك جێگیری و ئارامی دەستەبەر نەکرد. ئیمپراتۆرەکانی (کایو) چینیان بەسەر هەزار ناوچەیەکی دەسەڵاتداریدا دابەشکردو هەریەکەیان لە لایەن میرە جەنگاوەرەکانەوە بەڕێوە دەبرا. لە سەرەتاکانی دەسەڵاتدارییان دا تاوەکو نزیکەی (٨٠٠ پ.ز) ، کاتێك ئیمپراتۆرەکان بە بەهێزی مابوونەوە، لە چاو سەردەمەکانی تری دەسەڵاتدا، چەرخێکی هێمن و ئاسوودە تر بوو. کاتێك ئیمپراتۆرەکان لاواز بوون، میرەکان بوونبە دەسەڵاتدارێکی سەربەخۆ بە سەر ناوچەکانی دەسەڵاتیاندا. ئەم میرانەش بە بەردەوامی سەرقاڵی شەڕو شۆڕ بوون و باری قورسی ئەم جەنگانەش کەوتە سەر شانی وەرزێرو جووتیاران. ئەم شەڕانەش وڵاتی بە لاوازی و پڕ لە ئاژاوە هێشتەوە.

## Confucius and Lao-tzu کۆنفیوشەس و لاوتز

هەر لەم کاتانەدا بوو دوو کەس ژیان، وانـەکانیان کاریگەرییـەکی گـەورەی هـەبوو لە سەر بیری چینی . ئەوانیش (Kung fu-tze)، کە زیاتر لای ئێمە بە (کۆنفیوشـەس) ناسراوە، و (لاوتز) (Lao-tzu) بوون. وانەکانی ئەم دوو پیاوە ناتوانرێت پێی بووترێـت: (ئـایین)، چـونکە لـە دوای لـە ناوچـوونی ئـایینی کـۆنی پەرەسـتنی بـەپیتی (شـینایی)ەوە چـینییەکان ئاییـنێکیـان نـەدراوەتێ کـە پەیوەنـدی بـە پەرسـتنی خواوەنـدە دوورە دەستەکانەوە، یاخود بوونە بەرزەینیە ناجیهانییەکانەوە بێت. چینییەکان زیاتر حـەزیان لە جۆرە فەلسەفەیەك دەکرد کە خود لەگەڵ جیهاندا بگونجێنێ بەو شێوەیەی کـە هەیـە. زیاتر چاویان لە شوێن مامۆستاکان بوو تاوەکو پێغەمبەران رێنماییان بکات . چینییەکان جیهانیان وەکو ململانێیەك لە نێوان هێزی (سازان – گونجان) (Harmony) و هێـزی (ناڕێکی) (disorder) دا دەبینی.

پێیان وابوو ئەمیان، یان ئەویان لە کاتی زۆر بوونی دەسەڵاتدا دەردەکەوێ. ئەگەر جیهانەکەیان لە هەر کاتێکدا ئاژاوەی تێدا دەرکەوتایە، چینییەکان کاردانەوەیان ئەوە بوو کە پێیان وابوو چۆن لە پێشدا جیهانەکەیان ساز بووە، هەر واش جارێکی تـر ئـەو سازانە دووبارە دەگەڕێتەوەو مرۆڤ تەنها ئـەوەی لـە سـەرە خـۆی لەگـەڵ ئـەو هـەل و مەرجانـەدا بگونجێنێ.

(کۆنفیوشـەس) (٥٥١ - ٤٧٩ پ.ز) کـە وێنەیـەکی سـەردەمییانەتری (گۆتامـا) بـوو (هـەردووکیان لـە کۆتاییـەکانی ژیانیانـدا بـوون کاتێـك "پیراکلـیس" گـەنج بـوو) لـە نێـو خێزانێکی خانەدانی چینی دا هاتە دنیاوە. ناوبراو پەروەردەیەکی زۆر باشکراو لە کۆتایدا وەکو ڕاوێژکاری یەکێك لە دەسەڵاتدارە هەرێمییەکان خزمەتی کرد، بـەڵام بـیری جـەختی لە سەر زۆر شت دەکردەوەو حەزی لە سنوورداری خزمەتی مەدەنی نەبوو.

(کۆنفیوشەس) باقی ژیانی لە گەشتکردن و وانە ووتنەوەدا بەسەر برد. مەبەست لە وانەکانی یارمەتی دانی خەڵکی بوو بۆ بەدەست هێنانی ژیانێکی ڕێکوپێك لـە کاتـە پـڕ ئاژاوەکاندا. باوەڕی وابوو گەردوون لە لایـەن یاسایەکی سـازان (هـارمۆنی) ەوە حـوکمڕانی دەکرێت و مرۆڤیش دەبێت خۆی لەتەك ئەو یاسایەدا بگونجێنێ . لـە وانەکانیـدا نـاوبراو، خـەڵکی فێـری ڕێزگرتنـی مێـژوو داب و نـەریت دەکـرد.دەیـوت: ڕۆژی سـازانی چـینی (China's day of harmony) لـە ڕابردوویـدا بـووە، تـەنها بـە خوێنـدنی کـارە

دێرینەکان مرۆڤ دەتوانێت فێری سروشتی ئەو سازانە دەبێت. دەیوت جیهانی سازان لە سەرهەرەمی ژێری و خێرخوازی (چاکە خوازی) فەرمانڕەواکان ڕاوەستاوە :- وەکو فەرمانڕەوایی ئاسمان لە سەر زەوی، ئیمپراتۆر لە سەر خەڵکەکەی و باوك لە سەر خێزانەکەی. تەنها ئەوانە دەتوانن بە سازان بگەن کە فێری ڕێزگرتن و بەگوێکردنی کەسانی سەرووی خۆیان دەبن. (کۆنفیوشەس) یش، هەروەکو ئەفلاتۆن، گەیشتبووە ئەو بڕوایەی کە تەنها مرۆڤی ژیر، مرۆڤی خاوەن ئەزموون و ڕۆشنبیری مەزن گونجاوە بۆ ئەوەی ببێتە فەرمانڕەوا. هەروەها جەختی لە سەر گوفتار خۆشی دەکردەوە، تا ئاستێك کە ڕێزی شێوەو هەروەها پێویستی و هەستەکانی مرۆڤەکانی تریش بگیرێت. (کۆنفیوشەس) هەروەکو زۆربەی مامۆستا مەزنەکانی تر، هەمیشە نەتوانراوە لەلایەن شوێنکەوتووانیەوە تێیبگەن. بۆیە زۆربەی ناسراوی و وانەکانی کاریگەرییەکی شێوە پارێزگارانەی لە چین دا هەیە. وانەکانی بەکار دەهێنرێت بۆ بەردەوام بوونی پەرستنی باووباپیران و ڕێوەڕەسمی وشکی پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤ و دەسەڵات.

مامۆستایەکی تری ئەم سەردەمە (لاوتز) (Lao-tza) ە کە بەرواری بە تەواوەتی نازانرێت و خەڵکی فێری قەبوڵکردنی (Tao) واتا: (ڕێگە) دەکرد و فەلسەفەکەیشی پێی دەووترێت: (تاویزم) (Taoism)[٢٤]. هەروەکو (کۆنفیوشەس) ، ئەمیش پێی وابوو مرۆڤ دەبێ مل بۆ سازانی بنچینەیی (هارمۆنی بنچینەیی) گەردوون کەچ بکات، بەڵام لە کاتێك دا کە (کۆنفیوشەس) ووتی: مرۆڤ دەبێت بەشێوەیەکی چالاك خۆی بگونجێنێ و بەشێوەیەکی دڵسۆزانە خۆی ڕابهێنێت بۆ فێربوونی ڕێگاکانی سازانی گەردوون،(لاوتز) ڕایگەیاند کە مرۆڤ دەتوانێت بەشێوەیەکی پاسڤی (ناچالاك) بخرێتە ناو کاروانی (ڕێگای) جیهانەوەو شوێنی جۆگەلەی بکەوێت و ببێتە بەشێك لە جوڵانەوەکەی. تا ڕادەیەك ئەو ڕایەی (تاویزم) کە دەڵێت: ڕەمەکە (غەریزە) سروشتییەکان و هەست و سۆزە سروشتییەکان دەبێت هاوتۆن بن لەگەڵ هەتاهەتایی (نەمری) دا، پەیوەندی بە ڕۆمانتیکی (Romanticism) ی ئەم دووایانەی ئەورووپاوە هەیە. هەروەها کاریگەری (تاویزم) لە نیگارە کێشراوە چینییەکاندا دەتوانرێت هەست پێبکرێت. لەم نیگار(وێنە) انەدا هونەرمەندەکە خۆی زیاتر بۆ پیشاندانی هەست و سۆزی بابەتەکە تەرخان کردووە، تاوەکو هەوڵبدات لایەنە فیزیکییەکانی بەرهەم بێنێتەوە.

---

(٢٤) فەلسەفەی تاوی:- فەلسەفەو ئاینێکی چینی یە لە سەر بیرو باوەڕی (لاوتز) ەو، داوای سادەیی و لە خۆبوردن دەکات.

له ماوی کۆتایی بنەماڵەی دەسەڵاتداری (کاو) (chau) (نزیکەی دوای ٥٠٠ پ.ز) دا، شەڕی نێوان سەرکردەکان سەریکێشا بۆ جەنگی بەردەوامی دڕندانە و سەرکردە بچووکترەکان ووردە ووردە لابران و تا وایلێهات تەنها دوو کۆمەڵە لە ڕووی یەکترا مانەوە. بەهۆی جەنگە دوورو درێژەکانەوە، فەرمانڕەوایی بە تەواوەتی لە دەستی دواین ئیمپراتۆرییەتی (کاو) سەنرابوو، بۆیە لە (٢٥٦ پ.ز) دا ناوبراو وازی لە تەختی پاشایەتی هێنا. سی و پێنج ساڵ دواتر (چن)(Ch'in) کە سەرۆکی بەهێزترینی یەکێك لە دوو لایەنە، هەمیشە بەشەڕ هاتووەکان بوو، دەسەڵاتێکی نوێی بنەماڵەی بە ناوی (چن) دامەزراند.

یەکەم ئیمپراتۆری (چن) بڕیاری دروستکردنی لەشکرێکی باش ڕاهێنراوی جەنگاوەری بەهێزو دڕندەی دا لە ناوچە سنوورییەکانی چین دا. بەم لەشکرە توانی یەکەم ئیمپراتۆرییەتی یەکخراوی ڕاستەقینەی چینی دروست بکات، کە لە ڕاستیدا لەلایەن یەك سەرکردەوە بەڕێوەببرێت نەوەکو لەلایەن دەسەڵاتە ناوچەییە نیمچە سەربەخۆکانەوە. تۆماری مێژوویی و نەمری فەرمانڕەواییەکەی دیواری مەزنی چینە کە (١٤٠٠میل) درێژەو بە درێژایی سنوورەکانی چین وەکو بەرگرییەك لەبەردەم داگیرکاری (مەغۆلەکان) (Mangols) دا دروستکراوە. هەزاران وەرزێر و جووتیار لە کێڵگەکانیانەوە ڕاپێچکران و نێردران بۆ دروستکردنی دیوارەکە و زۆریان بەهۆی ساردی و ووشکی ناوچە سنووریەکانەوە جارێکی تر نەگەڕانەوە.

بنەماڵەی (چن) لەلایەن ژەنراڵێکەوە سەرنگون کرا و بنەماڵەی فەرمانڕەوایی (هان) (Han) ی دامەزراند. فەرمانڕەوایی (هان) نزیکەی (٢٠٦ پ.ز) دەستی پێکردو تاوەکو نزیکەی هەمان ماوەی داگیرکاری خۆرئاوا لەلایەن ڕۆمەکانەوە بەردەوام بوو.

# بەنـــــــــدی هەشـــــــتەم

## کۆمـــــــــــــاری ڕۆم The Roman Republic

لە خۆرهەڵاتی گریکەوە نیمچە دوورگەی ئیتالیا کە لە شێوەی پێڵاوێکی لاستیکی قوڕوایدا شێوەی گرتووە "مەبەستی ئەوەیەکە بەسێ کەناراو دەوردراوە – وەرگێڕ"،شەش میل بەسەر دەریای ناوڕاستدا درێژبووەتەوە. ئیتاڵیا لە باکووریشەوە لەلایەن چیاکانی (ئـەلپ) (Alp) ەوە لـە بەشـەکانی تـری ئـەوروپا جیـا کراوەتـەوە. (ئـەپینینس) (Apennines) ، زنجیرە چیایەکی نزمترە، لوتکەکەی "شێوە پێڵاوی یە- وەرگێڕ" بە درێژایی لای (ئادریاتیک)(Adriatic) یـان کـەرت کـردووە. زۆربـەی دانیشتووان لـە قـەد پاڵە خۆرئاوای و شـەپۆلاوییەکاندا لای خۆرئاوای دەریاکـەدا دەژیـان. خاکەکەی زەویـەکی دەوڵەمەنـدە، بـەڵام لـەولاوە بەنـدەرەکانیان بەنـدەری لاوازن. بۆیـە بـە پێچـەوانەی گریکەکانەوە، ئەمان زیاتر ڕوویان لە زەویـەکانیان کـرد تـاوەکو بازرگانی بۆ دەرکردنـی بژێوی ژیانیان. لە ئەنجامدا کەلتووریان سادە ترو پەرەسەندیان هێواشتر بوو. ڕامیارییان (سیاسەتیان) زیاتر پارێزگارانە بووە وە وڵات لە لایەن خاوەن زەوییەکانەوە دەستی بە سەردا گیرا بوو، تاوەکو بازرگانەکانەوە. هێڵی کەناری دەریایی نەپساو هیچ بەرگرییەکی سروشتی بۆ وڵاتەکـە دروسـت نـەکرد بـوو، بـەو شـێوەیەی لـە گریکـدا هـەبوو. بۆیـە دانیشـتووانەکەی بـە ناچـاری دەبـوو، یـان بجـەنگن، یـان لەگـەڵ یەکـدا ئاوێتـە بـن. لـەو سەردەمەدا ڕۆمەکان هەردووکیان کرد، بۆیە دامەزراوەکانیان سەربازی و دەستوورەکەشیان شێوەیەکی لاستیکی هەبوو، ڕێگەی بە زیادکردنی هەرێمەکانی تری دەدا.

لـە سـاڵی (٧٠٠ پ.ز) دا، نزیکـەی سـەردەمی ئیمپراتۆرییـەتی ئاشـووری لـە میزۆپۆتامیـادا، سـێ کـەلتووری جیـاواز لـە ئیتالیـادا هـەبوو، ئـەوانیش (ئیترۆسـکان) "ڕەگەزیان هیندۆ ئەوروپایی بووە – وەرگێڕ" (Etruscans) ەکان لە باکوور و (لاتـین) (Latins) و خێڵـە هاوپەیوەندییـەکانیان لـە ناوەنـدو ناوچـە ژێـر دەسـتەکانی (کۆلۆنییەکانی) گریک لە باشـوور بـوون. لێرەدا (لاتـین) یەکـەم کـەس بـوون هاتنـە ئـەم ناوچـانە، بـەڵام دوایـنیش بـوون شارسـتانییەتیان پێکـەوەنا. ئـەمانیش یـەکێك بـوون لـەو

کۆمەڵــە هینــدۆ ئەروپپیانــەی، کــە گریکــە (ئایۆنییــەکان) (Ionian) و (هــیتی) (Hittites)ەکان یەکێك لەوان بوو، لە نزیکەی (٢٠٠٠ پ.ز) دا بە ناوچە کەناراوەکانی دەریای ناوەڕاستدا بڵاو بوونەوە.

(ئیترۆسکان) ەکان یەکێکن لە بێ ئومێدکەرترین شاراوەکانی مێژوو. نە دەزانرێت لە کوێوە هاتوون و نە دەزانرێت کێن. تەنها ئەوەندە دەزانین کە زمانیان نە گریکی و نە فینقی بووە. ئەمانە کاتێك لە نزیکەی (٨٠٠ پ.ز) دا هاتنە ئیتالیا، خۆیان پێشتریش خەڵکانێکی شارستانی بوون. ڕەنگە لە ئاسیای بچووکەوە، بەهۆی شەڕەکان و کۆچکردنەکانەوە کە دوایی داگیرکارییەکانی (دۆرییەکان) دەستی پێکرد، وەدەرنرابن. لە ئیتالیادا زنجیرەیەك دەوڵەتە شاری سەربەخۆیان بە پێوەنا. لەم دەوڵەتە شارانەدا (ئیترۆسکان) ەکان لە دەوڵەمەندییەکی پڕ لە دەست بڵاویدا دەژیان، لە کاتێکدا دانیشتووانە ڕەسەنە داگیرکراوەکە، کە ڕەچەڵەکیان دەگەڕایەوە بۆ لاتین، زەوییەکانیان بۆ دەکێڵان. ئیترۆسکانەکان بازرگانییان لەگەڵ گریکەکاندا کردووەو کەلتوورەکەشیان کاریگەری کەلتووری گریکی پێوە دیارە، پاشان ئەمانیش ئەم کاریگەرییەیان بۆ لاتینەکان گواستەوە.

## دروستـــــــكردنی ڕۆم Founding of Rome

(ڕۆم) لە نزیكەی (٧٥٠ پ.ز) دا وەكو بەرگرییەك دژی فراوانبـوونی (ئیترۆسـكان) ەكان، لەلایـەن یەكێتییـەكی خێڵە لاتینەكانـەوە دروسـتكرا. دەسـتووری ڕۆمـی هاوشـێوەی دەسـتووری هـەزاران دەوڵەتەشـاری هینـدۆ ئەوروپییـە بەراییـەكان بـوو، بـەڵام هـی ئـەمان گرنگتر بوو، چونكە چەندین سەدە دواتر شـاری ڕۆم وایلێهـات هـەموو ناوچـەكانی دەریـای ناوەڕاستی داگیركردو دەستوورەكەی ڕاستەخۆ، یان بە هـەموار كـراوی بـوو بـە دەسـتووری نزیكەی هەموو دەوڵەتی خەڵكە شارستانییەكان.

دانیشتووانی ڕۆم لە دوو چینی كۆمەڵایەتی پێك هاتبوون:- چینی بە ژمارە كەمی سەرەوە كە پێی دەوترا (خانزادەكان) (Patricians) و كۆمەڵانی خەڵك، یان (Plebs) . (پلیب)ەكان نە كۆیلەو نە كۆیلەی زەوی بوون، بەڵكو هاووڵاتییەكی ئازادی چینی خوارەوە بوون. سیستەمی ڕۆمی كۆن پاشـاییەتییەك بـوو، كـە پاشا بـۆ درێـژایی تەمـەنی لەلایـەن خانزادەكانـەوە (Patricians) هەڵدەبـژێردرا. (سـینەیت) (Senate) گروپێكـی هـەزار كەسـی بـوون (دوواتـر بـوون بـە سـێ هـەزار)، ئامۆژگـاری و هاوكـاری پاشـایان دەكـرد. هاوشـێوەی ئەسـینا ئەنجوومـەنێكیان هـەبوو لەلایـەن خێڵەكانـەوە هەڵدەبـژێردران بەشێوەیەكی دیكۆری (نـاكردەیی)، بـەڵام ئـەمیش لەلایـەن (خانزادەكان) ەوە دەسـتی بـە سەردا گیرا بوو.دانیشتوونی ڕۆم بە هەموو چین و توێژەكانییـەوە لـە خـاوەن زەوی پێـك هـاتبوون.. بـەم پێیـەش گـەورەترین یەكـەی ڕامیـاری خێـزان بـوو. ئـافرەت لـە ڕۆم دا بەبەراورد لەگەڵ ئافرەتی ئەسـینای كلاسـیك، زیـاتر سـەربەخۆ بـوون. ئافرەتـان زۆر جـار جیـا لـە پیاوەكانیـان، ژیـانێكی كۆمەڵایـەتی چـالاكیان هـەبوو، تەنانـەت كاریگەریشـان لـە ڕامیـاری (سیاسـەت) دا هـەبوو. وەكـو هـەر كۆمەڵگەیـەكی سـەربازی تـر، منـداڵانی ڕۆم بەشێوەیەكی زۆر توندوتیژ پەروەردە دەكـران. فێـری ئـەرك و گوێڕایـەڵی و بەرگـە گـرتن (تەحەمول كردن) دەكران. كاتێك كوڕێك تەمەنی دەگەیشتە پازدە ساڵ ، هەرزەكارییەكەی لە ڕێوەرسمێكی جەماوەریـدا بـەرز ڕادەگیراو یەكـەم (تۆگـە)[16] (Toga)ی لەبـەر دەكـراو وەكو هاوڵاتی ڕۆمـی نـاوی دەنووسـرا. هـەروەكو زۆربـەی كـەلتووره كۆنـەكانی تـر، لـە نـاو ئەمانیش دا كاتێك كچ تەمەنی دەگەیشتە پازدەو كوڕیش بیست ساڵ، لەلایـەن خێزانـەوە

---

(٢٥) Toga:- عەبایەكی سەردەمی ڕۆمانی كۆن بووە، لە سەر جلەكانیانەوە لە خۆیان پێچاوە، ئەم عەبایە لە (خوری) دروستكراوەو نزیكەی (٦) مەتر درێژ بووە.

ڕێوەڕەسمی هاوسەرگیری یان بۆ ڕێکدەخرا. لە بنچینەدا ئایینی ڕۆمی بەشێوەیەکی زۆر ئالۆز بریتی بوو لە پەرستنی ژمارەیەکی زۆر ڕۆح و دێودرنج، بەڵام پاش پەیوەندی کردنیان لەگەڵ (ئیترۆس) ەکان و ژێر دەستەکانی (کۆلۆنییەکان) گریکدا، ڕۆمەکان خواوەندەکانی گریکەکانیان بۆ خۆیان بەکارهێنا، بەڵام ناوی لاتینیان پێی بەخشی:- (زیۆس) کرا بە (ژوپیتێر) (Jupiter)، یان (زیوسپاتر) (Zeuspater)، (ئەسینا) کرا بە (مینێرڤا) (Minerva) و (ئەفرۆدایت) (Aphrodite) کرا بە (ڤینۆس) (Venus) و..... هتد .

لـــــه نزیکـــــەی (٦٠٠ پ.ز)ەوە (ڕۆم) کەوتـــــه ژێـــــر ڕکێفی(ئیترۆوســـــکان)ەکان (Etruscan) و زنجیرەیەك پادشایان حوکمی ڕۆمیان کرد. تاوەکو له (٥٠٩ پ.ز) ڕۆمەکان لێیان هەستانەوە و له شارەکە وەدەریاننـان. خـەڵکی ڕۆم لـه مـاوەی دەسـەڵاتی پاشا یـەك لەدوای یەکەکانی (ئیترۆوسکان) ەکاندا زۆریان به دەسـت پاشـایەتییەوە چەشـت بـوو، بۆیـه بەڵێنیان دا که هەرگیز جارێکی تر پاشـایان نـەبێ ،و ئـیتر کۆماریـان دەمەزرانـد. کۆمـاری ڕۆم ، هەر وەکو زۆربەی کۆمارەکانی سەردەمی کۆن، له ڕاستی دا دەسەڵاتێك بوو له لایەن چینی ئەرستۆکراتییەوە کۆنترۆڵ کرابوو. بـۆ ئـەوەی دڵنیـابن لـەوەی چـیتر هـیچ کەسـێك دووباره هەوڵی بوونبه پاشا نادات، کۆماری نوێ هەستا دەستەیەکی کارگێڕی دوو قونسوڵی دانـا، کـه لـه لایـەن (یـەکێتی) (Assembly)ەوە بـۆ ماوەیـەکی کـاتی تـەنها سـاڵێك هەڵبـژێردران. دوو دەزگـای تـر دامـەزرێنران بـۆ پـڕ کردنـەوەی جێگـەی چـۆڵی پاشـا. چاودێرەکان (censor) ئـەرکی سـەرەکیان هـەبوو لـه دیـاریکردنی ئـەو کەسـانەدا کـه بـۆ شیاوێتییان بۆ (Senate)[٢٦] (سینەیت) (ئەنجوومەنی پـیران) تێیـدا بـوو. (Pontifex maximus)[٢٧] (ئەنجوومەنی باڵای کاهینـەکان)ش لـه ڕێوەڕەسمـه ئایینییەکانـدا دەوری شایان دەگرته دەست. له کاتی مەترسیه نیشتمانییه له ناکاوەکاندا ئەنجوومـەن ئـەیتوانی دیکتاتۆرێکی دەسەڵات ڕەها بۆ ماوەی شەش مانگ هەڵبژێرێت. هـەروەها سـاڵانه هەنـدێ دادوەری پلـه نـزم لەلایـەن (یـەکێتی) (The Assembly) ەوە هەڵدەبـژێردران، وە بـه دڵنیاییشەوە تەنها (بەگزادەکان) شیاوی دەزگا گشتییەکان بوون.

(پلێب) (Plebs) ەکان هەر بەزووی لەوە تێگەیشتن که دەستووری تازه لـه سـەر خواستی بەگزادەکان بنیادنراوە و له (٤٥١ پ.ز) دا کارکردنیان ڕەتکردەوە. له ئەنجامی ئەم خۆپیشـاندانه هێمنانـــه و خۆپیشـاندانەکانی دووا تـــرەوە مـــافێکی تایبـــەتی زۆریـــان بەدەسـتهێنا. نوێنـەری (پلێب)ەکـان کـەپێیان دەوتـرا (Tribunes) (پـارێزەرانی گـەل) ڕێگەیان پێدرا له کۆبوونەوەکانی ئەنجوومـەنی پیرانـدا بەشـداری بکـەن. لـه ئەنجوومـەنی

---

(٢٦) Senate (مجلس الشیوخ) :- ئەنجوومەنێکی پیرانه، له مێژوودا دەستەو تاقمی بەم شێوەیه زۆر هەبوون، بەڵام یەکەم دوو ئەنجوومەن، ئەنجوومەنی پیرانی گریك و ڕۆم بوون.

(٢٧) Pontifex maximus :- به ئیتالی واتا: (گەورەترین پرد دروستکەرەکان)، گەوره ترین کاهینانی پایه بەرز بوون له ڕۆمدا.

پیراندا هیچ دەنگێکیا نەبوو، بەڵام دەیانتوانی (Veto) (مافی بەرپەرچدانەوە) بەکار بهێنن دژی هەر پێوەرێك کە لەگەڵ خواستی (پلێب) ەکاندا یەکیان نەدەگرتەوە، هەروەها دەرگای یەکێك لە دوو قونسوڵەکان و ژمارەیەکی زۆر دەزگا لاوەکییەکان بۆ (پلێب) ەکان والا کرا. تا (٢٠٠ پ.ز) چینی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی بەرچاو کاڵ بوویەوە و جیاوازی نێوان (بەگزادە) (Patrician) و (پلێب) (Pleb) تەنها وەکو شتێکی ڕووکەش مایەوە، بە ئەندازەی ئەو جیاوازییەی کە لە نێوان خانەدانەکان و کۆمەڵانی خەڵکدا هەیە لە ئەورووپای هاوچەرخدا.

لە ماوەی دوو سەدە و نیودا، لە نێوان (٤٢٥ - ١٦٥ پ.ز) دا، دەوڵەتەشاری (ڕۆم) وایلێهات کە بتوانێت دەست بەسەر سەرتاپای نیمچە دوورگەی ئیتالیادا بگرێت. (ڕۆم) هەرگیز سیاسەتی داگیرکاری نەبوو، بەڵام زیاتر خەباتکارێکی بەرگریکار بوو. هەرکە دراوسێکانی ترسیان لە سەر ئاسایشی ڕۆم دروست بکردایە، ڕۆمییەکان شەڕیان ڕادەگەیاند. لە هەموو بارەکاندا دەوڵەتی ڕۆم بەهێزی خۆی دەسەڵاند و دەسەڵاتە سەرپێچی کارەکە، یان بە تەواوەتی بە ڕۆمەوە دەلکێنرا، یان زۆرجار وەکو هاوپەیمانییەکی سەربەخۆیای ڕەمزی دەهێڵرایەوە. فراوانبوونی ڕۆم بەرەو باکوور دەستی پێکرد.

لە ماوەی سەدەی پێنجەمی پێش زایین دا (سەردەمی پێریکلیس لە ئەسینا) شەپۆلێکی نوێی هیندۆ ئەورووپییەکان بە ناو چیاکانی (ئەلپ) (Alps) دا هاتن. ئەوانیش (کلیتەکان) (celts) ، یاخود وەکو لاتینەکان پێیاندەڵێن: (گۆڵەکان) (Gauls)، بوون. ئەم ئەژدادانەی (سکۆتلەندی) و (وێلز) و (ئیرلەندییەکان) ی ئەم سەردەمە باڵا بەرزو قژزەرد و چاوشین بوون. لە بەرامبەردا (ئیترووسکانەکان)کە ئەمان پەلاماریاندان، کوورت و ئەسمەر بوون. ئەمانە خەڵکانێکی گورج و گۆڵ بوون، کە دەهاتنە شەڕەوە لە کەلەی سەر دەیان قیژاندو لەو لاشەوە ئافرەتەکانیان لە نزیك قەد پاڵی چیاکانەوە ئەوەندەی تر هەراکەیان گەرم دەکرد. (گۆڵەکان) لە کۆتاییدا لە باکووری ئیتالیا نیشتەجێ بوون، بەڵام پەلامارەکانیان (ئیترووسکانەکان) ی زۆر لاواز کرد، بە شێوەیەك کە یەکە یەکە هاتنە ژێر دەسەڵاتی ڕۆم، پاش چەند سەدەیەکی دوواتر (ئیترووسکانەکان) بە تەواوەتی لەناو لاتینەکاندا توێنرانەوە و، تەنانەت زمانەکەشیان فەوتا.

ئەوە حاشا هەڵنەگر بوو کە (ڕۆم) دەبوو لەگەڵ شارە گریکەکانی باشووری ئیتالیادا بکەوێتە ململانێوە. تا لە(٢٧٥ پ.ز) دا، ڕۆم دەستی لە شەڕی نێوان دوو شاری گریکی وەردا. بەم شێوەیە گریکەکان لە دەست تێوەردانی ڕۆمەکان زۆر تووڕەبوون و

بانگێشتی ژەنراڵێکی گریکیان بەناوی(پایروس – Pyrrhus) لە گریکی ناوەندەوە کرد ، کە خۆی لە مەسەلەکەیاندا هەڵقورتێنێ. ناوبراو یەکێك لە خزمەکانی ئەسکەندەر بوو. تووانی ڕۆمەکان بشکێنێ ، بەڵام بە بەخشینی گیانی هێندە سەرباز، کە دوواتر ناوبراو ڕایگەیاند: (سەرکەوتنێکی تری ئاوا، هەمووومان لە ناو دەبات). هەر بە زوویی کە بێ ئاکامی سەرکەوتنەکانی بینی، لە (٢٧٢ پ.ز) گریکەکانی ئیتالیای بۆ ڕۆم بە جێهێشت و گەڕایەوە بۆ گریك.

# قەرتاجە (كارتاژ)[28] Carthage

كاتێك ڕۆم دەستی بە سەر شارە گریكەكاندا گرت، هەروەها دەستیشی بەسەر ململانێی نێوان گریك و قەرتاجەدا گرت، لە سەر خستنەدەستی دوورگەی دەوڵەمەندی (سیسلی). (قەرتاجە) ی باكووری ئەفریقیا لە بنچینەدا ژێر دەستەی فینقییەكان بوو، بەڵام لە دووای ڕووخانی شارە فینقییەكان لە لایەن (نەبوخەزنەسەر)[29] ەوە، سەربەخۆییان وەرگرتبوو. لە ماوەی سێ سەد ساڵدا (قەرتاجە) بە فراوانكردنی ئیمپراتۆرییەتی بازرگانی پڕ داهاتی فینقییەكان لەخۆرئاوای دەریای ناوەڕاستدا بووبە وڵاتێكی دەوڵەمەندو بەهێز. بە جوانییە سەرنج ڕاكێشەكەی بە ناوبانگ بوو، بەڵام لەو لاشەوە بە دڕندەییەكەی بەرامبەر دووژمنەكانی و بە ئایینە تۆقێنەرەكەشی ناسرا بوو. ئایینەكەی بە شێوەیەكی بەردەوام داوای قوربانیكردنی منداڵە تازەپێگەیشتووەكانی دەكرد. (ڕۆم) لەوە تێگەیشتبوو كە (سیسلی) بكەوێتە ژێر دەستی (قرتاجە) چی ڕوودەدات، بۆیە لە (٢٦٤ پ.ز) دا دژیان شەڕی ڕاگەیاند. یەكەمین شەڕی (پەنیك) (Punic) ((ووشەیەكە لە Poenicusی لاتینییەوە وەرگیراوە بۆ فینقییەكان)) شەڕێكی درێژو دژوار بوو. ڕۆمەكان زۆر لە سەربەخۆ بوون لە فێربوونی هونەری جەنگی دەریاییدا، بەڵام هەركە فێربوون زۆر باشتر لەوان فێربوون و بەوشێوەیە لە (٢٤١ پ.ز) دا قەرتاجییەكان داوای ئاشتییان كرد.

(قەرتاجە) كرا بە دەسەڵاتێكی پاشكۆی ڕۆم و، ڕەنگە شەڕیش كۆتایی پێبهاتایە، ئەگەر ژەنراڵی قەرتاجی (هامیلكار بەركا) (Hamilcar Barca) هەڵەشانە سوێندی تۆڵە سەندنەوەی هەتاهەتای لە ڕۆم نەخواردایە. (بەركا) (Barca) كە بوو بە حوكمڕانی ناوچە ژێر دەستەكانی قەرتاجە لە ئسپانیا، كوڕە بچووكەكەی (هانیپاڵ)

---

(٢٨) (قەرتاجە) :- واتا: (شاری نوێ) كە دەكەوێتە (توونس) ی ئێستاوە.

(٢٩) (نەبووخەزنەسەر) (بخت النصر)، (ئامیتسی میدی) (Amytis of media) ی كچ، یاخود كوڕەزای (هوخشترە – كەیخەسرەو) (cyxares) ی پاشای مێدەكانی مارەكرد، بۆ بەهێز كردنی هاوپەیمانی نێوان بابلییەكان و بنەماڵەی میدەكان. دەگێڕنەوە ، هەست بە غەریبی كردنی (ئامتیس) )پاڵنەرێك بوو وای لە (نەبوخەزنەسەر) كردووە كە بە باخچە هەڵواسراوەكانی بابل دروست بكات و دارو درەختەكانیشی هیی وڵاتی (ئامیتس) بێت، بۆ ئەوەی دڵی خۆشبكات. (ناوی هوخشترە _ ڕەنگە بەواتای ئەوە بێت كە كەسێك توانایەكی باشی هەبێ لە نیشان شكاندندا).

(Hannibal) ی لە بەردەم خواوەندەکانا سوێندیدا، کە ژیانی تەرخان بکات بۆ تێکشکاندنی ڕۆم. لە (٢١٩ پ.ز) دا، (بەرکا) مردو (هانیبال) لە تەمەنی بیست و پێنج ساڵیدا بوو بە حوکمڕانی ئسپانیا. ساڵی دوواتر ناوبراو بەخۆی و (٦٠.٠٠٠) جەنگاوەرو (٣٧) فیلەوە ئسپانیای جێهێشت و بەرەو داگیرکردنی ڕۆم کەوتەڕێ. ئەمەش یەکێك لە بەناوبانگترین کارەکانی بوو کە خۆی بۆ تەرخان کردبوو، بەڵام لە هەمانکاتدا یەکێکیش لە دەگمەنترین هەڵە گەورەکانی بوو. بە هۆی خراپ تێپەڕ بوونییەوە بە ناو تووڵەڕێ بەرفراوییە تەسك و باریکەکانی چیاکانی (ئەلپ) دا ، لە ناوەڕاستی زستاندا (هانیبال) نیوەی لەشکرەکەی و نزیکەی هەموو فیلەکانی لە دەست دا. ناوبراو هەرگیز نەیتوانی ڕۆم بگرێت، بەڵام بۆ ماوەی چواردە ساڵ لەشکرەکەی ناوچە لادێیەکانی ئیتالیایان کاولکرد. (ڕۆم) پەیتا پەیتا لەشکری دەنارد، بەڵام (هانیبال) تێکی دەشکاندن. لە کۆتاییدا ڕۆمەکان توانیان بە بەکارهێنانی تاکتیکەکانی خودی (هانیبال) بە سەریدا زاڵبن. ڕۆمەکان لەشکرێکیان نارد بۆ ئەفریقیا بۆ کاولکردنی ناوچەکانی دەوروبەری (قەرتاجە). بەم شێوەیە خەڵکی شارەکە تۆقان و (هانیباڵ) یان بانگهێشت کردەوە و پاشان لە شەڕی (زاما) (Zama) دا لە (٢٠٢ پ.ز) دا لەلایەن ژەنراڵێکی ڕۆمییەوە بەناوی (سیپیۆ) (Scipio) ەوە شکێنرا. هەرچەندە (هانیبال) خۆی هەڵهات، بەڵام دواتر خۆی کوشت. (قەرتاجە) لە ئیمپراتۆرییەتەکەی داماڵێراو بچووککرایەوە بۆ دەسەڵاتێکی لاوەکی، بەڵام هێشتا ڕۆمەکان دڵیان ئاوی نەخواردەوە، تاوەکو لە (١٤٩ پ.ز) دا لەشکرێکی تریان نارد بۆ (قەرتاجە)،و پاش سێ ساڵ لە ئابلۆقەدانی شارەکە، ملکەچ بوو و خۆی دا بەدەستەوە و ڕۆمەکانیش دانیشتووانەکەیان زۆر بە دڕندانە کوشت و بنج و بناوانی شەرەکەیان هەڵوەشاندەوە و هەرچی پاشماوەکەشی بوو هەوجاڕیانکردو خوێیان پێوە وەشاند بۆ ئەوەی چیدی تەنانەت زوەیەکەشیان ڕووەکی لەسەر سەوز نەبێ.

لە ماوەی شەڕی (پانیك) (Panic) ەکاندا هەندێك لە دەسەڵاتە هلینستیەکان لە خۆرهەڵات ترسیان بەرامبەر هەڕەشەی ڕۆمەکان زیادی کرد، بۆیە یارمەتی قەرتاجییەکانیان دەدا. شانشینی (مەقدۆنیا) (Macedon) (کە زۆربەی لە گریك پێك هاتبوو) بە ڕاشکاوی پەیوەندی بە (قەرتاج) ەوە کرد، بەڵام زۆر بە ئاسانی لەلایەن ڕۆمەکانەوە تیکشکێنران. لە (١٤٦ پ.ز) دا هەمان ساڵی ڕووخانی (قەرتاجە)، گریکیش وەکو هەرێمی (مەقدۆنیا) بۆ ئیمپراتۆرییەتی ڕۆم زیاد کرا. لە ماوەی سەدەکەی دوواتردا هەموو ناوچە هیلینستیەکانی خۆرهەڵات (جگە لە میزۆپۆتامیا) خرانە پاڵ ڕۆم، بەڵام

وەکو تێبینیمان کردووە.. خۆرهەڵات هەرگیز بە ڕۆمانی (Romanize) نەکراوە، بـەڵکو ڕۆم کرا بە هیلینستی.

# دەرئەنجامی جەنگەکان Aftermath of the wars

جـەنگی (پـەنیك) (Paunic) گۆڕانکارییـەکی بـەرفراوانی لـە (ڕۆم) دا هێنایـە ئاراوە. شارۆچکە سەرسنووریە هەرێمییەکان زۆر بەخێرایی بوونبە شاری گەورەی خـاوەن بەرپرسـیاری بـەڕێوەبردنی نزیکـەی هـەموو جیهـانی ناسـراو. ئـەم گۆڕانکارییانـە بەشـێوەیەکی وا بنچینەیی کۆمەڵگەو ڕامیـاری ڕۆمـی شـەڵەقاند، سـاڵانێکی زۆری پێچوو تاوەکو ڕۆم لەگەڵیدا خـۆی گونجانـد. وێرانکارییـەکانی (هانیبـاڵ) لـە بنچینـەی پێکهاتـەی ڕۆمی دا کە ئەویش جووتیارە سەربەخۆکان بوون. ئەو هەرێمانەی ئیتالیا کە لیکێنران بە ڕۆمەوە موڵکی شارەکان بوون، بەڵام پێشوەخت لەلایەن سیناتۆرە دەوڵەمەندەکانـەوە ئـەو موڵکـە بـەتاڵ دەکرانـەوە. ئـەم سـیناتۆرانە زەوی وزاری بازرگـانی گـەورەیان بـۆ خۆیـان دروستکردو پێیان دەوت: (لاتیفونـدیا) (Latifundia) "لـە لاتینـەوە هـاتووە:- (latus) واتا: گرانبـەها،(fundus) واتـا: کێڵگـە، یـان خانووبـەرە - وەرگێـڕ"، ئـەو کۆیلانـەیان بـۆ ئیشـکردن تێیـدا بـەکاردەهێنا کـە لـە شـەڕەکاندا کۆکرابوونـەوە. جووتیـارە لاتینـەکان کـە ڕۆژگارێك لە ڕووی ڕامیـاری و هێـزی سـەربازییەوە پاڵپشـتی (ڕۆم) بـوون، دوای سـاڵانێکی دوورو درێژ لە خزمەتی سەربازی کە دەگەڕانەوە کێڵگـە بچووکەکانیان، تێدەگەیشـتن کـە ململانێی (لاتیفونـدیا) کانیـان پێنـاکرێ. بۆیـە دوواتـریش بـەهۆی نـەتوانینی دەرهێنـانی بـژێوی ژیانیانـەوە دادەبەزینـە شـارو بەمـەش (ڕۆم) بـوو بـە شـارێکی گـەورەی نارێـك گەشـەکردوو، کـە ژمارەیـەکی زۆری دانیشـتووانەکەی بێکـار بـوون. لەولاشـەوە ژەنراڵـە ڕۆمیەکان کە لە شەڕ دەگەڕانەوە لە سامان و تالآنی بارکرابوون و ئامادەی بەشداری کردن بوون لە ڕامیاریدا. ژەنراڵەکان لە بەرامبەر دەنگەکانیاندا، دانەوێڵەو خۆش ڕابواردنیان بە بەلاش دەبەخشیە خەڵکە بێکارەکە. بەمەش هەندێك زۆر بە سانایی بوو بوون بە خاوەنی لەشکرێك لە هاوڵاتیـانی بێکارە، وەکو مـەعمیل بـۆ دەنگـەکانیان، یـاخود وەکـو پیـاوکوژو خوێنڕێژ بەکاریان دەهێنا، بۆ ئەوەی بەهۆی هێزەوە کاربکەنە سـەر هەڵبژاردنـەکان. بـەم شێوەیە کۆماری ڕۆمی بوو بە شتێکی گاڵتەجاڕی.

ئـەم خراپەکارییانـە لەلایـەن سروشـتی سیسـتەمی هەرێمـەکانی ڕۆمـەوە دروستکران. لە کۆتایی شەڕەکاندا لەگەڵ (قەرتاجە) دا، (ڕۆم) خۆی وەکو شازادەژنێك لـە نێوان باکووری ئەفریقیاو (سیسلی) و (ئسپانیا) و (گریك) دا بینیـەوە و، پاشـان هەریەکـە لەمانیش بوون بە هەرێمێك لە ڕۆم. هـیچ کەسـیك لـە کۆمـاری ڕۆمـدا مـافی دیـاریکردنی

فەرمانڕەوایەکی نەبوو. "مافی فەرمانڕەوایی" کە پێی دەووترا (imperium) دەتوانرا تەنها ببەخشرێتە کەسێك کە ئەگەر لەلایەن خەڵکە دەسەڵاتدارەکەی ڕۆمەوە بۆ دەزگایەکی میری هەڵبژێردرایە.ئەم ئاستەنگەشی بە ناردنی ئەو کەسانەی کە پێشتر وەکو کاربەدەستێکی هەڵبژێردراو لە ڕۆمدا کاریان کردبوو، چارەکرا.هەر ساڵەی کە دوو قونسوڵە ماوەی دەسەڵاتیان تەواو دەبوو، وەکو فەرمانڕەوایەك کە پێیان دەووترا (Proconsuls)، بۆ ماوەی دوو ساڵ دەچوونە ناوچە هەرێمییەکان. بە تێپەڕبوونی کات و زیاتر بوونی هەرێمەکان لە چاو قونسوڵەکانی پێشوتردا، خاوەن شکۆی پلە نزمتر دەنێردران بۆ هەرێمە بچووکترەکان، وەك (Propraetor)، (Proquaestors) و ... هتد .

(پرۆقونسول) (Proconsuls) ەکان لە هەر هەرێمێکدا بوونایە، دەبوونە ژەنراڵی لەشکری ڕۆمی ئەو هەرێمەش . هەر بەزوویی تێگەیشتن بە بوونی ئەم سوپایە لە پشتیانەوە ئەتوانن دوو بەرامبەر باج، هەم بۆ خۆیان و هەم بۆ ڕۆم کۆ بکەنەوە. (پرۆقونسڵەکان) زۆر جار کە دەگەڕانەوە بۆ ڕۆم، بە ئەندازەیەك سەروەت و سامانیان لەگەڵ خۆیاندا دەبردەوە تاوەکو مردن دەبوو بە پاڵپشتییەك بۆ خۆیان و سوپاکەیان. هەروەها بەو گەنجینە هونەرییانەوە دەگەڕانەوە کە بۆ خۆیان دەستیان بەسەردا گرتبوو. لە بەر ئەوەی پێشتر فەرمانڕەوا و لە هەمانکاتدا دادپرسیش بوون، هەموویان بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ئەبوون بە ئەندامی (ئەنجوومەنی پیرانی ڕۆم) (Senate of Rome) یش بەم شێوەیە (ئەنجوومەنی پیران) بوونبە کۆمەڵێکی بەباشی پێکەوە گرێدراوی لە ڕادەبەدەر دەوڵەمەند و بە دەسەڵاتی وا، کە هەموو وڵاتەکەیان لە سوودی خۆیاندا بەکار دەهێنا. هەروەها ئەمانە لە پلەیەکی دەسەڵاتی وادا بوون دەیانتوانی وا بکەن بەشێوەیەك یاسایی بوونی سەوەت و سامانەکەیان بسەپێنن. شێوازەکەیان سادە بوو. سیناتۆرێك (ئەندامێکی ئەنجوومەنی پیران) کە تایبەتمەندییەکی ناوەنجی هەبووایە بۆ دەزگایەکی لاوەکی لە ڕۆمدا هەڵدەبژێردرا. ساڵی دوواتر دەڕۆیشتە یەکێك لە هەرێمەکان و کاتێك کە دەگەڕایەوە بۆ ڕۆم، بڕی گونجاو دەستکەوتی کۆ دەکردەوە، کە دارایی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەی دابین دەکرد بۆ بەدەست هێنانی پلەی فەرمانڕەویی بەرزتر لە ڕۆم دا. ئەمەش بە شێوەیەکی زنجیرەیی قابیلییەتی ئەوەی پێدەبەخشی بەرەوپێش بچێت و، تەنانەت ساڵی دوواتر هەرێمێکی دەوڵەمەندتر ڕووتبکاتەوە. لە هەمانکاتدا جووتیارە لاتینە سادەکان بۆ خەڵکانێکی ناوچە هەژارنشینەکان بچووککرابوونەوە و هەمیشە باجی ئاژاوەکانی ڕۆمیان دەدا. لادێ ئیتالیەکان گۆڕان بۆ کێڵگە کۆیلەییەکان و بازرگانەکانی

شـاره هیلینسـتەکانیش بـەهۆی دانـی باجـەوە بـە کـار بەدەسـتە ڕۆمانییـەکان مایـەپووچ دەبوون.

## دوو پارتــە پێشبڕکێکارەکــە...The Two Rival Parties

لە (١٣٣ پ.ز) دا (تیبریۆس گراکوس) (Tiberius Gracchus) ی گەنج کە لە یـەکێك لـە خێزانـە بـەڕێزەکان (پاتریـاك ــ بـەگزادەکان) بـوو، وەکـو پـارێزەری گـەل هەڵبـژێردرا. نـاوبراو پێـی وابـوو دەتوانرێـت بـە پاراسـتنی خـاوەن زەویـە بچـووکەکان کێشەکانی ڕۆم چارەسەر بکرێت و چەند پێوەرێکیشی بۆ لغاوکردنی (لاتیفونـدیا) (Lati Fundia) ەکان خستە بەردەست. هەر بە زویی لە لایەن شاگردی سیناتۆرەکانەوە کوژرا و دە سـاڵ دوواتـر برایـەکی لـەخۆی بچـووکتر بـە نـاوی (گـایوس گراکـوس) (Gaius Gracchus) هـەوڵێکی هاوشـێوەی لـە هـەمان بـواری چاکسـازی (ڕیفـرۆم)دا دا، بـەڵام بەهەمان چارەنووسی براکەی گەیەنرا. کوشتنی ئەم دوو برایە سەرەتای دەست پێکردنـی ڕاپەڕینێك بوو کە بۆ ماوەی زیاتر لە سەدەیەك بەشێوەیەکی پچڕپچڕ تولیکێشا. شەڕەکە لـە نێـوان دەسـتەو تاقمەکانـدا کـە هـەرگیز یـەك نەدەکـەوتن لـەکاتی دەنگدانـدا لـە شەقامەکانی ڕۆمدا ڕوویدەدا.

ئەو پارتە نوێیەی کە دژی (سیناتۆرەکان) پیك هێنرا، پیی دەووترا: (پارتی گەل) (Popular Party) ، ئەم پارتە ڕێڕەوێکی باشی پیشانی هـەر سیاسـەت مـەدارێك دا کـە بیـەوێ بـەردەوام بێـت، وە سـەرکردەکانی پارتەکـە بـە هـەمان ئەنـدازەی (سـیناتۆرەکان) بێویـژدان بـوون. یـەکێکی تـر لـە سـەرکردە بەراییـەکانی دۆزی (پـارتی گـەل) (مـاریوس) (Marius) بوو، کە ژەنراڵێکی پلیبی تەماحکار بـوو. (مـاریوس) یەکـەم ژەنـراڵ بـوو کـە ناوی خەڵکی بێکارە و دانەمەزراوی لە ڕیزی لەشکرەکەیدا نووسی و بەڵێنی پێدانی دیاری باشی لە دەستکەوتەکانی شەڕ پێدان. بـەم شێوەیە سامانی سـەربازەکانی بەسـترابوو بـە سەرکەوتنی ژەنراڵەکانیانەوە لە شەڕەکاندا و سەربازەکانیش زیاتر بـۆ خـودی ژەنراڵـەکان بە ئەمەك بوون، تاوەکو دەوڵەت. ئەمەش کەشوهەوایەکی تۆقێنـەری لـە شـەڕی نـاوخۆدا دروستکرد. بە پاڵپشتی لەشکرە تایبەتییەکەی (ماریوس) شەش ساڵی یەك لە دووای یـەك لە نێوان (١٠٦ - ١٠٠ پ.ز) دا وەکو قونسوڵ هەڵبژێردرا. لەو کاتەدا کە (مـاریوس) بـە نـاوی خەڵکەوە سووکایەتی بـە دەسـتووری ڕۆم دەکـرد، (ئەنجوومـەنی پـیران) ڕکەبـەرێکی تـری بێوژدانییـان بـەناوی (سـۆلا) (Sulla) ەوە بـۆ پەیـداکرد. (سـۆلا) لـە (٨٨ پ.ز) دا لەگـەڵ لەشکرێکی بەکرێگیراودا هاتە ڕۆمەوەو یاسای سەربازی ڕاگەیاند و هەزارانی لە لایەنگرانی

(ماریوس) ی بە مەرگ گەیاند. لە (٨٢ پ.ز) دا هەموو ڕواڵەتێکی یاسایی شکاند و ئەنجوومەنی پیرانیش بە (دیکتاتۆر) ناوزەدیانکرد.

لە نێوان (٧٥) بۆ (٥٠) ی پێش زایین دا چوار کەسایەتی بەهێز توانیان بەناو ئەو هەموو ئاڵۆزیەدا بۆ لوتکەی ناوبانگ سەرکەون. یەکەمیان (پۆمپی) (Pompey) بوو، کە هاتە ڕۆم بۆ خزمەت (سۆلا) تەمەنی تەنها حەڤدە ساڵ بوو. باوکی (پۆمپی) کێڵگەیەکی فراوانی لە باشوور هەبوو، کاتێك ئەم کوڕە بە لەشکرێکی گەورە و بڕێکی باشی پارەوە هاتە ڕۆم، (سۆلا) یەکسەر کردیە ژەنراڵ. (پۆمپی) کەسێکی وا زیرەك نەبوو کە لە سیاسەت تێبگات، بەڵام ژەنراڵێکی لێهاتوو بوو. بۆ ماوەی ساڵانێکی زۆر دوای مردنی (سۆلا) ناوبراو بە پاڵپشتی پارتی سیناتۆری لە ڕۆم دا نزیکترین کەس بوو لە دەسەڵاتەوە. لایەنگری (پۆمپی)، (کراسوس) (Crassus) بوو. (کراسوس) برادەرێکی کۆنی (سۆلا) بوو، ناوبراو سەروەت و سامانی ئەو کەسانەی دەکڕی کە (سۆلا) دەیکوشتن، وە پاشان بە سوود دەیفرۆشتنەوە. بانگشەی بۆ دەسەڵات تەنها لەوەوە بوو کە کەسێکی دەوڵەمەندو سەراپا گەندەڵ بوو.

سێیەم کەسایەتی ئەو ماوەیە (سسیرۆ) (cicero) بوو. ئەم کابرایە (پلێب) بوو لە هەرێمەکانەوە هاتبوو ڕۆم و یاسای خوێندبوو، بەشداری کاری سیاسی کرد بوو، وە لە ڕێی پلەی سەربازییەوە بوو بە سیناتۆرێکی پێشەوا، بەڵام ناسراوییەکەی زیاتر دەگەڕایەوە بۆ ویژدانە پاکەکەی. هەرچەندە گەندەڵی دادگاکانی تەنی بوو، بەڵام (سسیرۆ) بە دەگمەن کێشەیەکی دادگایی دەدۆڕاند. بەڵگەو بەرپەرچدانەوە ڕەوان و یەك لە دووای یەکەکانی بە بیرێکی وا تیژ پێکەوە بەسترا بوون، تا وەکو ئێستاش وەکو پێشەنگێکی پەخشانی لاتین دەخوێندرێت. (سسیرۆ) ئەندامی هیچ یەك لە پارتەکان نەبوو، بەڵام بێ پشوو هەوڵی دەدا کاریگەرییەکی ناوەندی دروست بکات... بۆ ئەوەی دەستووری کۆماری بپارێزێت.

# قــەیســــــــــــەر Caesar

ســەرنج ڕاکێشــترین کەسـایەتی مـاوەی فـەرمانڕەوایی کۆمـاری ڕۆم، (جولیوســی قەیسـەر)[٣٠] (Julius Caesar) بـوو. نـاوبراو مرۆڤێکـی بـەتواناو لێهـاتوو بـوو، بـەڵام چاکسازی (reformer) خوازێکی تەماحکار بوو. تـا (٦٧ پ.ز) کـە تەمـەنی گەیشـتە (٣٣) ساڵ نەهاتە ناو سیاستەوە. ناوبانگی وەکو کەسێکی گاڵتەچی و ڕووخۆش و بوونی هەستی دۆســتایەتی و وەفــا دارییــە کاریگەرەکــەی لــە نێــو چــینی خــوارەوەدا لــە ڕادەبــەدەر خۆشەویستی کردبوو. لە سەرەتادا (قەیسەر) لە ڕووی ڕامیارییەوە ئەوەندە بەهێز نـەبوو کـە ڕکەبـەری (پـۆمپی) بکـات، لەبـەر ئەمـە پەیوەنـدی پێـوەکرد. کاتێـك لـە (٦٠ پ.ز) دا (قەیسەر) بە شیوێن بە دەست هێنـانی قونسولێیتەوە بـوو، (پـۆمپی) و (کراسـەس) ڕازی بوون پاڵپشتی بکەن، ئەگەربێتوو لە (تروڤیرەیت) (Triumvirate) ((فەرمانڕوایی سێ کەسی)) نهێنیدا پەیوەندییان پێوە بکات، کە بەشێوەیەکی نایاسایی لە پشت شانۆوە کاریان دەکرد بۆ دەستبەسەرا گرتنی ڕۆم. (سسیرۆ)ش بانگەشت کرا، بەڵام لەبەر سەر ڕاسـتی بـۆ دەسەڵات ڕەتی کردەوە، کەچی (قەیسـەر) زۆر بـە پەرۆشـەوە قـەبوڵی کـر دو دوابـەدووای ئەوەش هەڵبژێردرا.

پاش ساڵێك بوونی بـە قونسـوڵ، (قەیسـەر) وەکـو (پـرۆقونسـوڵ) (proconsul) ڕۆیشتە (سیسالپاین گۆڵ) (Cisalpine Gaul) ((باکووری ئیتالیا)). پیلانیشی ئەوەبوو، کـە ئـەم هەرێمـە وەکـو مەڵبەنـدێك بـەکاربێنێت بـۆ داگیرکردنـی ئـەو (گۆڵ)انـەی کـە بـە سـەربەخۆی، لـەو شـوێنەی کـە ئێسـتە پێـی دەووتـرێ: (فەرنسـا) دەژیـان. وڵاتگیریەکـەی بەشێوەیەکی بەرچاوسەرکەوتنی بەدەست هێنا و لە (٤٩ پ.ز) دا ئامادەی گەڕانەوە بوو بۆ ڕۆم و لەسەر دەسەڵات لابردنی (پۆمپی) و پارتی سیناتۆری.

خۆشەویستی (قەیسەر)، بەتایبەت لەنێو سەربازەکانیدا... بێ سنوور بوو. ناوبـراو بـەلای ســەربازەکانییەوە ژەنراڵێکـی ســەرکەوتوو و زیــرەك بــوو لــە گۆڕەپــانی شــەردا وەکەسـێکی ڕووخـۆش و ، تەنانــەت کـە لـە دەوری ئاگردانـەکانی کەمپـە سـەبازییەکاندا دادەنیشت، سوعبەتچی و سەرسەری بوو. (قەیسەر) ئەیزانی کە ئەتوانێ پشت بە سەربازە وەفادارەکانی ببەستێیت، بۆیە بەلایـەوە گـرنگ نـەبوو چـی دەکـرد. هەرکـە هێزەکـەی لـە

---

(٣٠) شانۆی (جولیەسی قەیسەر) ی شکسپیریش بیرۆکەکەی لە ژیانی ئەمەوە وەرگیراوە.

(گۆڵ)ەوە لە باشوور کەوتەڕێ ، شارە ئیتالییەکان بە دوور لە هەر بەربەریکارییەك، زۆر بە پەرۆشەوە پێشوازییان لێکرد. چیدی (قەیسەر) تەنها ژەنراڵێکی ڕامیاری نەبوو، کە لەپێناوی خەڵکی چەوساوەدا بەرەنگاری فۆرخکارییەکانی سیناتۆرەکان ببێتەوە، بەڵکو لە سەرتاسەری ئیمپراتۆرییەتەکەدا (قەیسەر) بوو بە هێمای هیوا بۆ ڕزگار بوون لە هەموو ئەو ناحەزیانەی کە لە دەسەڵاتی ڕۆمدا هەبوون.

هەرکە (قەیسەر) لە (٤٩ پ.ز) دا هاتە ڕۆم، (پۆمپی) و سیناتۆرەکان هەڵهاتن بۆ باشووری ئیتالیا و پاشان بۆ گریك. لەوێش لە شەڕی یەکلاکەرەوەی (فارسالوس) (Pharsalus) دا لە (٤٨ پ.ز) دا لەلایەن (قەیسەر)ەوە بەتەواوەتی تێکشکێنران. (پۆمپی) بەرەو میسر هەڵهات، بەڵام لەگەڵ گەیشتنیدا کوژرا. (قەیسەر) شوێن (پۆمپی) کەوت بۆ میسر ، بەڵام بە گەیشتنی خۆی لە نێو شەڕی ناوخۆی نێوان لایەنگرانی (پەتلیمۆس) (Ptolemy) شای هەرزەکاری تەمەن چواردەساڵ و (کیلۆ پاترا) (Cleopatra) ی تەمەن بیست ساڵی خوشکیا بینیەوە. لە ڕێگەی ڕێککەوتنێکەوە کە سروشتی ڕێککەوتنەکەی تا ئێستاش ڕوون نییە، (کیلۆ پاترا) وەکو شاژنی میسر دانرا و میسریش بوو بە ژێر دەستەیەکی پارێزرا و لەلایەن ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمەوە.

لە (٤٦ پ.ز) دا ، دوای ماوەیەکی زۆری نا پێویستی مانەوەی لە میسر، (قەیسەر) گەڕایەوە ڕۆم و گەورەترین نمایشی سەربازی سەرکەوتنی پیشاندا، تاوەکو ئەوکاتە شارەکە شتی وای بەخۆیەوە نەبینی بوو. نمایشەکە دوای چوار ڕۆژ کۆتایی پێهات. شاژنی میسر لەگەڵ شا داگیرکراوەکانی تر بە زنجیر کراوی بە شەقامەکاندا نەبرا، بەڵکو لە دوای عەرەبانەکەی خودی قەیسەرەوە سەرکەوتبوو. لە ماوەی دوو ساڵی دواتر (قەیسەر) هەوڵیدا خۆی بکاتە فەرمانڕەوایەکی ڕەها، نەك هەر لە ڕۆمدا بەڵکو لە لە هەموو ئیمپراتۆریەتەکەدا.دەسەڵاتی کۆماری ڕێگەی بە کۆمەڵێکی بچوکدا سەر حسابی هەموو خەڵکی ناوچەکانی دەریای ناوەڕاست پەرە بسێنن. تەنها پاشایەك ئەیتوانی بە یەکسانی فەرمانڕەوایی هەموو هاوڵاتیانی ئیمپراتۆریەتێکی وا گەورە بکات. سەرەڕای خۆشەویستی لەلایەن خەڵکەوە، (قەیسەر) دەیزانی کە ڕۆمەکان ڕێگەی نادەن ببێتە پاشا. هەموو ئەو دەسەڵاتەی کە وەریگرتبوو بەشێوەیەکی ڕواڵەتی بوو، تەنها کاتێك دەسەڵاتی ڕەها دەبوو ، ئەگەر بهاتایە هەموو ئەو دەستوورانەیان پێکەوە بۆ زیاد بکردایە. لە کاتێکدا زۆربەی دەسەڵاتی (قەیسەر) بە تەواوەتی سایکۆلۆژی بوو، لیستێك لە دەسەڵاتەکانی تەنها لە چەند ڕوویەکەوە پێگەی پێناسە کرد بوو. ناوبراو سوپایەکی بێشوومار و بە وەفای هەبوو. لەو لاشەوە دەستی بەسەر میسردا گرتبوو بۆ خۆی. میسریش پاڵپشتییەکی

بێسنووری پارە و دانەوێڵەی بۆ دابین دەکرد. بۆ دەزگاکانی سیناتۆرو قونسوڵ و پارێزری گەل و چاودێر (Censor) و (Pontifex maximus) (پۆنتفێکس ماگزیمەس)یش هەڵبژێردار. وەکو چاودێر (Censor) ، (٩٠٠) کەسی دیاری کرد بەناوی (Pro-Caesar senate) و خۆیشی پێی وابوو گوێلەمستین. (ئەنجوومەنی پیران) دەنگیان پێدا بۆ ئەوەی ببێتە (برۆقونسول) و ئەمەش دەسەڵاتی کۆنترۆڵ کردنی هەموو هەرێمەکانی پێدەبەخشێ. پاشان نازناوی (imperator)، سەرکردەی بەرزی سوپای پێ بەخشرا. خەڵکی شەیدای بوون، بۆیە بەناو نەبێ بە هەموو واتایەك (قەیسەر) پاشا بوو.

خاڵی لاوازی (قەیسەر) خۆشەویستی خەڵکی و باوەڕ بەخۆی بوونی بوو. هەندێك ئەندامی جیاجیای کۆنی چینی سیناتۆری، کە زۆربەیان هاوڕێی کۆنی (قەیسەر) بوون، گەڕانەوە ڕۆم و ناوبراو پێشوازی لێکردن و تەنانەت ڕێگەی پێدان پێگەی خۆیان لە (ئەنجوومەنی پیران) دا وەرگرنەوە. لە نێو ئەم کۆمەڵانەدا پیلانێك ڕێکخرا بۆ کوشتنی (قەیسەر) و گێڕانەوەی کۆماری ڕۆم بۆ باری پێشووی.

پێشەواکەیان (برۆتۆس) (Brutus) ی هاوڕێی نزیکی قەیسەر (نابراو کوڕی کۆنە دۆستێکی قەیسەر بوو) و (کاسیوس) (Cassius) ی زڕ برای (برۆتۆس) بوو کە ڕقی شەخسی بەرامبەر (قەیسەر) لە دڵدا بوو. لە (١٥) ی مارسی (٤٤ پ.ز) دا (قەیسەر) لەوە دابوو لەگەڵ (ئەنجوومەنی پیران) دا بدوێ، پیلانگێڕەکان دەوریان لێدا و بە خەنجەر کوشتیان. وەکو پەندێکی ڕۆژگار (قەیسەر) کە لێیاندا لە بەرپێی پەیکەرێکی (پۆمپی) دا کەوت.

# بەنـــــــدی نۆیـــــــەم

## ئیمپراتۆرییەتـــــــــی ڕۆم The Roman Empire

قەیسەر مرد، بـەڵام قەیسـەرخوازی مایـەوە. غەفلگۆژییەکـەی قەیسـەر نـەیتوانی کۆمار بگەڕێنێتەوە بۆ باری پێشووی کە بۆ ماوەی سەدەیەك بوو لە ناو چـووبوو. خـەڵکی چارەسەرەکەی (قەیسەر) یان قەبوڵکردبوو، هەر لەبەر ئەمەش گۆڕەپان کراوە بوو بۆ هەر کەسێك کە قەناعەت بە جەماوەر بکات کە جێنشینی (قەیسەر) ە. بە قسەکانی کە لەسەر جەستەی خوێناوی (قەیسەر) کردی، (مارك ئـانتۆنی) (Mark Antony) یەکـەم کـەس بوو کـە ئـەم هەوڵـەی دا. (برۆتـۆس) (Brutus) و (کاسـیوس) وەکـو (برۆقونسـول) ێکـی دەستووری نێردرابوون بۆ رۆژهەڵات و لەوێش لەشکرێکیان بـۆ ڕکەبـەریکردنی (ئـانتۆنی) کۆ کردەوە. ئێستە کە (قەیسەر) مردووە، (سسیرۆ) ی تینوی گەڕانەوە بۆ سیاسەت، لە ڕۆم دا بــە زنجیرەیــەك ووتــاری توندوتیــژ دژی (ئــانتۆنی) لــە (ئەنجوومــەنی پــیران) دا لــە مەسەلەکەدا تێهەڵچوو.

هەر زوو دوای کوشتنی (قەیسەر) لاوێکی ڕەقەڵەی لاوازی تەمەن هەژدە سـاڵ بـە ناوی (ئۆکتاڤیان) (Octavian) هاتە پایتەخت و ئەم لاوە خوشکەزا گـەورە و میراتگـری یاسـایی (قەیســەر) بــوو، بــە شــتیوانی بــەهێزی (سســیرۆ)، دژی (ئــانتۆنی) خــۆی وەکــو جێنشینی (قەیسەر) بـە خـەڵکی ناسـاندو دووبـارە ڕۆم خـۆی لـە قـەراغی شـەڕی نـاوخۆدا بینییەوە. هەردوو هەلپەرستی زیرەك (ئۆکتاڤیان) و (ئانتۆنی) لە(٤٣ پ.ز) دا، ڕێك پـێش بەرپار بوونی جەنگ، ڕێککەوتن. لەگەڵ ئەفسـەرێکی پلەیـەکی ناسـراوی (قەیسـەر) دا بـە نــاوی (لێپیــدەس) (Lepidus) دووەم فــەرمانڕەوای ســێ کەســی (ترومڤیرەیس)،یــا دیکتاتۆری سێ کەسی، یان پێك هێنا. (ئەنجوومەنی پیران) کـە هێشـتا لـە دامـەزرێنراوانی (قەیسـەر) پێـك هـاتبوون، بـە خۆشـحاڵییەوە بـۆ مـاوەی پێـنج سـاڵ دەسـەڵاتی ڕەهایـان پێبەخشین (دواتریش بۆ ماوەی دە ساڵ).

## دووەم (ترومڤیرەیت) فەرمــانڕەوایـــی سێ کەسی:-
## The Second Triumuirate:-

فەرمانڕەوایی سێ کەسی نوێ هەڵەکەی (قەیسەر) ی دووبارە نەکردەوە. نەڕۆشت لێخۆشبوونی گشتی بۆ دووژمنە سیاسییەکانی دەربکات، بـەڵکو یەکسـەر دەسـتی کـرد بـە دەمکوکتردنی ئۆپۆسزسیۆنە سیناتۆرییەکان لە سـەرتادا لـە ڕۆم و پاشـان لـە هەرێمـەکانی تردا. سەراپا دووژمنە بەهێزەکانی لە دوای سەردەمی (سۆلا) بەولاوەیان بـە پاکسازییەکی زۆر ورد کوشت. (سسیرۆ) لە سەروی لیستی ناوی نەیارەکانیانەوە بوو کـە دوژمنـی کەسـی (شەخص) و سیاسی خودی (ئانتۆنی) بوو. دوواتر دەستەکە لە شکرەکەی قەیسەریان بردە گریـك و لـەوێش لـە جـەنگی (فیلپـی) (Philippi) لـە (٤٢ پ.ز) دا بەسـەر (برۆتـۆس) و (کرایـوس) دا سـەرکەوتن. ئـەم دوو پیـاوە هێشتا باوەڕیـان وابـوو کـە لـە پێنـاو پاراسـتنی کۆمارەکەدا جەنگاون، بۆیە پاشان خۆیان کوشت.

(ترومڤیرەیت) ی یەکەم ئەوەی سەلماندبوو کـە ڕۆم بەئەنـدازەی پێویسـت گـەورە نییـە تـاوەکو سـێ دیکتـاتۆر فـەرمانڕەوایی بکـات. بۆیـە ئـەمان هەسـتان بـە دابەشـکردنی ئیمپراتۆرییەتەکـــە: (لێپیـــدەس) (Lepidus) ئـــەفریقیای و (ئۆکتاڤیـــان) ئیتالیـــاو هەرێمــەکانی ڕۆژئــاوا وە هــەروەها (ئــانتۆنی) نــیش ناوچــەی خۆرهــەلاتی هیلینســتی بەرکەوت. (لێپیدەس) زیرەکانە خۆی کێشایەوەو خۆی دایەلا. پشکی (ئانتۆنی) یش لە هی (ئۆکتاڤیان) باشتر بوو، بەلام ڕۆم بەهۆی داب و نەریەتە کۆمارییەکەیەوە و بونی هەستی یاخیگەرییــەوە بــوو بــووە شــوێنێکی نــا ئــارام بــۆ دیکتاتۆرییــەت، ئەمــە لــە کاتێکــدا خۆرهەلاتیشی کلیکی ئیمپراتۆریەتەکـە بـوو. بازرگـانی هیلینسـتی سەرچـاوەیەکی باشـی دارایی بو وە هەروەها داب و نەریتی فـەرمانڕەوایی خواوەنـدی خۆرهـەلاتی ئاسـانتر کـرد بوو، بۆ ئەوەی بتوانرێت وەکو پاشایەك فەرمانڕەوایی تێدا بکرێت.

لە (٤١ پ.ز) دا، (ئانتۆنی) بەبۆنەی ئەو سەرکەوتنەیەوە کە بە دەستی هێنـا بـوو بەرەو میسر (ڕۆم) ی بەجێهێشت ، بەلام شاژنی میسر چاوەڕێی نەکرد تاوەکو ئـەم بگـات. (کیلۆپاتـرا) یەکسەر بە کەشتییەکی دووبەوە بۆ پێشوازی گەورەکـەی ڕۆیشـتە (تارسـوس) (Tarsus). دوای چاوپێکەوتنێکی کوورت، (ئانتۆنی) زۆر بەدەستەودامانی عاشقی بوو وە

میسریش دووباره بوویەوە خانمی خۆرهەڵات. (ئانتۆنی) بەشوێن (کیلۆپاترا) دا هاتە (ئەسکەندەریە) و لەوێش ئەم دوو عاشقە کۆشکێکی شاهانەی نایابیانی بەپێوەنا.

(ئۆکتاڤیان) لەوە تێگەیشتبوو گە دەبێ هەر شەڕی (ئانتۆنی) بکات و (ئانتۆنی) یش جەنگاوەرێکی باش نەبوو. لە شکرەکەی لە لایەن (ئەگریپا)ی هاوڕێی نزیک و بەوەفایەوە فارماندەیی دەکرا. لە کۆتاییدا لەشکری (ئۆکتاڤیان) و (ئانتۆنی) لە جەنگێکی دەریاییدا لە (٣١ پ.ز) دا لە ( ئاکتیوم) (Actium) (دووباره لە گریك) ڕووبەڕووی یەك وەستانەوەو لێرەش دا سوپای (ئۆکتاڤیان) سەلماندی کە بەهێزترە. لە کاتی جەنگەکەدا (ئانتۆنی) و (کیلۆپاترا) هەڵهاتن و ملی ڕێیانگرت بەرەو میسر، (ئانتۆنی) بۆ ئەوەی خۆی بکوژێت و (کیلۆپاترا) ش بۆ ئەوەی خۆی بۆ وڵاتگیرێکی تری ڕۆمی ئەمادە بکات. (ئۆکتاڤیان) بەخێرایی بەرەو میسر شوێنیان کەوت، بەڵام ناوبراو سوکایەتی بەم شاژنە دڵڕفێنە کرد. (کیلۆپاترا) ش لە جیاتی ئەوەی بهێڵێت بە کەلەپچەکراوی ببرێتەوە بۆ ڕۆم، کوڵە مارێکی ژەهراوی دابە سەرسنگی خۆیەوە و خۆی کوشت.

# ئۆکتـاڤیـــــــــان (ئۆکتاڤیوس) Octavian

له ئێستادا (ئکتاڤیان) خۆی بوو به بکوژو بڕ. به گەڕانەوەی بۆ ڕۆم له (٢٧ پ.ز) دا پیاچـوونەوە و چاکسـازییەکی لـه دەسـتووری ڕۆم دا کـرد، بەشـێوەیەك کـه لـه ئاسـت پێویستییەکانی ئیمپراتۆریـیـەتێکی مەزنـدا بێت. نـاوبراو هەرچـەنده لەلاویـدا مرۆڤێـکی پیلانگێـڕی دەڵـڕەق بـوو، بـەڵام لـه کـاتی پێگەیشـتوویدا وەکـو یـەکێك لـه بلیمـەترین سیاسییەکانی مێژوو دەرکەوت. زانی که فـەمانڕەوایی کردنـی تاکه کەسـی لەگـەڵ بـوونی دەسەڵاتێکی ڕەهادا، تەنها ڕێگەیه بۆ فەرمانڕەوایی کردنی ئیمپراتۆرییەتێکی فراوانی فره کەلتوور که بۆ هەمووان گونجاو بێت. سەرەڕای ئـەوەی بنچینەی دەسـەڵاتەکەی ڕۆم بـوو، بـه باشـی دەیزانـی کـه خـەڵکی ڕۆم بەتـەواوەتی لـه داب و نـەریتی کۆمارییـدا ڕۆچـوون و هـەرگیز ڕێگـەی نـادەن دەسـتوورەکەیان بـه پاشـایەتی ئـاڵوگۆڕ بکـات. ڕێگـا چـارەکەی (ئۆکتاڤیان)یش لەوەی (قەیسەر) ەوە وەرگیرابوو، هێشتا بچینەکەی له سەر خۆشەویسـتی (قەیسەر) بەپێوەنرا بوو، ئەمەش تـەنها بـەناو نـەبێت بـه هـەموو واتایـەك کردبـووی بـه پاشـا. بـەم شـێوەیه وای لـه هاوڵاتییـانی ڕۆم کـرد کـه باوەڕیـان وابـێ هێشـتا کۆمارەکـەیان چالاکه. بەم پێیەش (ئۆکتاڤیەس) ناوی خـۆی نـا (پرنسـیپەس) (Princeps) ((هـاوڵاتی یەکەم)). دەستووری ڕۆمی کەوتـەوه گـەڕ. (ئەنجوومـەنی پیران) کۆدەبوونـەوە و دەنگیـان دەدا. هەرچەنده (ئۆکتاڤیان) وەکو (چاودێر) (Censor) یێك سیناتۆرەکانی دیاری دەکرد، هێشتا (ئەنجومەنی پیران) (senate) و (یەکێتی) (Assemly) تـەنها بـۆ ڕۆم و ئیتالیـا سنووردارکرابوو، وه دەسەڵاتی ڕۆمیش تەنها فەرمانڕەوایی هاوڵاتیانی خۆی دەکرد.

بەشـــەکانی تـــری ئیمپراتۆرییەتەکـــه ڕاســـتەوخۆ دەهاتنـــه ژێـــر دەســـەڵاتی (ئۆکتاڤیـان)ەوە و ئـەمیش هـەر بەهـەمان شـێوەی (قەیسـەر) وەکـو (پرۆقونسـوڵ)ێك دەســەڵاتی (نیمچـه دەســتووری) (quasi – constitutional) بـەکاردەهێنا. ئـەم ڕێکخستنه ڕێگەی به هەرێمەکاندا که ببنه دەسەڵاتێکی تـەواو سـەربەخۆی ژێـر کارگێڕی ئیمپراتۆرییەتی ڕۆم. پەرەسەندنێکی سروشتی گەڕێنرایەوە بۆ ڕۆژهەڵات بەشێوەیەك که دەرامەتێکی زیاتری لەمشتدا بوو بـۆ بەڕێوەبەرایـەتی ڕۆم. دەرامـەتێك کـه زیـاتر بـوو لـه باجدانه وێرانکەرەکەی سەدەی پێشوو.

میسر نەخرایە سەر ئیمپراتۆرییەتی ڕۆم، بەڵکو وەکو سامانێکی تایبەتی (پرنسیەس) مایەوە. ئەم کەش و هەوایە ڕێگەی بۆ (ئۆکتاڤیان) خۆشکرد لە خۆرهەڵاتدا وەکو خواوەندێك خۆی بناسێت، هەرچەندە لە ڕۆمدا نەیدەتوانی ئەمە بکات و هەر هەمان کەش وهەوا ڕێگەی بۆ خۆشکرد کە دەست بەسەر پشتگیری دانەوێڵەی ڕۆمدا بگرێت و ئەم ئابووریە دەستبەسەرا گیراوەشی وەکو خەشندەییەکی خۆی دەبەخشیە هاوڵاتیانی ڕۆمی. بۆ بە لووتکە گەیاندنی ئابوورییەکەی و دەسەڵاتە دەستوورییەکانی (ئۆکتاڤیان) ڕێگەی بە (ئەنجوومەنی پران) دا کە دوو نازناوی پێبەخشن. یەکەمیان (ئۆگەستەس) (Augustus) بوو، کە واتاکەی نزیکەی هەمان واتا ئینگلیزییەکەیەتی (august) (پایە بەرز) . مێژوونووسان بەگشتی بە (ئۆگەستەس) ناوی دەبەن، هەرچەندە لە سەردەمی خۆیدا وەکو (ئۆکتاڤیان) یاخود لە ناو جەماوەردا بە (قەیسەر) ناسرابوو. نازناوی دووەمیش (imperator) (سەرکردەی هەرە بەرز) ، یان فەرماندە، بوو کە لە دوای خۆی بوو بە نازناوێك و لەلایەن زۆربەی جێنشینەکانییەوە بەکار هێنرا و وایلێهات کە مانای (ئیمپراتۆر) (emperator) ببەخشێ.

دەسەڵاتە (پرۆقونسولەکان) ی (ئۆگەستەس) کۆنترۆڵی تایبەتی خۆی بەسەر لەشکردا پێبەشخی. لەشکرە هەرێمییەکانی گۆڕی بۆ لەشکرێکی یەك پارچەی ئیمپراتۆرییەتی ڕۆم کە لێپرسراوی فەرمانەکانی (پرنسیپەس) بوون و لەلایەن (ئەگریپا) (Agrippa) وە فەرماندەیی دەکران. بێ پشوو بەربەرییەکانی هێشتا لە باکوورەوە مەترس بوون و دوای تێکشکانێکی بەدئاکامی لەشکرێکی ڕۆمیش لەلایەن ئاڵمانیەکانەوە لە (۹ پ.ز) دا ، بڕیاریدا هەردوو ڕووباری (ڕاین) (Rhine) و (دانوب) (Danube) بکاتە سنوورێکی دەرەکی ئیمپراتۆرەکەی و چیدی لەو دیویانەوە قەڵەمڕەوی فراوان نەکات. ئیمپراتۆرییەتی ڕۆم نزیکەی هەموو ناوچە شارستانییەکانی کەناراوی دەریای ناوەڕاستی کۆنترۆڵکرد، هەرچەندە (میزۆپۆتامیا) و (فارس) بەشێوەیەکی جیا و وەکو (ئیمپراتۆریەتی پارسا) (Parthian Empire) لەسەر دەسەڵاتی خۆی لەلای باکووری ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمەوە بەردەوام بوو.

## چـــــــەرخی زێڕینـــــی ڕۆم Rome's Golden Age

دوای سـەد سـاڵێك لـە ئـاژاوە و جـەنگ، چارەسـەرەکەی (ئۆگەسـتەس) ئـارامی و شکۆمەندی بۆ جیهانی ناوچەکانی دەریای ناوەڕاست هێنایەوە و بۆ زیاتر لە دوو سەد ساڵ بـەردەوام بـوو. (ئۆگەسـتەس) خـۆی کەسـێکی هـێمن و لەسـەرخۆ بـوو، لەگـەڵ (لڤیـا) (Livia)ی خێزانیدا لە خانوویەکی بچکۆلانەدا وەکو هاولاتییـەکی سادەی ڕۆمـی دەژیـا. وەکو کەسێکی (ڕەواقی – کەپری) (Stoic)[٣١] هەژمار دەکرێت و ڕقی لـە کـەش و فـش و بەد مەسرەفی، یـاخود بـێ ڕەوشـتی بـوو. هـەر لەبـەر ئـەم هۆیـەش بـوو کـە (پرنیپـەس) برادەری گیانی بەگیانی کەمی هەبوو لە نێوان چینی سـەرەوەدا. هەرچۆنێك بێـت نـابراو بە هەبوونی دوو برادەری گیانی بەگیانی خۆش بەخت بوو، کە بەبێ هیچ لوت بەرزییەك خۆیانیان بـۆ خزمـەتکردنی تـەرخانکردبوو. سیسـتەمەکەی نەیـدەتوانی سـەرکەوتووبایە، ئەگـەر (ئـەگریپا) نەبوایـە. نـاوبراو وەك دەردەکـەوێ.. هـیچ مـەرامێکی دیـاریکراوی لـە خزمـــەتکردنی (ئۆگەســـتەس) دا نـــەبووە و برادەرەکـــەی تریشـــی (ماســـیناس) (Maecenas)بوو.

(ماسـیناس) ی دەوڵەمەنـد و پشـتیوانی ئـەدەب و هونـەر لـە سـەر گیرفـانی خـۆی یەکێتییـەکی لـە گروپێـك نووسـەری بـە توانـاو دیـاری ڕۆم دروسـتکرد، بەتایبـەتی بـۆ مەبەستی دروستکردنی ڕۆشنبیرییەك بۆ بـەرزڕاگرتنی ئیمپراتـۆری نـوێی (ئۆگەسـتەس). پێش (ئۆگەستەس) ڕۆم شتێکی کەمی، کە شایەنی باسکردن بێـت، لـە ئـەدەب دا بەرهـەم هێنا. زمانی گریك زمانی کەلتوور بوو، ژمارەیەکی کـەم نووسـەر بـەلاتینی نووسـیبوویان. ووتە بڵاوکراوەکانی (سسیرۆ) بەشێوەیەکی وا نایـاب و ڕەوانبێژییـەکی وا سـەرنج ڕاکێش نووسرا بوو، یارمەتی باو بوونی زمانی لاتینی وەکو زمانێکی ئەدەبی دا.

(کاتەلوس) (Catullus) (٨٤ – ٥٤ پ.ز) یەکێك لە برادەرانی (قەیسەر) بـوو لـە سەردەمی (ترومڤیرەسی یەکەم) دا پێشڕەوی خولێکی بچووکی ئەدەبی کرد. لە سـەردەمی هەڵوهـەرزەیی گـەنجێتی دا ، ناوبراو،پەیوەندییـەکی خۆشەویسـتی دوورو درێـژی لەگـەڵ

(٣١)(Stoic) پەیڕەوی فەلسەفەیەکی یونانی کۆنە کە دەڵێ: (ڕووداوەکانی ژیان هەمووی لەسەر ویستی خوایەو دەبێ مرۆڤ بەجەرگانە شانی بداتە بەر، بەبێ ئەوەی خۆشی و ناخۆشی کاری تێبکات.

ناســـراوترین جـــوانی ڕۆم (کلۆدیـــا) (Clodia) دا هــــەبوو، دوای ئـــەوەی (کلۆدیـــا) بەجێیهێشت، هەموو ژیانی تەرخانکرد، بۆ نووسینی هۆنراوەی دڵداری سۆزاوی و دڵتەنگ. هۆنراوەکانی تاوەکو ئەمڕۆیش بەشێوەیەکی هاوسۆزی لەلایەن ئەویندارە جێهێڵراوەکانەوە دەخوێندرێتەوە. (لوکرەیتس) (Lucretius) یش (٩٥ – ٥٥ پ.ز) کابرایەکی (ئیپیکور) (Epicurean)ی بـوو، ئامۆژگارییــەکانی ئـەوە بـوو کـە دەیـووت: زانسـت و زانیـاری خۆشبەختییە و ڕوونیشیکردەوە کە ئیلهامی فەلسەفی یەکسانە بە ئیلهامی شعری. لە کتێبێکـی دا بـە نـاوی (De Rerum Natura) (لـە سـەر سروشـتی شـتەکان) دا ویستوویەتی مـرۆڤ ڕەها بکات لەو ترسانەی کە لەلایـەن شـتی پڕوپـوچ (خورافیـات) و نەزانینەوە دروست بوون.

یەکەمین شاگردی (ماسیناس) گەورە شاعیری لاتین (ڤرجیل) (Virgil) (٧٠ - ١٩ پ.ز) بوو. (ڤرجیـل) یـەکێك لـەو دوایـین جووتیارانـە بـوو کـە زەوییـەکانیان لـە دسـتدا و ڕوویانکردە شار. (ڤرجیل)ی بچووك و شەرمن و هەستیار، هۆنراوەکانی جوانی سروشتیان شکۆدار ڕادەگرت. بەناوبانگترین هۆنراوەی (ئەنیازە ـ ئەنایل) (Aeneid) بوو، کە تیایـدا ویستوویەتی بەووردی داستانێکی هۆمەری بۆ ڕۆم دابنێ. (هۆراس) (Horace)یـش (٦٥ - ٨ پ.ز) جووتیارێکی ڕیفرۆمکراو بوو شێوازە سادەکەی و تامـەزرۆیی ژیـان هۆنـراوەکـانی وایلێکـرد بـوو کـە هـەم گاڵتـە ئـامێزو هـەم ئامۆژگـاری و قسـەی نەسـتەق بێـت. (ئۆڤیـد) (Ovid)[٣٣] (٤٣ پ.ز – ١٧ ز) هەنـدێ ئەفسـانەی بەخـەڵك ئاشـنای نووسـی بـە نـاوی (Metamorphoses) "واتا: شێوە گۆڕین- وەرگێڕ" هەروەها کتێبێکی بچووکی تـریش بـەناوی (هونـەری خۆشەویسـتی) (Art of love)یـەوە نووسـی. نـاوبراو لەلایـەن (ئۆگەستەس) ی هەمیشە دژە خۆشییەوە بۆ سنوورە ناخۆشەکانی دەریای ڕەش شـاربەدەر کرا. (لڤی) (Livy) (٥٩ پ.ز- ١٧ ز) لە سەر داوای (ئۆگەستەس) ئینسایکلۆپیدیای مێژووی ڕۆمی نووسییەوە. بۆ خاتری ئیمپراتۆر ، ناوبراو بەشان و بـاڵی ئـەو چاکانەدا کە ڕەنگە

---

(٣٣) (پەبلیوس ئۆڤیدیوس ناسۆ) ناسراو بە (ئۆڤید) لە (٨ ز) دا (ئوگەستەس) شار بەدەری کرد بۆ (Tomis) (تۆمیس) لە سەر دەریای ڕەش، لەبەر مەسەلەیەکی سیاسی. دواتر (ئۆڤید) دەنووسێ کە تاوانەکەی ((هۆنراوەیەك و هەڵەیەك)) بووەو ڕاشی دەگەیەنێ شایانی لە کوشتن خراپترو بە ئازارتر لە هۆنراوە بووە. ڕەنگە یەکێك لە هۆکارەکانی دەرکردنی کتێبی (هونەری خۆشەویستی) بوو بێ کە تیایدا ئامۆژگری دەکات چۆن ئافرەت هەڵخەڵەتێنی و پێی ڕابوێری. وە هەندێکی تر پێیان وایە: ڕەنگە بەهۆی بوونی پەیوەندییەوە بووبێت لەگەڵ (جولیا) ی کچی (ئۆگەستەس) دا.

ڕۆمە کۆنەکان بووبێتیان، یاخود نا، هەڵیداوە و بەوەش کۆتایی پێهێناوە کە مێژووی جیهان هەر دەبوو جڵەوی بدرێتە دەست ئیمپراتۆرییەتی ئۆگەستی. (لڤی) بەشێوەیەکی وا کارامە مێژوو و ئەفسانەی تێکەڵاو کردووە لەو ساوە تا ئێستا مێژوونووسان لە هەوڵی جیاکردنەوەیاندان.

## The Political Emperors...ئیمــپراتۆره ڕامــیارییەکان (سیاسی)

سیستەمە ڕامیارییە بە وریایی ڕێکخراوەکەی (ئۆگەستەس) پشتی بە تەنها کەسایەتییەکی ئاکار باش بەستبوو. هەروەکو چۆن نەیدەتوانی خۆی وەکو پاشایەك بناسێنێت، هەر واش نەیدەتوانی جێنشینێ لەدوای خۆی دیاری بکات. ئەگەر (ئۆگەستەس) کوڕی هەبوایە، ڕەنگە بەبێ کێشە ببوایەتە جێنشینی، بەڵام لە کاتێکدا تەنها منداڵێکی هەبوو ئەویش (جولیا) ی ئالۆشینی (جنسی) کچی بوو، بۆیە جێنشینی بۆ منالەکانی (لیڤیا) (Livia) ی ژنی پێشووی گوێزرایەوە. کاتێك لە ساڵی (١٤ ز) دا (ئۆگەستەس) مرد، دووای فەرمانڕەوایی نزیکەی (٥٠) ساڵ ، (تبریوس) (Tiberius) ی زڕکوڕی بوو بە ئیمپراتۆر. لە ڕاستیدا ناوبراو هیچ دەورێکی گرنگی لە ناوبانگی (ئۆگەستەس) دا نەبینی و بەکەمی خۆی وەکو (پرنسیپەس) (Princeps) دەنوواند، بەڵام بە ڕوونی خۆی وەکو ئیمپراتۆر هەژماردەکرد و دانی بە ئاسایشی سیستەمەکەدا نا.

(تبریوس) (١٤-٣٧ ز) فەرمانڕەوایەکی لێهاتوو، بەڵام بێ کەسایەتی بوو. بێ هۆ نەبوو، زۆر لە غافڵکوژی دەترسا، بۆیە لە دەرەوەی کۆمەڵگای ڕۆمی دەژیا و پاشان بۆ دوورگەی (کاپری) (Capri) خۆی دوورخستەوە و ئەمەش یەکەم هەنگاوی گۆڕانی ئیمپراتۆر بوو لە بەڕێوەبەری هاوڵاتیانەوە بۆ پاشایەکی دەستپیاڕانەگەیشتوو. جێنشینەکەی (کالیگولا) (Caligula) (٣٧-٤١ ز) ، بە تەواوەتی مرۆڤێکی بێ مێشك بوو. لە سەرەتادا چاوپۆشی لێکرا، چونکە کوڕی (جێرمانیکۆس) (Germanicus) ی برازای زۆر بەناوبانگی (تبریوس) بوو. پاش چوار ساڵ شایەتحاڵی خۆپەرستییە لە ڕادە بەدەرەکەی و خوێنڕشتنە دڕندانەکانی، ڕۆژێك پاسەوانەکانی کۆشك لەملیاندا. لە چوونە ژوورەوەیاندا بۆ کۆشك لە ژوورێکی بچووکدا (کلۆدیوس) (Claudius) ی پیری مامیان بینی هەڵدەلەرزی لە ترسان، بەڵام پاشان کردیانبە ئیمپراتۆر. بەسەر سامی هەمووان و خۆشیی، (کلۆدیوس) (٤١-٥٤ ز) یەکێك لە ئیمپراتۆرە هەرە باشەکانی ڕۆم دەرچوو. پەرەی بە پێویستییە بیرۆکراسییە دامەزراوەکاندا، کە دەهاتنە بەردەستی ئیمپراتۆر.. بۆ دەستگرتن بە کاروباری دەوڵەتەوە. بیرۆکراسی بۆ دەسەڵاتی ئیمپراتۆر زیاد کرا، ئەمەش ڕێگەی بۆ خۆشکرد کە بتوانێت بەشێوەیەکی کاریگەر بوارەکانی داد و بەڕێوەبردنە

ناوچـەییەکانی کـوون و قوشـبنی دەسـەڵاتەکەی بـەڕێوە ببـات. نـاوبراو تـاوەکو بڕیـاری نەدابوو (کوڕەزا) ی "کوڕەزای ڕاستی نییە، چونکە ئۆگەستەس کردوویەتی بە کچی خـۆی – وەرگێـڕ" شـۆخ و شـەنگی (ئـەگریپینا) (Agrippina) (منداڵترەکـەیان) مـارە بکـات، خۆشبەخت بوو. بەڵام کەمارەی کرد، (ئەگریپینا) پێی ووترا بوو کوڕە گەنجەکەی (نـیرۆ) (Nero) ، دەبـێ ببێتـە ئیمپراتـۆر. بۆیـە هـەردووکیان ، (ئـەگرپینا) و (نـیرۆ)، بـۆ پاککردنەوەی ڕێگەکە (کلۆدیوس) و (بریتانیکۆس) (Britannicus) ی کوڕیان کوشت.

سەردەمی دەسەڵاتداری (نیرۆ) (٥٤ - ٦٨ ز) بەو شێوەیە بوو کە دەبوو لـە کـوڕی (ئەگریپینا) چاوەڕێ بکرێت. (نیرۆ) زۆر زیـرەك بـوو، بـەڵام زۆر لغـاوی بـۆ ئارەزووەکـانی شۆڕکرد بوو، وە زۆربـەی کاتـەکانی لـە گـەڕان بـە ئیمپراتۆرەکـەدا و خۆدەرخسـتن لەسـەر شانۆ و ووتنی گۆرانییـە نووسـراوەکانی خۆیـدا خەرجدەکرد. لـە ڕاسـتیدا زۆر چـەپڵە بـۆ لێدانی خـەڵکی لـە کۆبوونـەوە ناچارییەکاندا، وایلێکـرد کـە قەناعـەت بـەخۆی بێنـێ کـە هونەرمەنـدێکی گەورەیـە. (نـیرۆ) هـەرگیز لـەوە تێنەگەیشـت کـە چـاوەڕێ دەرکرێـت فـەرمانڕەوایی جیهـان بکـات، (پێـی وابـوو: دەسـەڵاتەکەی بەشـێکی چێژبەخشـی ژیـانی تایبەتییـەتی). لـە سـەردەمی هەڵچـوونە منداڵاکانیـدا، نـاوبراو زۆر جـار لـە نـزیکترین هـاوەڵانی و لایـەنگرانی خـۆی دەکوشـت، لەوانـەش دایکـی و خۆشەویسـتەکەی (پۆپـەی) (Poppaea) و (پیترۆنیـوس) (Petroinus) ی سـیناتۆرو هـەجوو (سـەتایە) نووسـی هاوڕێی بـوون. لـە ئـاوا بـوونی فەرمانڕەوایەتیەکەیدا ئاگرێك کەوتـەوە زیـاتر لـە نیـوەی ڕۆمی خاپوور کـرد. دەنگۆی ئـەوەی کـە گوایـە (نـیرۆ) خـۆی هەڵیگیرسـاندووە بـەخێرایی هەروەکو پریشك بڵاو بوویەوە.بـە بـەخێرایی خسـتنە ئۆبـاڵی مەسـیحییەکان و دواتـریش دەستەوتاقمێکی بچوکتر لەشـارەکەدا دەنگۆکـەی کپکـردەوە. مەسـیحیەکان(فەڵەکان) ڕق و تووڕەیی (نیرۆ) یان جۆشدا، چونکە باوەڕەکەیان ڕێگەی پێنەئەدان کە ئەو بپەرستن.

## ئیمــپراتۆره ســــەربازییەکان
## The Military Emperors

دەسەڵاتی ئیمپراتۆر هێشتا بەتەواوەتی لەسەر پاڵپشتی سەربازی ئۆقرەی گرتبوو، کاتێك لەشکرە هەرێمییەکان لە دژی (نیرۆ) هەڵگەڕانەوە و لـە سـاڵی (٦٨ز) دا بـەرە و ڕۆم کشان؛ هەرکە (نیرۆ) بینی شکاوە خۆی کوشت. لـە مـاوەی سـاڵی (٦٨-٦٩) ی زایینـی دا سـێ ژەنــراڵ ئیمپراتــۆریی خۆیانیــان ڕاگەیانــد. لــە کۆتاییــدا تــەختی ئیمپراتــۆری لەلایــەن (ڤیســـپازیان) (Vespasian)ەوە گیرایـــە دەســـت. نـــاوبراو ژەنراڵێکـــی بـــەتوانا و بەڕێوەبەرێکی لێهاتوو بوو، بۆ ماوەی (١٠) ساڵ دەسەڵاتەکەی گرتـە دەست. لـە سـەردەمی (ڤیسپازیان)ەوە بەزۆری ئیمپراتۆر هەڵبـژاردەی لەشـکر بـوو، وە ئیمپراتۆرییـەتیش زیـاتر بـوو بـە سـەربازی تـاوەکو دیکتاتۆرییـەتێکی سیاسـی. ئەمـەش حکوومـەتێکی تۆکمـە و جێگیرتری.. هەرچەندە ئەرستۆکراتی بوو، دروستکرد. دەستووری کۆماری ڕۆم هەرچەندە هێشتا لە کاردا بوو، بەڵام لە دەرەوەی کاروبارەکانی شارەوانیدا دەسەڵاتێکی کەمی هـەبوو. دەسەڵاتی ئیمپراتۆرییەتەکە بە تـەواوەتی لەلایـەن بیرۆکراسییە ئیمپراتۆرییـە زوو پـەرە سـەندووکانەوە دەسـتی بەسـەردا گیرا بـوو، لـە کاتێکـدا زۆبـەیان ڕۆمـی نـەبوون. چیدی دەسەڵاتی ڕەهای ئیمپراتۆر لە خەڵکەوە بەدەست نەدەهات، بەڵکو دەسەڵاتەکە لە خۆیەوە بوو، هەر خۆشی یاساکانی دەردەکرد.

لە ساڵی (٩٦ ز) ەوە تاوەکو (١٨٠ ز) ئیمپراتۆرییەتی ڕۆم گەیشتە لووتکەی ئاشـتی و ئارامی و دەسەڵات و شـکۆمەندی. لـە مـاوەی ئـەم سـەدەیەدا پێـنج ئیمپراتـۆری بـەتوانا بەشـوێن یـەکتردا هـاتن. لـە هـەر بارێکیانـدا ئیمپراتـۆری سـەر دەسـەڵات تـوانی کەسـێکی لێهـاتوو، بـەکردنی بـە کـوڕی خـۆی، وەکـو جێنشـین دیـاری بکـات. (تراجـان ــ تـراژان) (Trajan) (٩٨-١١٧ ز) جـەنگاوەرێکی پیشـەیی (پرۆفشـنـاڵ) بـوو، زۆربـەی کـاتی لـە گۆڕەپانـەکانی جەنگدا بەسـەر بردبـوو تـاوەکو لـە ڕۆمـدا. لـە ژێـر فـەرمانڕەوایی ئەمـدا، ئیمپراتۆرییەتی ڕۆم گەیشتە گەورەترین قەبارە (فراوانی)، ئـەو سنوورەشـی تێپەڕانـد کـە لەلایەن (ئۆگەستەس)ەوە دانرا بوو . (داشیا ـ داقیە) (Dacia) ((ڕۆمانیای ئێستە)) شـی داگیر کرد. (هادریان) (Hadrian) (١١٧-١٣٨ ز) هەم زانا و هەم جـەنگاوەر بـوو، لـە ڕۆمـدا

نەمایەوە، بەڵکو ماوەی دەسەڵاتی بە گەڕان بە ئیمپراتۆرییەکەیدا، بەتایبەتی میسرو گریك بەسەربرد. (مارکوس ئۆرلیوس) (Marcus Aurelius) (١٦٠-١٨٠ ز) فەیلەسوف بوو، (تێفکرینەکان)(Meditation)[٣٣] ی لە خێوەتەکەیدا و تەنها لە شەودا لە بەرەکانی شەڕدا نووسی، کە نموونەیەکی باشی فەلسەفەی (کەپرییەکان – ڕەواقی) (Stoic) ە. ناوبراو بە پاڵاوتنی کوڕەکەی وەکو جێنشینی ، نەوەك کەسێکی شایستە بۆ کارەکە، زنجیرەی ئیمپراتورە باشەکانی پساند. (کۆمۆدەس) (Commodus) (١٨٠-١٩٢ ز) ، هەروەکو (کالیگولا) ، کەسێکی بێمێشك و تاغووت بوو، لە کۆتاییدا هەروەکو ئەویش لەلایەن پاسەوانە تورەکانی کۆشکەوە کوژرا.

---

(٣٣) (تێفکرینەکان) ((التأملات)) (Meditations) ناوونیشانی زنجیرەیەك نووسینی تایبەتی (شەخسی) ((مارکوس ئۆرلیوس)) ە ، تێیدا ڕای خۆی لەسەر فەلسەفەی کەپری (ڕەواقی) دەردەبڕێت کە لە (١٢) کتێب پێك هاتووە.

# لاوازبوونـــــی ئیمـــپراتۆرییەتەکە
# The decline of the Empire

سەرنەکەوتن لە بەردەوام بوونی دانانی جێنشینی باشدا، تـەنها نیشانەی خراپـی نزیك بوونەوەی ئیمپراتۆرییەتی ڕۆم بـوو لـە پارچـە پارچـە بوونـەوە. هۆکارێکی زۆر لـە ماوەی ئەو سێ سەدەیەدا ڕۆڵی لەلاواز بوونیدا بینی. سەرەکی ترینیش کێشە زیاد کردنـی پاڵەپەستۆی بەربەرەکانی بوو لە سەر سنوورەکان. لـەو لاشـەوە لـە دووەم هـەزارەی پـێش زایینــەوە، خێڵــە هینــدۆ ئەوروپاییــەکانی ئاســیا ســەرنجیان بــۆ لای جیهــانی شارســتانی دەوروبەری دەریای ناوەڕاست ڕاکێشرا بوو. کاتێك (ئۆگەستەس) لە ساڵی (٩ ز) دا سنووری (ڕایـن – دانـوب)ی دانـا، لێشـاوی بەربـەرەکانی نەوەسـتاند، بـەڵکو تـەنها لـەلاکانی تـری سـنوورەکانەوە پـەنگی پێخواردبوونـەوە. لـەو دوو سـەدەی دوواتریشـدا خێڵـە جێرمانییـە جۆراوجۆرەکان وورده وورده کۆمـەڵگایان دروسـتکرد و پاڵەپەسـتۆیان لەسـەر خۆرهـەڵاتی (ڕاین) و باکووری (دانوب) دروستکرد. زۆربەی توانانی سەربازی ڕۆم بۆ جڵەوگیری کردنـی ئەم بەربەریانە تـەرخانکرابوو. ئەمـەش بـووە هـۆی لاوازکردنـی سامانی ئیمپراتـۆری. لـە ماوەی سەدەی سێیەمی زایینیدا چیدی توانای جڵەگیرییەکی ڕێکوپێکی نەما. (فرانکەکان) (Franks)، خێڵێکی جێرمانی بوون، لە ڕووبـاری (ڕایـن) پەڕینـەوە و دوای بـە توورەکـە بێژانــەوەی گونــدەکان بــە ئاشــتی لــە (گــۆڵ) ی هــەرێمی ڕۆم نیشــتەجێ بــوون. لــە خۆرهەڵاتـەوە پـەلامارەکانی (گـۆت- قـوت) (Goths) ەکـان بـۆ سـەر نیمچـە دوورگـەی (بەلقان) بۆ ماوەی زیاتر لە سەدەیەك لە ڕاوڕووتەکانیان شارەکانی گریکیان تۆقاندبوو، وە بووبوونە ئاستەنگ لە بەردەم بازرگانیدا.

هۆکاری دووەمی لاوازبوونەکە دارمانی ڕەوشتی بەشێکی زۆری چینی دەسـەڵاتدار بوو. شـانازی کردنـی تونـدی هاوڵاتیـانی ڕۆمـی پاڵنـەری بنچینەیی یەکپارچـەیی جیهـانی کـۆنی ڕۆم بـوو، ئەمــەش وایلێکردبـوون کـە خۆیـان تـەرخان بکـەن بـۆ بەرپرسـیاری و بەدەمەوەچـوونی ڕژێمەکـە. لــە ســەدەی ســێیەمی زایینیــدا چــینی دەســەڵاتداران زۆر دەوڵەمەندبوون و لە ژیانێکی پڕ کـەیف و سـەفادا دەژیـان. ئـەم جـۆرە ژیانـەش لـە ئاست ئەرکەکانیاندا بێباکی کرد بوون و، لـەو لاشـەوە هاوڵاتیـانی چینی خـوارەوە لـە سـەر ئـەو

دانەویڵەیە دەژیان کە میری بۆ یارمەتی بێکاروکەم دەرامەتـەکان دەیبەخشی. بۆیـە هـیچ یەکێك لـەم چینانە ئـارەزووی بـۆ لای لەشکر و خزمەتـە مەدەنییـەکان نـە دەچوو. ئـەو بەربەریانەی کە تـازە لـە ئیمپراتۆرەیەتەکەیـدا نیشـتەجێ بووبـوون، دزەیـان دەکـردە نـاو سوپاو خزمەتە مەدەنییەکانەوە. بـۆ ئـەم تـازە هاتووانـە سـوپا لەسـەر حسـێبی کۆمـەڵانی خەڵك ژیانێکی باشبوو، وە خزمەتی مەدەنی ڕێز و دەسـەڵات و پایەبڵنـدی پێدەبەخشـین. زۆربـەی ئـەو بەرەریانـەی کـە بـە دەسـەڵاتدا سـەرکەوتن بـۆ لوتکـە ڕاسـتگۆ و تەنانـەت سەرکردەی بەتوانا بوون، بەڵام ئەوانەیان کە بە پلەی سەربازیدا بـەرز بوونـەوە زۆر جار چاوچـنۆك و دڕنـدە و نەشـارەزا بـوون و لـە هـەموو هەسـتێك بـەتاڵ بـوون بەرامبـەر کەلـەپووری ڕۆمـی و هیلینسـتی. گەنـدەڵی کۆمەڵگـەی ڕۆمـی و دەسـەڵات، وێنەدانـەوەی ئیمپراتۆر بوون. لە ماوەی سەدەی سێ یەمی زایینیدا جێنشینی ناکارامە و بێتوانا تەختی ئیمپراتۆرییـان داگیر کـرد. زۆر جار بـۆ هەڵبـژاردنی پاڵێوراوەکـان بـۆ پۆسـتی ئیمپراتـۆر لەشـکر بەسـەر چـەند لایـەنێکی ململانێکـاردا دابـەش دەبـوون بـۆ پشـتگیری کردنـی پاڵێوراوەکانیان. لە کۆتایی سەدەکەدا زۆربەی ئیمپراتۆرەکان بـوون بـەو بەربەریانـەی کـە لە ڕێگەی پلەی سەربازییانەوە لە سوپادا گەیشتبوونە ئەو پلە.

لە پارچە پارچە بوونی گشتی ئیمپراتۆرییەتەکـە، بـەکزبوونی خێـرای ئـابووری، خێرتر کرا، وە ئەمەش بێ پشوو لە ماوەی سەدەی سێ یەمـدا بـەردەوام بـوو. یەکخسـتنی ناوچەکانی دەریای ناوەڕاست لەلایەن ڕۆمـەوە، بـە دابینکردنـی بـازاڕی تـازە بـۆ شـارەکانی خۆرهەڵات لە ناوچە گەشە نەکردووەکانی ئەفریقیا و ئیسپانیا و گۆل دا، بەرهـەم هێنـا و بازرگانی کردنی پەرەپێدا. لە سـەدەی سـێ یەمـەوە خۆرئـاوای خـۆی بـوو بـە ناوچـەیەکی پیشەسـازی، لـە کاتێکـدا شـەڕی نـاوخۆی و پـەلاماری بەربەرەیـەکان ڕێگاکـانی بازرگـانی خۆرهـەڵاتی خسـتبووە مەترسـییەوە و بازرگانیشـیانی بـۆ بازرگـانی ناوچـە خۆماڵییـەکان سنووردار کرد بوو. لە هەمان کاتـدا، نـەبوونی کـانزای گرانبـەها وایلـە ئیمپراتۆرییەتەکـە کرد توانای سکە لێدانی زۆری بـۆ بازرگـانی ئەنـدازە گـەورە نـەبێت. وە سیسـتەمی بـاجی ئیمپراتۆرییەت بۆ بازرگانیکردن تێك شکێنەر بوو. پارە تەنها بـە کـانزایی دەخـەمڵێنرا و لە کاتێکدا خاوەن زەویە دەوڵەمەندەکان کڕین و فرۆشتنیان بە پارەی (دراوی) نەقدییەوە نـەدەکرد، بۆیـە تـەنها پیشـەوەران (خـاوەن کارەکـان) باجیـان لێدەسـەندرا. لـە سـەدەی سـێیەمدا سیسـتەمی بیرکراسـی و لەشـکر زیادیـانکرد و قورسـی بـاجیش زیـاترو قورسـتر دەکەوتە سەر شانی بازرگانەکان. ئەمەش خواستی خەڵکی لە ئاست بازرگانیدا کەم کردەوە و پایتەخت (ڕۆم) سنووردار کرا و بازرگانی کردن لە ئاستی ڕاوەستان نزیك بوویەوە. ئەم

خـــراپتر بوونـــه كۆمەڵايـــەتی و ئابوورییـــه، لـــەو كاتـــەی كـــه تـــاعون لـــه خۆرهـــەڵاتی ئیمپراتۆرییەكـەدا لـە نزیكـەی سـاڵی (٢٦٠ ز) دا بـڵاو بـووەوەو بـە خێرایـی بـە هـەموو ناوچـەكانی تـری ئیمپراتۆرییەتەكـەدا پـەلی كوتـا، ئاگرەكـەی خۆشـتركرا. تاعونەكـە دوای زیاتر لە بیست ساڵ كۆتایی پێهات و زیاتر لە سێ یەكی دانیشتووانی قڕكرد.

## ئیمـپراتۆرییەتەكانــی خۆرهەڵات و خۆرئاوا
## Eastern and Westerm Empires

لە نزیكەی ساڵی (٣٠٠ ز) دا، كاتێك كە زنجیرەیەك ئیمپراتـۆری بـەهێز ئەوپـەڕی هێـزی خۆیانیـان بـەكارهێنا بـۆ پێكهێنانـەوەی ئیمپراتۆرییەتەكـە، ئیمپراتـۆری ڕۆم بـۆ ماوەیـەكی كـورت كۆكرایـەوە و ڕێكخرایـەوە. (دیوكلیتیـان) (Diocletian) (٢٨٤-٣٠٥ ز) جـەنگاوەرێكی بەربـەری بـەهێز بـوو. خـەڵكی ناوچـە چۆڵ و دارستانـاوییەكانی (ئیلیریـا) (Illyria) (یۆگوسلاڤیای ئێستە) بوو. ناوبراو، زانی كەیـەكێك لـە گـەورەترین كێشـەكانی ئەوەیە لە هەمانكاتدا هەم ئیمپراتۆرییەتێكی گەورەی بـەو شـێوەیە بـەڕێوە ببات و هـەم فـەرمانڕەوایی چـەند لەشـكرێك بێـت.. هـەر یەكـەیان لەبەرەیـەكی شـەڕی جیـاوزادا بـن، هەستا لەبەر خاتری بەڕێوەبردنێكی لەبار ئیمپراتۆرییەتەكەی بە سەر دوو بەشدا دابەش كـرد. بەشـی خۆرهـەڵاتی لـە جیهـانی هیلینسـتی پێـك هـاتبوو، وە بەشـی خۆرئاواشـی لـە ئیتالیاو گۆڵ و بـەریتانیاو ئیسپانیاو بـاكووری ئـەفریقیا پێكهاتبوو. (دیوكلیتیـان) خـۆی فــەرمانڕوایی بەشــی خۆرهــەڵاتی كــرد و هاوكــارە ئیمپراتــۆرێكی تریشــی بــۆ خۆرئــاوا دیاریكرد. هەر یەكە لەم ئیمپراتۆرانە جێنشینێكیان هەبوو پێی دەووترا: (قەیسەر) و لـە دووای مردنیان جێیان دەگرتنەوە. ئەم سیستەمە نەخشەی كێشرابوو بـۆ ڕیشەكێشكردنی ئەو شەڕی ناوخۆییانەی كە لە كۆتایی هەر فەرمانڕەواییەكدا ڕوویـان ئـەدا، بـەڵام دانـانی چوار ئیمپراتۆر لە یەك كاتدا خۆی لە خۆیدا بەئاسانی شەڕی ناوخۆی ڤیتكردبووەوە لـە كاتێكدا كە هێشتا خۆیان زیندوو بوون.

پــــاش دابەشــــكردنەكەی (دیوكلیتیــــان) بەشــــێوەیەكی ئاســــایی پایتــــەختی ئیمپراتۆریـەتی خۆرئـاوا لـە (مـیلان) (Milan) یـاخو (ڕاڤینـا) (Ravenna) بـوو. لـەو سەردەمەدا (ڕۆم) نە مەڵبەند بوو.. نە لە ناوچـەی شەڕەكانیشیەوە نزیـك بـوو. لـە دوای (٣٠٠ ز) دەوە ئەو شارە گەورە دایلە كزی و دانیشتووانەكەی تۆزە تۆزە كەمی كـرد و تـەلارە مۆنۆمێنتیەكانی هەموو چۆڵكران و گژوگیا لـە شـەقامەكاندا ڕووا. چیـدی ئیمپراتـۆر لـە ڕۆمەوە حوكمی نەدەكرد و چیدی، تەنانەت بەكرچ و كاڵیشی خەیاڵی كۆمار بوونی نـەما. (دیۆكلیتیان) بە ڕوونی بكوژو ببڕێكی سەربازی بـوو. خـۆی بـە (Dominus et deus) ((واتـا: دەســەڵاتدار و خواوەنــد) ناســاند. ئیمپراتۆریــەكی بــەهێزی تــر (كونســتانتین)

(Constantine) (٣٠٦-٣٣٧ز) بــوو کــه پایتــەختی ئیمپراتــۆری لــه خۆرهــەڵات لــه (بیزەنتین) (Byzantiun) (دواتر پێی ووترا: قوستانتینۆپڵ – Constanrtinuple) دا دەمەزراند کە لە چەقی کارگێڕییەوە نزیکتر بوو.

# داگــیرکاریــــیەکانــی جێرمانییــــەکان
# Garmanic Invasions

دوابـەدوای فـەرمانڕەوایی (کوسـتانتین) ترپـەی ژیـان بـۆ ترپـە ترپێکـی لاواز و بێکەڵك خاو بوویەوە. دوای تاعونەکـە و پاش لاوازبـوونی خێـرای بازرگـانی و سـڕینەوەی بەڕێوەبەرایەتی ئیمپراتۆری لە خۆرهـەڵات، شـارەکانی خۆرئـاواش پووکانـەوە و ئەوانـەش کە بە ناچالاکی مابوونەوە کێڵگە گەورە میرییەکانبوون، تەنها بژێوی نـاوخۆی دەردەکـرد. لـەم کـەش و هەوایـەدا بەشـی خۆرئـاوای ئیمپراتۆرییەتەکـە لـە بـەردەم هێرشـە دڕندانـە تازەکانی سەدەی چوارەم و پێنجەمی زایینی بەربەریەکاندا مایەوە. خێڵە جێرمانییـەکان لە یەکەم بەدیارکەوتنی هیندۆئەوروپاییەکانەوە لـە نزیکـەی (٢٠٠٠ پ.ز) ەوە ناوچـەکانی خۆرهــەڵاتی ڕووبــاری (ڕاین)یــان تــەنیبووەوە. لــە ســاڵی (٢٠٠ ز) دا کۆمــەڵێکی تــازەی جێرمانی بەناوی (گۆت) (Goth)ەکانەوە کە بنچینەیان دەگەڕێتەوە بۆ (ئەسکەندەناڤیا)، لە ناوچەکانی دەریای ڕەشدا نیشتەجێ بوون. لـەوێش بەسـەر (Visigoths) (گۆتـەکانی خۆرهەڵات) و (Ostrogoths) ((گۆتەکانی خۆرئاوا)) دا دابەش بوون. لە سـاڵی (٣٧٢ ز) دا (گۆت) ەکان لەلایەن (هون – الهون) (Hun) ەکانەوە ، کـە خێڵێکـی کۆچـەری دڕنـدەی مــەغۆلی بــوون پــەلامار دران. (ئۆســترۆگۆت) ەکــان بەشــێوەیەکی کــاتی خرانــە ســەر ئیمپراتۆرییــەتی هــون و (ڤیزگۆت)ەکــانیش بــە هانەســە ســاردی داوایــانکرد لــە نــاو ئیپراتۆرییەتی ڕۆمدا نیشتەجێ بن. پاشان ڕێگەیان پێدرا و لە ساڵی (٣٧٦ز) دا (ڤیزگـۆت) ەکـان لـە (دانـوب) ەوە پەڕینـەوە، بـەڵام کاتێـك نیشـتەجێ بـوون لەلایـەن دەسـەڵاتدارانی ڕۆمیـەوە بـەخراپی مامەڵـەیان لەگەڵـدا کـرا. بۆیـە لـە سـاڵی (٤٠١ ز) دا بـە سـەرۆکایەتی (ئەلاریك) (Alaric) ی فەرماندەیان بە ئاراستەی خۆرئاوا و بەرەو ئیتالیا کەوتنە ڕێ.

لەشکری ڕۆمی لە ترساندا لە بەریتانیا کشایەوەو دەستبەرداری بوو، لەو لاشەوە بۆ بــەرگیکردن لــە ئیتالیــا لــە ســنوورەکانی (ڕایــن) کشــانەوە. لــە ئەنجامــدا شــەپۆلێکی جێرمانییەکان بە پێشڕەوی (ڤاندالەکان) (Vandals) لە (ڕاین)ەوە لـە سـاڵی (٤٠٦ ز) دا ڕژانە ناو ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمەوە. پاش سێ ساڵ لـە تـالان و ڕاو ڕووتکردنـی (گۆڵ) ، لـە ساڵی (٤٠٩ ز) دا پەڕینەوە بۆ ئیسپانیا. لە ماوەی ئەو سەدەیەدا (ئەنگڵ) (Angles)ەکان و (ساکسۆن) (Saxons)ەکان تۆزە تۆزە دەستیان بە کۆچکردنەکانیان کرد لە کەنارەکانی جێرمانیـاوە بـەرەو دوورگـەی بـەریتانیا. لـەو کـەین و بەینـەدا (ئـەلاریك) (Alaric) و

(ڤیزگۆتەکان) لە پێشڕەویدا بوون بۆ ناو ئیتالیا و لەساڵی (٤١٠ ز) دا ڕۆیشتنە (ڕۆم)ەوە و بۆ ماوەی سێ ڕۆژ شارەکەیان تاڵانکرد. بە ماوەیەکی کەم دوواتر (ئەلاریك) مرد و زۆربەی (ڤیزگۆت)ەکان لە نزیکەی ساڵی (٤١٩ ز) دا ئیسپانیایان بەجێهێشت، بۆ ئەوەی لە باشووری خۆرئاوای (گۆڵ) نیشتەجێ بن و ئیسپانیاش لە (ڤاندالەکان) "ناوی ئەندەلووس لەمەوە وەرگیراوە، لە سەرەتادا ڤاندالوسیا بووە – وەرگێڕ" داگیر بکەن. لە ساڵی (٤٢٩ ز)دا (ڤاندالەکان) ئیسپانیایان بۆ (ڤیزگۆتەکان) بەجێهێشت و بە دەریادا بەرەو باکووری ئەفریقیا کۆچیان کرد.لەوێش بە دروستکردنی پایتەختەکەیان لە (قەرتاجە) دا ، پاشماوەی شارستانییەتی ڕۆمیان لە ناو برد.

تۆقێنەرترینی ئەو بەربەرییانەی ئەوروپایان هەراسان کرد، (هون)ە مەغۆلیەکان بوون، کە ساڵی (٤٥١ ز) لە ژێر فەرماندەیی (ئاتیلا) (Attila) دا دەرکەوتن. بۆ ماوەی زیاتر لە ساڵێك بەناو (گۆڵ) دا ڕاوڕووت و کوشتاریان کرد و هەرچییەکیشیان هاتە بەردەست خاپوریانکرد. پێش ئەوەی بگەنە ئیتالیا، تاعون هێزەکەیانی شکست پێهێنا، وە کاتێك لە ساڵی (٤٥٣ ز) دا (ئاتیلا) مرد، بەو ئەندازە خێراییەی کە دەرکەوتن، هەرواش لە خۆرهەڵاتدا لەناوچوون. بەڵام (هون)ەکان شوێن پێیەکی وێرانکراوی وایان جێهێشت، ڕۆمی بێبەرگری لە بەرامبەر ئاپۆڕای ئەو (فرانك)ەکانەی کە لە ڕووباری (ڕاین)ەوە و ئەو (ئۆستڕۆگۆت)انەی کە لە ڕووباری (دانوب)ەوە پەڕیبوونەوە، هێشتەوە. (فرانکەکان) بە ناو (گۆڵ – غال)دا نیشتەجێ بوون و پاشان لە ساڵی (٥٠٧ ز)دا (ڤیزگۆتەکان)یان بەرەو ئیسپانیا وەدەرنا.

لە سەرەتادا بەهۆی داگیرکاری (ڤێزگۆتەکان) و دواتر (هونەکان) و لە کۆتایشدا بە هۆی پەلامارە وێنرانکارییـەکانی (ڤانداڵ)ەکانـەوە، لـە ساڵی (٤٥٥ ز) دا ئیتالیا لاواز کـرا و کەوتـە ژێردەسـتی زنجیرەیـەك سـەرۆك خێڵـی جێرمانییـەوە کـە بەشـێوەیەکی تیـۆری سەربازی بـەکرێگیراوی ئیمپراتۆرییـەت بـوون لـە (قوسـتانتیۆپڵ) (Constantinople) دا. لە ساڵی (٤٧٦ ز)دا ژەنراڵێکی جێرمـانی بـەناوی (ئـۆدواکر) (Odoacer)، (ڕۆمۆلـۆس ئۆگەسـتولۆس) (Romulus Augustulus)ی دوانــزە سـاڵەی وەکـو ئیمپراتـۆری خۆرئاوای لە سەر تەختی پاشایەتی هێنایە خوارەوە و دیاریکردنی کەسێکی تـری لـەجێی ئیمپراتۆر پشت گوێ خست. بـەم شێوە نافەرمییـە ئیمپراتۆرییـەتی خۆرئـاواش کۆتـایی پێهات. لە ساڵی (٤٨٨ ز) دا لەسەر پێشنیاری ئیمپراتـۆری (قوسـتانتینۆپڵ) کـە ویسـتی لـە خۆرهـەڵات بیانسـڕێتەوە، (ئۆسـترۆگۆتەکان) لـە ژێـر فەرمانـدەیی سـەرکردەی مـەزنیان (تیۆدۆریـــــك) (Theodoric) دا، هاتنـــە ئیتالیـــا. (ئۆســــترۆگۆتەکان) بەدەســــت بەسەرداگرتنیان بەسەر حکوومەتدا، شانشینێکیان لە ئیتالیادا دەمەزراند، بەڵام زیاتر لـە نیوە سەدەی نەخایاند کۆتایی پێهات.

کـەلتووری ڕۆم لـە خۆرئـاوادا هێشـتا بـە تـەواوەتی لـە نـاو نەچـووبوو، بـەڵام لـە نەگبەتی و هەژاریدا نوقم بووبـوو. شـارەکان ڕۆمیـان هێشـتبووەوە، هەرچـەندە ئـەوانیش بەشێوەیەکی بەرچاو قەبارەو گرنگیان کزبووبوو. لادێکانی خۆرئاوای ، بەتایبەت ئەوانەی لـە دەرەوەی ئیتالیـا بـوون، هەمیشـە دانیشـتووانی بـە تـاکو تـەرا تێیـدا ئـەبینرا. زۆر فراوانبـوونی مێـرگ و ناوچـە دارسـتانییەکان، شـارەکان و سـەربازگەکان ، یـاخود ناوچـە کشتوکاڵییەکانیان لێك دابڕیبوو. بە زۆری لەم ناوچە نەلکێنراوانەدا بـوو، جێرمانییـەکان نیشـتەجێ بـوون و لـە نـاو سـنوورەکانی دەسـەڵاتی ڕۆمـدا حکوومـەت و دامودەزگاکـانی خۆیانیـان دروسـتکردبوو. کـە ئـەوان حکوومـەتی ڕۆمیـان لـە شـارەکاندا لانـەدەبرد، تـەنها لەبەر ئەوە بوو شتێکی زیاتریان بۆ بەڕێوەبردن پێنەبوو. هەرچەنـدە زۆرجار بەشۆوەیەکی ناڕێك و شێواو بوو، بەڵام لـە زۆر ڕووەوە خێڵـە جێرمانییـەکان بووبـوون بـە ڕۆمـی. ئـەم خێڵانە شانازیان بە بـوونی خۆیانـەوە دەکـرد لـە نـاو ئیمپراتۆرییـەتی شارسـتانی ڕۆمـدا. بێدەربەست بوون لە بەرامبەر ئەو ڕاستییە ڕوونەدا کە ئەوەی ئەوان شانازی پێوە دەکەن، لە چەند فۆرمێکدا نەبێ، ڕێگرە لە بەردەم بوونی ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمدا. جێرمانییـەکان

فێری زمانی لاتینی بوون و زۆربەی یاسا و دەسەڵاتی خۆماڵی ڕۆمیان قەبووڵ کرد. هەروەها بەخواستی خۆیان ئەو ئایینەیان وەرگرت کە لە ڕۆمدا لە سەردەمی (قوستانتین)ەوە بووبووە ئایینێکی فەرمی. ئەویش ئایینی مەسیحی بوو (Christianity) .

# بەنـــــــدی دەیـــــــەم

## کلێســـــای فەلـــــــە (مەسیحی)
## The Christian Church

لە (٦٣ پ.ز) دا (پۆمپەی) (Pompey) زانی هاولاتیان بەرگری لە خۆیان ناکەن لە (شەممە) (Sabbath) دا "ڕۆژی خواپەرستی و حەوانەوەیە لای جوولەکە – وەرگێڕ" لەشکری هێنایە بەردەم دەرگاکانی (ئۆرشەلیم) و داگیری کرد. شارەکەی نەلکاند بە ئیپراتۆرییەتی ڕۆمەوە ، بەلکو وەکو پاڵپشتییەکی تایبەتی (شەخسی) بۆ خۆی هێشتییەوە. بیست ساڵ دوواتر، دوای کوشتنی (پۆمپەی) ، (ترومڤیرەیتی دووەم) (Second Triumvirate) سەربەخۆییەکی ڕەمزییان بەخشیە (جودیا- یەهودا) (Judea) ، بەلام (هێرۆدس) (Herod) کە هاوڕێی خودی (مارك ئەنتونی) و (ئۆکتاڤیان) بوو، وەکو پاشای دیاریکرا. بە پێوەری کات (هێرۆدس) فەرمانڕەوایەکی زیرەك و چاکخواز بوو.. لە ناخی دلەوە لەگەڵ چاکەی خەلکەکەیدا بوو، بەلام بەو پێیەی لە قوتابخانەکانی ڕۆم خوێندبووی، هەولیدا خەلکە یەکتاپەرستە ڕەسەنەکەی دەمکووت بکات و شانشینە بچکۆلەکەی بە ڕۆمی (Romanize) بکات. لە ئەنجامدا دەسەلاتەکەی لە (یەهودا) دا ڕووبەڕووی بەرهەلستی و توندوتیژی بووەوە. لە کۆتاییدا شێت بوو، وە لە (٤ پ.ز) مرد. بە مردنی شەڕێکی جلەونەکراو هەلگیرسا و پاش (١٠) ساڵ کۆتایی پێهات. ئەویش دووای ئەوەی کە ئیمپراتۆری درِ (ئۆگەستەس) خۆی لە ساڵی (٦ز) دا دەستی بەسەر شانشینەکەدا گرت و دووبارە ئەمیش نەیخستەوە سەر ئیمپراتۆرییەتەکە، بەلکو وەکو سامانێکی تایبەتی خۆی هێشتییەوە و حاکمێکی بەناوی خۆیەوە بۆ بەڕێوەبردی دانا. دووای هەولێکی بێ ئەنجام بۆ دەمکوتکردنی هەرێمە یاخییەکان، ڕۆم یاسای لە خاچدانی دانا بۆ هەرکەسێك کە کێشە دروست بکات. لە ساڵی (٢٦ز) دا (تبریۆس) ،

(پنتیوس پیلاتس) (Pontius Pilate)ی وەکو حاکمی (یەهودا) دیاری کرد. هەر لە سەردەمی ئەمیشدابوو عیسای ناسری (الناصره) لە خاچ درا[٣٤]

(٣٤) بەڵام قورئانی پیرۆز دەفەرموویت: ﴿وَمَا قَتَلُوهُ وَمَا صَلَبُوهُ وَلَـكِن شُبِّهَ لَهُمْ﴾ النساء(١٥٧).

هەروەها دەفەرموویت: ﴿بَل رَّفَعَهُ اللّهُ إِلَيْهِ وَكَانَ اللّهُ عَزِيزاً حَكِيماً﴾ النساء(١٥٨).

# عيـــــــــــا Jesus

شـتێکی زۆر دەربـارەی ژیـان و وانـەکانی عیسا دەزانـین. باشـترین سەرچـاوەشمان ئینجیله (gospels) ((هەواڵی باش، یـاخود: مزگێنی)ەکانی سـانت (قەشـە) (مەرقـەس) (mark) و (موتا) (Mathew) و (لۆقا) (Luke) یە کە نەوەیـەك دوای مردنـی عیسا "بەپێی بیروباوەڕی فەلە، چونکە نووسـەر ئینجیلی وەکو سەرچاویەك بـەکار هێنـاوە — وەرگێڕ" ڕێکخراوە. وانەکانی عیسا باس لە شانشینی خوا دەکات و پێی وابوو: شانشینەکە چـاوەڕووانکراوە و مرۆڤایـەتی دەبێـت خـۆی بـۆ هـاتنی ئامـادە بکـات. هـەروەکو وەبیرهێنەرەوەیەکی (سوکرات)، (عیسا)ش خەڵکی لەو ئاگادار دەکردەوە کە ئەو کەسانەی بە پێویستییەکان و ئارەزووەکانی جیهانی ماددیە و ەتێوەگلاون، نـاتوانن بچـنە شانشـینی خواوە. لە (ووتاری سەرچیا) دا کە گشتگیرترین بەیانی وانەکانی بوو، عیسا ووتـی: (ئـەوە هەژارو سادە و دڵنەرمـەکانن کـە دەبنـە میراتگری شانشینی خـوا). (عیسـا) پـێش ئـەوەی لەگـەڵ کۆمـەڵێکی بچـووك لـە شـوێنکەوتووە نزیکەکانیـدا بڕیـار بـدات لـە (فەسـح — فصح)[35](جەژنی پەڕینەوە) (Passover)دا لـە سـاڵی (٢٩ز) دا بچێت بـۆ (ئۆرشـەلیم) ، شوێنکەوتووانێکی زۆری لە گوندنشینەکانی (جەلیل) (Galilee) هەبوو. لە (ئۆرشەلیم) لە سەر سەرنـج ڕاکێشانی شوێنکەوتووانی بەردەوام بوو، بەڵام خـۆی و شـاگردەکانی لەبـەر ئەوەی خەڵکی لادێ بوون، هـەروەکو (عـاموس) (Amos) حـەوت سـەد سـاڵ پێشـتر، لـەو کەش وهەوایەی شار تۆقین کاتێك بینیان هەڵسوکەوتی خـەڵکی بـە پێچـەوانەی خواسـتی (خوا) (Jehovah)وەیە. کاتێـك پرسـیارکەران زۆریـان پێهێنـا، ووتـارێکی دا و تێیـدا زۆر بەتوندی ڕەخنەی لە سەرۆك کاهینـەکانی پەرسـتگا و (فاریسـیەکان) (Pharisees)گـرت کـە لـە ڕێزگراوترینـی فێرکـەرانی (ئـایینی جـوو) (Judaism) بـوون. عیسـا ووتـی: کاهینەکان پلەوپایەکەیان بۆ بەدەسـتهێنانی پـارەو پـوول بـەکار دەهێـنن و (فاریسـیەکان) یش ووتەکانی یاسا "مەستی تەوراتە- وەرگێـڕ" بـەکار دەهێـنن بـەبێ تێگەیشـتن لـە ڕۆح. ووتیشی: یاسای (جێهۆڤا) ئەتوانرێت لە خوشەویستیدا کورت بکرێتەوە: خۆشەویستی خوا و خۆشەویستی مرۆڤ.

---

(٣٥) فەسح- فصح:- لە پانزەیەمی مانگی نیسانی عبرییەکاندا، جوولەکەکان بە بۆنەی ئازاد بوونیانەوە لە میسرو گەڕانەوەیان بۆ زێدی باوباپیرانیان، ئەم جەژنە دەگێڕن.

وەك دەڵێن: عیسا سەرەنجی زۆرێك لەو حەشەماتەی ڕاكێشاوە كە هاتبوون بۆ (ئۆرشەلیم ـ قودس) بۆ جەژنی (پەڕینەوە- فەسح). كاتێك دەستی بە مشتومڕەكانی كرد.. خەریك بوو ئاگرێكی تری یاخیبوون لە شارەكەدا هەڵگیرسێنێ، ئەو شارەی كە هەمیشە بۆ یاخی بوون ئامادە بوو. لە ئەنجامدا وەكو تێكدەرێكی شاراوە لەلایەن دەسەڵاتی ڕۆمەوە و بە یارمەتی كاهینەكانی پەرستگا، كە نەیان دەویست چیدی كەس لە (ئۆشەلیم- قودس) دا كێشە دروست بكات، جگە لەوەی كە ڕۆمەكان دەیانویست، دەستگیركرا، پاش دادگایكردنێكی گاڵتە ئامێز لە خاچیاندا. "بەپێی بیروباوەڕی فەڵە – وەرگێڕ"[٣٦] .

لەكاتی مردنیدا شوێنكەوتووانی بڵاوەیان لێكرد، بەڵام پاش ماوەیەكی كەم هەندێكیان گەڕانەوە بۆ (ئۆرشەلیم) و قەناعەتیان هێنا كە (عیسا) نەمردووە، بەڵكو گەڕاوەتەوە بۆ ژیان و پەیوەندی بە خواوە كردووە. ئەمەش بەزوویی بوو بەو باوەڕەی كە گوایە (عیسا)، (Messiah) (مەسیح) بووە و خوا ناردبووی بۆ ئامادەكردنی مرۆڤایەتی بۆ هاتنی شانشینەكەی. "بیرێكی فەلەیە كە پێیان وایە: شانشینی خوا بەڕێوەیە و ڕۆژێك هەر دێت - وەگێڕ"، لە ئەنجامدا بوو بەو باوەڕەی كە گوایە (عیسا) خۆی خوا بووە و لە شێوەی مرۆڤدا هاتووەتە سەر زەوی. كۆمەڵێكی بچووك لە فەلەكان (ئەوانەی باوەڕیان وایە عیسا (The Christ)ە ((واتا: ئەو كەسەی كە بە ڕۆنی پیرۆز چەوركراوە))، خۆیان وا هەژمار دەكرد كە هێشتا لە سەر ڕێی جوولەكەن و لە (ئۆرشەلیم)دا لە ژێر سەرۆكایەتی (پیترۆس) (Peter) دا كۆبوونەوە.

---

(٣٦) "Arius ئەڵێ: ئەگەر خوای باوك نەوەكەی هێنابێتە بوون، واتا: ئەوەی كە هێنراوەتە بوون دەبێت سەرەتایەكی بوونی هەبووبێت. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی كە كاتێك هەبووە كوڕ بوونی نەبووە. بەواتایەكی تر، بۆشایی نێوان (مەسیح) و خوا وەكو بۆشایی نێوان خوا و مرۆڤ وایە. ئەمەش زۆر لە ئایینی موسڵمانانەوە نزیك بوو – وەرگێڕ".

## پـــــــۆڵ ، یان پـــــــۆلۆس Paul

له (ئۆرشەلیم – قودس) گەنجێك هەبوو ناوی (سۆڵ – سۆلۆس) (Saul) بوو دەیخویند بۆ ئەوەی ببێتە (مالوم) "مەلای جوولەکە – وەرگێڕ". (سۆلۆس) خەڵکی شاری (تەرسوس) (Tarsus) ی بەهیلینستی کراوی باکووری سوریا بوو. هەر لەوێش ڕۆیشتووەتە قوتابخانەیەکی گریك و فێری کەلتووری گریکی بووە. باوکی بازرگانێکی ئەوەندە دەوڵەمەندبووە توانیویەتی بە هاوڵاتی بوونی ڕۆمی بکڕێت. (سۆلۆس) لە باوەڕکەیدا ، (جوو)، نایاب بووە و داوای لە دەسەڵاتدارانی (ئۆرشەلیم) کردووە، کە ڕێگەی بدەن یارمەتی بژارکردنی فەلەکان بدات لە شارەکەدا. تینویەتی بۆ ئازاردانی فەلەکان (مەسیحییەکان) وایلێکرد، تەنانەت لە بەرد باران کردنی قەشە (ستیڤانوس) (Stephen) دا، کە بەیەکەم شەهیدی فەلەیە، بەشداری کرد. دوواتر ڕۆیشت بۆ (دیمەشق) ، چونکە لەوێش کۆمەڵێکی تری فەلە پێك دەهێنرا. لە ڕێگادا بۆ (دیمەشق) خەوێکی بینی، کاریگەرییەکی وای لە سەر جێهێشت، بۆ چەند ڕۆژێك بە بێهۆشی هێشتییەوە. کاتێك بە ئاگا هات .. قەناعەتی هێنا کە (عیسا) (مەسیح) بووە و دەبێ ئەمیش پەرۆشییەکەی بۆ ووتنەوەی ئینجیلەکەی (عیسا) ئاراستە بکات. پاشان (سۆلۆس) ناوی خۆی گۆڕی بۆ (پۆلۆس) و ڕۆیشت بۆ .. نەك تەنها هەر فەلەسیتن، بەڵکو بۆ هەموو شارەکانی جیهانی گریك بۆ ڕاگەیاندنی مەسیحییەت بە کۆمەڵگە جوولەکە نشینەکان لەو شوێنانەدا. بۆ شارە هیلینیستیەکانی ئاسیای بچووك و دواتر گریك و لە کۆتاییدا بۆ ڕۆم گەشتی کرد. لەو شوێنانەدا دەچووە (کەنیشتەکان)(synagogues) "شوێنی خواپەرستی جووەکانە و وەك کڵێسە وایە ـ وەرگێڕ" و قسەیدەکرد و کۆمەڵەی فەلەی دروست دەکرد. هەرجارەی کە دەگەڕایەوە بۆ سەردانی کۆمەڵەکان دەیبینی کە ئەوانیش چەندین ئەندامی تازەیان لە گریك و غەیرە جوولەکەکانیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشاوە، هەر لە نێوان ئەمانەدا بوو ناوبراو گەورەترین سەرکەوتنی بەدەست هێنا.

(پۆلۆس) نامەیەکی زۆری بۆ کۆمەڵەکانی نووسی و تێیدا بەشێوەیەکی تەکنیکی دوورو درێژ پرسیارەکانی دەربارەی باوەڕی فەلەی ڕوونکردەوە. لەم نامانەدا وانەکانی (عیسا) ی لە شێوەیەکی فەلسەفەییدا ڕوونکردەوە(تەفسیردەکرد). چ کەسێك لە (پۆلۆس) گونجاوتر بوو.. بۆ ئەوەی ئایینێکی جوو لە گریکێکی تۆنترۆڵکراودا، لە ڕووی ڕامیارییەوە

له لایەن ڕۆمەوە، بڵێتەوە؟ لە کاتێکدا کە جوولەکەیەکی خۆبەخش و پەروەردەی هیلینزم و هاوڵاتی ڕۆمی بوو.

ئەو کۆمەڵانەی کە لەلایەن (پۆلۆس)ەوە وەگەڕخران زۆر بەخێرایی گەشەیان کرد و کۆمەڵەی تری فەڵە لە هەموو بەشەکانی تری ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمدا دەرکەوتن. ئایینی فەڵە (مەسیحییەت) لای هەژاران، بەتایبەتی کۆیلەکان زۆر بەهێز لەبەردڵان بوو، لای ئەم خەڵکانە ژیان بێبەها و داهاتوویان بێهیوایی بوو. بۆیە مەسیحییەتیش ئەو مژدانەی کە لە ئایینە ڕۆحانییەکانی تردا درابوو... دەیدا و بگرە زۆر سەربەزیادیشەوە. ئەم ئایینە هاوبەشی هەبوو لەگەڵ ڕێوڕەسمی ئایینی ڕۆمی، (دیونیسیوس) (Dionysus) و (ئیسیز) (Isis) و ئەوانیتر، ئاینەکە پەیوەندی پیرۆزی برایەتی لە نێوان ئەندامەکانیدا هەبوو، بە ڕێوڕەسمی گران و شاراوە پێکەوە گرێ درا بوون، وەکو: (شێوی پیرۆز) (Holy Communion) "بریتی یە لە خواردنی نانێکی بچووك کە قەشە لە شەرابی پیرۆزی هەڵدەکێشێ – وەرگێڕ". هەروەها مژدەی خوایەکی دادپەروەر و خۆشەویست و بەبەزەیی عیبرییەکان و عیسای ڕزگارکەری پێدان کە خودی خۆی خوا بووە، بەڵام وەکو مرۆڤ ئازاری چەشتووە.

# چەوسـاندنـەوەی فـەلـەکان
# Persecutions of the Christians

هەر لە سەرەتاوە فەڵەکان خرانە ژێر نوکی چەوساندنەوەوە، چونکە بەشداری پەرستشی دیاریکراوی ئیمپراتۆری ڕۆمیان نەدەکرد. ئەمەش لە چاوی دەسەڵاتە ئیمپراتۆرییەکەدا خیانەت بوو، وە سزاکەشی مردن بوو. بۆ ماوەیەکی زۆر ژمارەی فەڵەکان کەم بوو، بۆیە دەسەڵات دەیتوان ئەم چەوساندنەوەیە بە جۆشەوە جێبەجێ بکات. تەمەنی کورتی چەوساندنەوەی فەڵەکان لە ژێر دەستی (نیرۆ) (Nero) لە ساڵی (٦٤ ز) دا زۆر پەلی نەکێشا، بەڵام بووە هۆی گیان لە دەستدانی هەردوو قەشە (پترۆس) و (پۆلۆس). تاوەکو سەدەی سێیەم کە ئیمپراتۆریەتی ڕۆم دەستی بە لاوازبوون کرد، هیچ چەوساندنەوەیەکی سەرەکی نابینرێت، بەڵام پاش سەدەی سێیەمی زایینی هەموو چینە کۆمەڵایەتییەکانی ئیمپراتۆرییەتەکە دووچاری شەڕی ناوخۆ و تەنگژەی ڕامیاری و قات و قڕی و پەلامارەکانی جێرمانییەکان و لە کۆتاییشدا تاعوون بوون.ئەم نەهامەتیانەش، بەتایبەتی بۆ هەژاران و کۆیلەکان جەرگ بڕ بوو، وە هەر ئەمانیش کەسی یەکەم بوون لە وەرگرتنی ئەو مژدەی ڕزگاربوونەدا کە ئایینەکە لە ڕۆژی دوواییدا دەیبەخشێ.

لە ماوەی ئەو سەدەیەدا ژمارەی فەڵەکان زۆر بە خێرایی زیادی کرد. سەختی ژیانی ئەو ماوەیە ، بەتایبەتی کەوتە سەر شانی جەنگاوەرانی بەرەی شەڕ. ئەمانیش وەڵامی پرسیارەکانیان لە ئایینی (میترانی – مانگ پەرستی) (Mithraism) دا ، کە وەرگیراوێکی نوێ و بەکاری (ئایینی زەردەشتی) (Zoroastrianism) بوو، دۆزییەوە، بەڵام زۆرێکی تری جەنگاوەران بوون بە فەڵە. لە ماوەی ئەم سەدەیەدا ژمارەیەکی کەم ئیمپراتۆرییەتی سەر ڕاست هەوڵیاندا بە هەموو توانایەکیانەوە بە باشی ئیمپراتۆرییەتەکە بگەڕێننەوە باری پێشووی، بەڵام فەڵەکان پەرستنی ئیمپراتۆرییان قەبووڵ نەکرد و مەزهەبی ڕەتکردنەوەی شەڕ (Pacifism)ی فەڵەکان لەشکری لاواز کرد. لە ئاکامدا مەسیحییەت لە ماوەی سەدەی سێیەمدا لە دوو لاوە دووچاری چەوساندنەوە بوون، بەڵام لە هەردووکیان ڕزگاریان بوو.

سەدەی سێیەم پەرەسەندن و دەقگرتنی ڕێبازی کڵێسەی بەخۆیەوە بینی. سەرۆکایەتی کڵێسە بە وردی بەڕێوەبەرایەتی قەشەکانی بەپێی پلە و پایەیان جیاکردەوە

و تێیدا ئەندامی سەرەکی کۆمەڵەکان بوونبە (یاریدەی قەشە) (شماس) (deacons) (گریکییە واتا: (چاودێری کردن)). سەرۆکی هەر کۆمەڵەیەك بەڕێوەڕەسمی تایبەت لە کڵێسەدا دیاریدەکراو پێی دەووترا: (کاهین) (Priest) کە ووشەیەکی گریکییە واتا: (بەتەمەن – ڕیش سپی) . کۆمەڵەکانی ناوچەکانی چواردەوری شارێکی سەرەکی لە ناوچەی لێپرسراوی (diocese) سەرۆك قەشەیەکدا کۆدەکرانەوە. ئەمانیش بەشێکی هاوتەریبی ڕامیاری بەڕێوەبەرایەتی ڕۆم بوون و کاهینی بەناوبانگترین کڵێسای لێپرسراوی هەر ناوچەیەکی سەرەکی وەکو (bishop) ناسرا کە بەگریکی واتا: ((چاودێر))، دواتر (بیشۆپ)ەکانی پایتەختی هەر هەرێمێکی ڕۆمی نازناوی (قەشەی هەرە گەورە) (archbishop) ی پێ بەخشرا.

لە نزیکەی ساڵی (٢٥٠ ز) دا هەندێ نووسراوی تایبەتی لە ڕێگەی بەکارهێنانیانەوە پیرۆزکران و کۆکرانەوە و لەلایەن کڵێسەوە وەکو (پەیمانی نوێ) (New Testment) پەسەند کرا. ئەویش لە هەر چوار ژیانەکەی (مەسیح) ،کە پێی دەووترێت: (ئینجیل) (gospels)ەکان و مێژووی کڵێسە بەراییەکان کە لەلایەن سانت (لۆقا) وە نووسراوە بەناوی (کردەوەی حەوارییەکان) "ئەو دوانزە کەسەی بەپێی ئینجیل کە عیسا (د.خ) هەڵیبژاردن بۆ بڵاوکردنەوەی فەرمایشتەکانی – وەرگێر" و نامەکانی سانت (پۆلۆس) و ئەوانیتر، پێك هاتووە.

# ئیمپراتۆرییەتی فەلە (مەسیحی)
# The Christian Empire

بە ماوەیکی کەم دوای دەست پێکردنی سەدەی سێیەمی زایینی، شەڕێکی ناوخۆی تر لە نێوان چوار ململانێکەردا بۆ بەدستهێنانی تەختی ئیمپراتۆری هەڵگیرسایەوە. یەکێك لەوانە (قوستەنتین) (Constantine) بوو، کە بە شوێن بەدەست هێنانی پشگیری فەڵەکانەوە بوو، کە ئەوکات لە زیادکردندا بوون. وەهەروەها ڕاشیگەیاند ئەگەر بێت و سەرکەوێت... کۆتایی بە چەوساندنەوەی فەڵەکان دێنێ.. بە پێی نەریتیان، لە ساڵی (٣١٣ ز) دا بەپێی (فەرمانی چاوپۆشی) پاشایی، کە لە (میلان) دەرچوو، بڕیاریدا چیدی فەڵەکان نەچەوسێنرێنرێتەوە.

پاش ساڵی (٣٢٣ ز) کە (قوستانتین) بەسەر ڕکەبەرەکانیدا سەرکەوت و بوو بە تاکە ئیمپراتۆر پشتگیرییەکەی بەشێوەیەکی کرداری ئایینی فەڵەی (مەسیحی)کرد بە ئایینی دەسەڵات. سەدەی چوارەم گۆڕانکاری بنچینەیی بەسەر کڵێسای فەڵەدا هێنا، بە خێرایی لە ئایینێکی چەوسێنراوەوە کە داوای بوونی ژمارەیەکی کەم پلە و پایەی لە ئیمپراتۆرەکەدا دەکرد، بوو بە ئایینی زۆرینەی دانیشتووان. لە کەش و هەوایەکی وادا، دژوار بوو کە بتوانرێت پێوەرێکی تۆکمە لەو پێوەرە سەرەتاییانەوە وەربگیرێت کە لە مێژووی کڵێسە بەراییەکانەوە دانرابوو. ململانێیەکی زۆری بیروباوەڕی ئایینی لە نێوان ئەندامەکان کڵێسادا سەری هەڵدا. لە کاتێکدا فەڵەکان کە چەوساوە بوون .. زۆربەی جار چارەسەری ناوەندییان بۆ جیاوازییەکان هەبوو، بەڵام ئێستا بەهۆی بوونی پشتگیری سەربازییەوە وایانلێهات، کە ڕژتربن لە سەر جیاوازییەکانیان. یەکەمین مشتومڕی سەرەکی ڕاجیاوازی (ئاریانەکان)بوو بەرامبەر زۆرینە. (ئاریوس – ئارياس) (Arius) ، سەرۆکی هەرە گەورەی قەشەکانی (archpriest) ئەسکەندەریە بوو، ڕایگەیاند کە (خوای کوڕ) "مەبەستی حەزرەتی عیسایە- وەرگێڕ" ئەبێ لەلایەن (خوای باوك)ەوە دروستکرابێت و بەم هۆیەشەوە دەبێت خوای کوڕ پلەیەکی نزمتری لە خوای باوك هەبێت. ڕکەبەرەکانی دەیانگووت: ئەگەر (مەسیح) هاوتای خوا نەبووبێ، ئەوا ڕزگارکردنی مرۆڤ (Salvation) "لای مەسیحیەکان مەبەستیان پاراستنی مرۆڤە لە هێزی خراپە – وەرگێڕ" لە ڕێگەی مردنییەوە گونجاو نەبووە. (قوستانتین) پشتگیری فەڵەکانی دەکرد و هیوای وابوو کە مەسیحیەت ببێتە هێزێکی یەکخەر لە ئیمپراتۆرییەکەدا و خۆیشی پێی

خۆش نەبوو کە دووبەرەکی ئایینی لە نێو کڵێسادا ببینێ. ناوبراو داوای لە ئەنجوومەنێکی پێشەوایانی کڵێسا کرد کە چاوپێکەوتنێك لە (ئینزیك) (Nicaea) کە شارێکی بچووکە بەرامبەر (گەروی بۆسفۆر) (Bosporus)، ڕێکبخەن بۆ بڕیاردان لەسەر کێشەکان. زۆرینەی قونسوڵەکان دژیبیروباوەڕەکانی (ئاریۆس)[٣٧] وەستانەوە و بە لە دین دەرچوو دایان لە قەڵەم. دوای ئەمەش کڵێسا قونسوڵێکی زۆری بانگکرد بۆ بڕیاردان لەسەر جیاوازییە ئایینییەکان. بڕیارەکانی قونسوڵەکان بە پێویست دانراو هەرکەسێ سەرپێچی بکرادایە وەکو لە دین وەرگەڕاوێك لەلایەن کۆمەڵگەی فەلەکانەوە شار بەدەر دەکرا.

داگیرکارییەکانی بەربەرییەکان و تێکشکانی ئیمپراتۆرییەتەکە لە (٤٠٠)ەکاندا کاریگەرییەکی ئێجگار زۆری کردەسەر ڕێکخستنی کڵێسە. لە خۆرهەڵاتدا ئیمپراتۆر لە (قوستەنتینۆپڵ)دا وەکو سەرۆکی کڵێسا قەبوولکرا. بەڵام دوای داگیرکاری (ئۆستڕۆگۆتەکان – گۆتەکانی خۆرئاوا) ئیتالیا و خۆرئاوای ئیمپراتۆرییەتەکە، هەرچەندە بەشێوەیەکی تیۆری هێشتا لە سەر ئیمپراتۆرییەتەکە بوون، زۆر لە دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی (قوستەنتیۆپڵ)ەوە دوور کەوتبوونەوە. ئیمپراتۆری خۆرئاوا زۆر لاواز بوو بۆئەوەی بکرێتە سەرۆکی کڵێسا و لە دوای (٤٧٦ ز)ەوە شتێك بەناوی ئیمپراتۆر ناوی نەما. بە پەرش و بڵاوبوونی دەستووری ڕامیاری و کۆمەڵایەتی بەخێرایی ، خەڵکی زیاتر لە هەر کاتێکی دی داوای سەرۆکایەتی کڵێسایان دەکرد. لە خۆرئاوا خەڵکی ڕوویان کردە سەرۆکی قەشەکان (bishop)ی ڕۆم، چونکە لای خەڵکی هێشتا دەسەڵات لە لایەن شارە نەمرەکەوە بەرهەم دەهات. ڕێبازی باڵادەستی سەرۆك قەشە (bishop) ی ڕۆم بە بیردۆزەکەی (پیترایین) (Petrine) پشتگیری لێکرا کە دەڵێ: (مەسیح) سانت (پیترۆ) (peter) ی وەکو سەرۆکی کڵێسەکەی دیاریکردووە. (پیترۆس) یش یەکەم سەرۆك قەشەی ڕۆم بووە و بۆیە سەرۆك قەشەکان دوواتری ڕۆم جێنشینی (پیترۆس) ن .

---

( ٣٧ ) "هیچ یەکێك لە نووسینەکانی (ئاریۆس) نەماوە، چونکە ئیمپراتۆر کاتێك خۆی مابوو، بڕیاری سوتاندنی بەرهەمەکانی دا و ئەوەشی لە نووسینەکانی کە مایەوە دواتر لەلایەن ڕکەبەرەکانیەوە لەناوبرا. بەڵام ئەوەی لەسەری ماوەتەوە لە ڕێگەی نووسراوەکانی پیاوانی کڵێساوە پارێزراوە کاتێك لە نووسینەکانیاندا وەکو کوفرێك پیشانیان داوە– وەرگێڕ".

# لیــكۆڵینــەوەی زانستـــــــــی و سۆفیـــــــگەری
# Scholarship and Mysticism

لـەماوەی سـەرەتاكانی (٤٠٠ ز) ەكانـدا، كاتێـك جیهـانی ڕۆمـی هـەموو ڕێكخسـتنە ڕووكەشیەكانی لەدەستدا، بەشوێن سۆفیگەریدا خوێندنی زانستی ڕۆشتە ناو كڵێساوە. دوو كەسـی شـارەزا بەتایبـەت، سـانت (جێـروم) (Jerom) (٣٤٠-٤١٩ ز) و سـانت (ئۆگەسـتین) (Augustine) (٣٥٤-٤٣٠ ز) ، كۆڵەكەی بنچینەیی فكرییان دانا كە دوواتر كڵێسا توانی بە درێـژایی سـەدەكان ناوەڕاسـت "هەنـدێ جاریش بـە سـەدە تاریكـەكانیش نـاو دەبـرێن – وەرگێـڕ" لـە سـەری ئـۆقرە بگرێـت. سـانت (جێـروم) ماجستێری زمانـەوانی بـوو. مـاوەی بیسـت سالْ بـە خۆرهەڵاتـدا گـەڕا و بـاوەڕپێكراوترینی نووسـراوە عیـبری و یۆنانییـەكانی (پـەیمانی كـۆن و نـوێ) (Old and New Testamem) ی كـۆ كـردەوە. لـەم نووسراوانەشەوە چاپێكی ئینجیلی لاتینی ڕێكخست بە (ڤولگاتا) (Vulgate) دەناسرێت. ئینجیلەكـەی سـانت (جێـرۆم) كـارێكی زۆر مـەزن نـەبوو... تـەنها لـە بـەر ئـەوەی لەبـەر دەستیدایە بۆ هەر كەسێك كە خوێندەواری هەبێ، بەڵكو شێوازە لاتینییـە بڵاوكراوەكـەی، هـەروەكو شێوازەكەی (شـا جـەیمز) (King James) چـۆن كـاری كـردە سـەر نووسـینی ئینگلیزی سەدەكانی هەژدەیەم و نۆزدەیەم، ئەمیش كاریگەری خستەسەر هـەموو ئـەدەبی سەدەكانی ناوەڕاست.

سـانت (ئۆگەسـتین) بــە تەفسـیركردنی وانــەكان مەسـیحییەت بەشـێوەیەكی فەلسەفیانە، لە سەر كارەكەی سانت (پۆلۆس) بەردەوام بوو. ناوبراو لە ئـەفریقیای ڕۆمـی لـە دایـك بووبـوو، وە لەسـەر فەلسـەفەی گریكـی ڕاهێنرابـوو. شـوێنكەوتووی (نـوێ – ئەفلاتۆنیزم) (Neo- Platonism) بوو كە ڕێبازێكی فەلسەفی هاوچەرخی وەرگیراوی ، بەشـێویەكی گشـتی، وانـەكانی (ئـەفلاتۆن) و بـە مەودایـەكی كـەمتر (ئەرسـتۆ) بـوو. دووفاقێتی (Dualism)ی (ئەفلاتۆن) و (زەردەشت) لە كتێبی (شاری خوا) (The City Of God) ی سـانت (ئۆگەسـتین) دا، كـە لـە دوای تـاڵانكردنی ڕۆم لـە لایـەن (فیزگۆتەكان)ەوە لە ساڵی (٤١٠ ز) دا نووسراوە، هـەردوو بەڵگـەی ئەمـەن. نـاوبراو ڕوونـی كردەوە كە دوو جیهان هەیە. شاری مـرۆڤ كـە جیهـانێكی فیزیكە و لەسـەر خۆشەویسـتی مـرۆڤ بـۆ خـۆی بنچینـەی گرتـووە و ئـەم جیهانـە لـە ناودەچێت و زوو بەسـەر دەچێت،

ئـەویتریش شـاری خوایـە.. جیهـانێکی ڕۆحـی و نەمرییـە و لـە سـەر خۆشەویسـتی خـوا بنیادنراوە و دەتوانرێت تەنها بە لایەنی ڕۆحی بە دەست بهێنرێت.

هەرکە ئەم تەفسیرە دووفاقییـە بـۆ پەیامەکـەی (مەسـیح) زیـاتر و زیـاتر لـەنێو فەڵەکانـدا تەشـەنەی دەکـرد، زۆرێـك پێیـان وابـوو: بەدەسـت هێنـانی جیهـانی ڕۆحـی ناتوانرێـت بـە دەسـت بهێنرێـت، لـە کاتێکـدا ئێمـە بـە جیهـانی جەسـتەوە تێـوە گلاویـن. هەندێك ڕزگار بوو (Salvation) نیان لە گۆشەگیریدا دەدۆزییەوە، ئەم گۆشە گیرییەش وەکـو ڕەبـەن ژیـان بـوو لـە ئەشـکەوت، یـان بیابانەکانـدا. هەنـدێکیش هـەوڵیان ئـەدا بـە ئـازاردانی خۆیـان.. تاوانـەکانیان پـاك بکەنـەوە. "فیلمـی کۆدەکـانی داڤنشـی ، کـە لـە ڕۆمانەکەی (دان براون)ەوە وەرگیراوە، باس لـەم بابەتـە دەکـات – وەرگێـڕ" . لـە نزیکـەی سـاڵی (٣٢٥ ز) دا فەڵەیـەکی میسـری بـەناوی سـانت (پـاخۆمیوس) (St.Pachomius)، پەرسـتگەیەکی سـۆفیانەی دامەزرانـد کـە لـە کۆمەڵگەیـەکی بچـووك پێکهـاتبوو. لێـرەدا دینـدارەکان ژیـانێکی سادەی کـارکردن و تێفکرینـی دوور لـە کێشـە و فریوەکـانی جیهـانی دنیـایی دەژیـان. کاتێـك کۆمـەڵگا تووشـی شـەڕو ململانـێ ناوخۆییـەکان و جموجـوڵی بەربەرییەکان بوو، سۆفیگەرایی ڕێگای خۆقووتارکردنی، نەك هـەر لـە فریودانـەکانی ئـەم جیهانـــە، بـــەڵکو هـــەروەها لـــە تـــرس و تـــۆقین خســـتە بـــەر دەســـت. دووای دارِمـــانی ئیمپراتۆرییەتی خۆرئاوا ، دێرەکان تەنها پەنای ڕۆحە چاکترەکانی ئـەدا. لـە مـاوەی سـاڵە پـــڕ شـــەڕو شـــۆڕەکانی ســـەرەتای ســـەدەکانی ناوەڕاســـتدا ئـــەم دێرانـــە وەکـــو فۆزاخـــە خزمـەتیانکرد. لێـرە فەلسـەفە و توێژینـەوەی زانسـتی پـارێزرا و لەوێشـەوە لـە بـەهاری دوواتردا لە شێوەیەکی گۆڕوودا دەرکەتنەوە.

# ئەو سەرچاوانەی سوودم لێوەرگرتوون :


### ⋆ کوردییەکان :

١- جیهانی سۆفیا (وێستان گاردر) .وەرگێرانی (حسێن خەلیقی)_

٢- مێژووی ئەدەبی کوردی (عەلائەدین سوجادی) - ١٩٥٢ ز .

٣- ژیانی پێغەمەران (مەلا محەممەدی شەلْماشی)_ .

٤- مێژووی ئایینەکان - (د. کەیوان ئازاد ئەنوەر) - بەرگی یەکەم - ٢٠٠٩ ز .

٥- ئینجیلی پیرۆز - وەرگێڕدراوی کوردی (چاپی دووەم) - ١٩٨٨ ز .

٦- مێژووی شارستانییەکان - پۆلی چوارەمی وێژەیی - (د. قادر محەممەد پشتدەری) و ئەوانی تر _ .

٧- پەیدا بوون (یەکەمین پەرتووکی پیرۆز) - کۆمەڵەی دەولی کتێبی پیرۆز.

### ⋆ ئینگلیزییەکان :-

1- Interpretation of The meaning of The Noble Qurʾan - Dr. Muhammad Muhsin and Al- Hilali - 1996.

2- Holy Bible - King James – 1980.

3- A short history of literary criticism - Varnon Hall - 1963.

### ⋆ فەرهەنگە کوردییەکان :-

١- ئازادی (د. حەمە ڕەشید قەرەداغی) چاپی یەکەم - ٢٠٠٦ .

٢- ئۆکسفۆرد (سەلام ناوخۆش) چاپی چوارەم - ٢٠٠٤ .

٣- فەرهەنگی شانۆ (یاسین قادر بەرزنجی ) بەرگی یەکەم / چاپی یەکەم - ٢٠٠٨ .

٤- هەنبانە بۆرینە (مام هەژاری موکریانی) چاپی پێنجەم - ٢٠٠٦ .

٥- فەرهەنگی خاڵ (شێخ محەممەدی خاڵ) چاپی دووەم - ٢٠٠٥ .

### ⋆ فەرهەنگە ئینگلیزییەکان :-

1- Oxford Advanced Leaner' s Dictionary - A.S. Horinby - sixth edition - 2004.
2- A Dictionary of Idioms - Martin H.Manserfirst edition - 1983.

★ هەندێ لە فەرهەنگە ئەلیکترۆنییەکان لەوانە:- (Unidic - Msdict - issadiction ... هتد) .

★ سەرچاوەی عەرەبی :- تەنها (قورئانی پیرۆز) .

★ سایتەکان :-

١- بەتایبەتی سایتی (Wikipedia.org) ، بە هەرچوار زمانەکانی (ئینگلیزی - فارسی - کوردی - عەرەبی) .

★ لەگەڵ چەند سەرچاوەیەکی بینراوی میدیاکان وەك: (دراما و فیلم و بەرنامەکان) .